**هەرێمی کوردستانی عێراق**

ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست :


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەقدە ........ ل٥٢١

و- المخابرات المتعلقة بمعاملات الاحوال المدنية.

ز- المخابرات المتعلقة بالاعمال القنصلية.

المادة الثانية: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەوە دەقی پرۆژەكە بوو

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاساو لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەكان دەكرێت.

فەرموون برگەی سێیەم خوێندنەوەی یەكەم پرۆژەی یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣یە.

ئەمەش دەقی پرۆژەكەیە:

مشروع قانون التعديل الثاني لقانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق

رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى:

تعدل الفقرة (١) من المادة الثانية وتكون كالاتي:

١- لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.

المادة الثانية:

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالآتي:

٦- ان لا يتعارض منهاجه و نظامه الداخلي مع النظام العام.

المادة الثالثة: تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالآتي:

أ- تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن (٥٠) عضواً ولا يقل عمر العضو عن (٢٥) سنة و مواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن (٥٠٠) مواطناً و لا يقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة و ان لا يكون العضو المؤازر محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية او ارتكبها في كوردستان ومتمتعا بالاهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ب ـ تضاف الفقرة (٣) الى المادة السادسة ويصبح الفقرة الثالثة منها :
٣ـ يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي و النشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الاعضاء والمؤازرين.
ج ـ تضاف (وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.
المادة الرابعة :
تعدل الفقرة (٢) والفقرة (٤) من المادة السابعة وتكون كالآتي :
٢ـ عند عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية اعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) اعلاه لاكمال النواقص.
٤ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة من الفقرة (٣) اعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي ما يعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة اعلاه يعتبر الطلب موافقا عليه بحكم القانون.
المادة الخامسة :
تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي :
على الحزب اعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي او منهاجه خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر ان التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه او يسيء الى الحالة الاجتماعية في الاقليم.
المادة السادسة : تعدل الفقرة (١) والفقرة (٦) من المادة الثالثة عشرة وتكون كالآتي :
١ـ امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق اهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة او احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حادى عن المفهوم الوطني او عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.
٦ـ قبول اموال عينية او نقدية من اية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.
المادة السابعة : تعدل الفقرة (١) وتضاف الفقرة (٢) والفقرة (٣) الى المادة الرابعة عشرة وكالآتي :
١ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني الكوردستاني.
٢ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.
٣ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج او ينوي جلبها من الخارج او قبول تحويلها.
المادة الثامنة : تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالآتي :
للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك.

المادة التاسعة: تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالآتي:
١- يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناءً على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون او مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي او انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.
المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس. ئەم پڕۆژەیەش ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاساو لیژنەی کاروباری ناوخۆ دەکەین.
فەرموون پڕۆژەکەی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پڕۆژەی کەم ئەندام بووەکانی پێشمەرگە.
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

قرار
استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير البيشمه ركه ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠
قانون تقاعد معوقي البيشمه ركه

المادة الآولى:
يحال على التقاعد البيشمه ركه المصاب بعوق بدني في الحالات التالية:

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٠

سالّی/٢٠٠٢ ــ بەرگی سێ

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک ــ دووشەممە ٢٠٠٢/٣/٢٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ــ سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٦ ل١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ــ چوار شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٧ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ــ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٣ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ــ پێنج شەممە ٢٠٠٢/٤/٤ ل٨٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ــ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/٩ ل ١٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ــ چوار شەممە ٢٠٠٢/٤/١٠ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ــ یەک شەممە ٢٠٠٢/٤/١٤ ل١٨٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ــ دوو شەممە ٢٠٠٢/٤/١٥ ل٢٢٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ــ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/١٦ ل٢٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ــ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٢ ل٣٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ــ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٤ ل٣٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ــ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٩ ل٤١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ــ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ــ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٧ ل٥٢٠

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا،ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ هەموو یاساکە وەرگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کاک فەرسەت دەڵێ چارەگێک یان نیو سەعات پشوو دەدەین، دوای ئەوە دەست بە یاسای حزبەکان دەکەین.

بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان:

هەموار کردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، تکایە جارێکی تر پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

إستنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانوني الاتي:

المادة الاولى:

تعدل الفقرة (١) من المادة الثالثة وتكون كالاتي:

١ ـ لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.

المادة الثانية:

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالاتي:

٦ ـ ان لا يتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

المادة الثالثة:

أ ـ تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالاتي :

١ ـ تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن (٥٠) عضوا ولا يقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن (٥٠٠) مواطن ولا يقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وان لا يكون العضو أو المؤازر محكوما عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القميعة أو ارتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالاهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ب ـ تضاف الفقرة (٣) الي المادة السادسة وتصبح الفقرة الثالثة منها:

٣ ـ يجب ان يلاحظ على هيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الاعضاء والمؤازرين.

ج ـ تضاف (وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (٢) والفقرة (٤) من المادة السابعة وتكون كالاتي:

٢ ـ عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) اعلاه لاكمال النواقص.

٤ ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (٣) اعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي ما يعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

المادة الخامسة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالاتي:

على الحزب اعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوما من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر ان التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الحالة الاجتماعية في الاقليم.

المادة السادسة:

تعدل الفقرة (١) والفقرة (٦) من المادة الثالثة عشرة وتكون كالاتي:

١ ـ امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق اهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حادعن المفهوم الوطني أو عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.

٦ ـ قبول اموال عينية أو نقدية من اية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.

المادة السابعة:

تعدل الفقرة (١) وتضاف الفقرة (٢) والفقرة (٣) الى المادة الرابعة عشرة وكالاتي:

١ - توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٢ - يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ - تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق أحكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك.

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ - يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من أحكام هذا القانون أو مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بكرێت تێبینیەكانی لیژنەی یاسا ماددە بە ماددە بێت، لەسەر هەر ماددەیەك رای خۆمان بدەین بۆ برادەران، چونكە دووبارە دەبێتەوە هەمان شت، پێمان وا باشترە ئەگەر بەڕێزتان رازی بن لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ماددە بە ماددە گفتوگۆی لەسەر دەكەین، بەس تەسەور دەكەم ئەگەر رای خۆتان بخوێننەوە باشتر بێت بۆ ئەندامەكان خراپ نیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

٢ ـ المادة الثانية/ اضافة كلمة (والاداب) الى نهاية الفقرة السادسة المقترح استحداثها في المشروع.

٥ ـ المادة الخامسة/ اضافة العبارة الاتية الى نهاية التعديل المقترح على المادة الحادية عشرة وكالاتي ( وللحزب الطعن في قرار مجلس الوزراء لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق ويكون قرار المحكمة باتاً).

٧ ـ المادة السابعة: نقترح ان تكون تعديل المادة الرابعة عشرة من القانون على الشكل الاتي تعدل المادة الرابعة عشرة لتكون كالاتي:

١ ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للأحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

٢ ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان العراق وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

٨ ـ المادة الثامنة/ اضافة عبارة (خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً من تاريخ صدور قرار الحل الى نهاية المادة السادسة عشرة المقترح تعديلها).

بەنیسبەت ماددە حەڤدە (سابعاً) کە گوتمان سێ شکل، چونکە ماددەی حەوتەم بە خۆی هیچ برگەی نیە، لێرە تەعدیلەکە وا هاتووە دەڵێ سێ برگەی لێ بکرێت، ئێمە دەڵێین هەر ماددەکە بەخۆی ( تعدل) بۆ سێ برگەکەمان هێناوەتە خوارێ، بەس صیغەکە وا نیە بڵێین لە تەعدیلەکە باش نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی بۆ نموونە ئەڤ ماددە داهاتن (مجلس الوزراء) ببێتە ( رئاسة مجلس الوزراء)، وەختێ ماددە شەشی دەژی هاتی ( أو عادى توجهات المجلس الوطني لكوردستان العراق أو لم يلتزم بقوانينه و قراراته) ئەڤە ئیزافە ببێت و، ماددە حەفتێ فەقەرە سێ هاتیە

(الرقابة المالية) ببێته (لتدقيق ديوان الرقابة المالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای خۆتان بخوێنەوە کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر نووسراوێ مە ئاراستەی جەنابت نەکرن، چونکە فەقەراتی مە گەلەک هەین، یەعنی شتەکە ئاسایییە و، (الرقابة المالية) ببێتە (ديوان الرقابة المالية)، بەس ما تێبینی لەسەر بنووسین و، بەس تەخویل کرن هەر مادده بە مادده بخوینن و، وشەی (مجلس الوزراء) ببێتە (رئاسة مجلس الوزراء) زۆر مەسائیلی دارایی تێدا نەبوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل نوسراوێکی رەسمیتان بۆ ریئاسەت نووسیووە، تکایە ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی ئەنجومەن.**

نووکە دەخوێنم نووسراوەکە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان - اربيل

اللجنة المالية والشؤون الاقتصادية

رقم: ج ١٩

تاريخ: ٢٠٠٠/٩/١٢

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قانون التعديل الثاني لقانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا لدراسة ومناقشة المشروع المذكور اعلاه حيث توصي اللجنة اضافة (ويؤمن بالديمقراطية للعراق والفيدرالية لاقليم كوردستان العراق في منهاجه ونظامه الداخلي) الى نهاية الفقرة (٦) من المادة الثانية من المشروع.

**مع فائق التقدير**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ.**

فەقەراتیش ئەڤرەو دیراسەت کرن هەر وەسا بۆ جەنابی وا بخوێنم، تێبینی بەسیتم نووسیتم

پێویست نەدیت بوو، راپۆرتەکە بنووسم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە رای رەسمی لیژنەیە کە خوێندتەوە، رای شەخسیش هەر شتێکت هەیە قەبوڵە بۆ ئەوەی تەرحی بکەیت، هیچ لاریمان نیە، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی لیژنەی ناوخۆتان بۆ دەخوێنمەوە:

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ب/ رای لیژنە

لیژنەکەمان لە رۆژی ٤/٥/٢٠٠٢ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ دیراسەت کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣و، دوای گفتوگۆ کردنی پرۆژەکە بەشێوەیەکی تەفسیلی، لیژنەکەمان بە تێکڕای دەنگ پەسندی پرۆژەکە دەکات و داواکارین کە پرۆژەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز بۆ گفتوگۆ کردنی و بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ رێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە؟، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکەین، هیچ تێبینی هەیە؟، تێبینی نیە، کەواتە مادده بە مادده بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تعدل الفقرة (١) من المادة الثانية وتكون كالاتي:

١ ـ لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من تەنیا لەسەر واوی ساکینیە، ئەگەر واوەکە نەمێنێ، ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی

بمێنێتەوە باشترە و رەوانترە و رێک ترە، چونکە سکونەکە لەگەڵ مواتینەکە جیاوازیەکیان هەیە، نازانم مەبەست لەوەیە کە ئەو واوە بمێنێت (ساکنین) لەگەڵ (مواطنین) جیاواز بێت، ئەوە روونکردنەوەیەکی دەوێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من وابزانم حەقی تەئسیسی حزبەکان و بەشداری بوون لە تەئسیسدا تەنیا بۆ هاوولاتی نیە، یەعنی بەشێوەیەکی دائیمی، لێرە نیشتەجێن حەقی ئەوەیان هەیە کە بەشداری بکەن لە تەئسیسی حزب، من تەسەور دەکەم وا هاتبێتەوە، لە دوایێ وەلامیشی بدەنەوە، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تەعقیبم هەبوو، تەبعەن پێشتر هاتووە (الساکنین) مانای ئەوەیە بۆ هەر هاولاتییەک نەک کە لێرە نیشتەجێیە، یەعنی هەمان شەخس (مواطن)یشە و (ساکن)یشە، کە بوو بە (الساکنین بصورة دائمیة) لێرە مەبەستیان رەنگە ئەو کەسانەی کە عێراقین لە کوردستان دەژین، شەرت نیە بیزەبت، یەعنی ئەگەر (أو الساکنین فیه بصورة دائمیة) بێت، مانای فەرقێک دەداتە نێوان (مواطنین)ی کوردستان، ئەوانەی لێرە دەژین و، ئەو کەسانەی عێراقین یان غەیری عێراقی، بۆ نموونە کوردی شوێنێکی ترە، بەس نیشتەجێیە لە کوردستان، بەس ئەو (ساکنین)ە ماوەی چەندە، یەعنی تازە هاتبێت ئعتیبارە بە نیشتەجێ، یەعنی باشتر نیە ماوەیەکی زەمنی بۆ ساکین دانرابووایە، کێ ئەوە تەحدید دەکات، رەنگە پێش سێ مانگە هاتبێت و، ساکینی کوردستانە و، ئیعتیبار دەبێت عەجەبەن وازیح تر بوایە باشتر نیە، بۆ نموونە ماوەیەکی زەمنی (١٠) ساڵ دانرا بایە کە ئەو کەسە ساکینە لە کوردستان، مەبەستی من لێرە ئەوەیە تەوزیحی کەمە، واتا ماددەکە زۆر وازیح نیە، بۆ یاسا ئەم وشانە کیفایەت نیە، پێویستی بە زیاتر تەوزیح هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. نیاز میران فەرموو.

**بەڕێز د. نیاز جمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو (والساکنین) دوو مانای دەدات یان (مواطن) یان غەیری (مواطن)، پێم باشە بکرێتە (من الساکنین)، ئەگەر مەخسەدمان (مواطن) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر مەخسەدمان (مواطن) نەبێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو ماددەیەم، بەس زۆر بۆ من روون نیە، ئەگەر مەقسود ئەوەیە ئەو حزبە عێراقیانەی کە لێرە نیشتەجێن و ئیعتیراف ناکەن کوردستانین، بۆ ئەوانە دەبێت مەسەلەکە روونتر بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هاتووە (والساکنین فیە بصورة دائمیة) ئەمە مەقسود ئەوەیە ئەو حزبانەی کە عێراقین یان ئیدیعا دەکەن کە عێراقین و، ئیجازەش وەرناگرن، لەبەر ئەوە ئەم حزبانەش چۆن لە وەختی خۆی ئێمە یاسایەکمان دەرکرد، بەنیسبەت (ئینجۆیەکانی ئەهیلمان)، بەڕای من دەبێت حزبەکان تەکەیوف بکەن لەگەڵ ئەو واقیعە لە ماوەیەکی زەمەنی موعەیەن بڵێین سێ مانگ یان شەش مانگ، بۆ ئەوەی هەر حزبێک لێرە موجاز نەبێت حەقی نەشاتی حزبی و سیاسی نەبێت، یان فەقەرەی دووەمی بۆ زیاد بکرێ زۆر بە روونی ئەو حزبانەی کە عێراقین یان ئیدیعا دەکەن کە عێراقین دەبێت موافەقەی نەشاتی سیاسی و حزبیان لە کوردستان بە ئیجازە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی فەقەرەی یەکەم لە ماددەکە دەڵێت ( لکل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق الساكنين فيه ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب)، ئەم فەقەرەیە تەعدیل کراوە بۆ ( لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية) یەعنی ( أو الساكنين فيه بصورة دائمية) یەعنی هەردوو لا دەگرێتەوە، چونکە تەعدیلەکە تەنیا ئەو واوەیە، ئینجا ئەگەر دەتانەوێ تەوزیح بکرێت لوغەویەن زیاتر هەوڵ بدەن زیاتر تەوزیح بکرێت، واو و دائمی زیاد کراوە، یەعنی هەردوولا بگرێتەوە، تەبیعی من تەسەور دەکەم خەڵکێک بێت کە بیانەوێ لەو حزبانە ئیش بکەن و، لێرە ئیش دەکەن بە دائیمی ماڵ و منداڵیان لێرە دەژین، بەس خۆی بە هاووڵاتی هەرێم نازانێ، خۆی بە موقیم لە هەرێم دەزانێ لە ئینتیخابات بەشدار نابێت، بەس مومکینە خۆی بە خەڵکی وەسەت و جنوبی عێراق دەزانێ، هاووڵاتییەکی عێراقیە لێرە دەژی، یان کوردێکە لە ئێرانەوە هاتووە لێرە ئیش دەکات یان لە تورکیاوە هاتووە لێرە دەژی، هاووڵاتی هەرێم نیە، بەس لێرە بە دائیمی دەژی، ماڵ و منداڵی لێرەیە، ئیش و کاسیبی لێرەیە، دەیەوێ بەشداری بکات لە تەئسیسی حزبدا خۆ ڕێگای لێ ناگیرێت، ئەوەیە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر موافیقم لەسەر ماددەکە، یەعنی واوەکە کافییە بەنیسبەت منەوە، بەس من دەڵێم بۆ زیاتر تەوزیح، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک حەقی نەبێت لە کوردستاندا بە کەیفی خۆی بڕوات حزب تەشکیل بکات و، لەبەر دەم چاوی پەرلەمان و حکومەتی ئێمە. لەبەر ئەوە من زۆر لەگەڵ ئەوەم ئەو مادده ژمارە (١)ە زۆر وازیحە، ڕەقەمی دووەم بۆ ئەو حزبانەی کە ئیجازەیان وەرنەگرتووە، دەبێت زۆر روون بێت ئەو قەزیەیە، بۆ ئەوەی کەس تەفسیری نەکات بە هەڵە و بە کەیفی خۆی بڵێ وەڵڵا من هاووڵاتی عێراقیم، لەبەر ئەوە ئیجازە وەرناگرم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو برادەران فەرموویان و بەڕێزتان باستان کرد، خۆی ئەو واوە لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە (لمواطني كوردستان والساكنين فيه بصورة دائمية) یەعنی دوو جیهەت، ئەوی هاووڵاتی ئیقلیمە و ئەوی نیشتەجێیە بەشێوەیەکی دائیمی، حەقی تەئسیسی حزبی هەیە و، ئەوەی بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی بە حەقیقەت حاجەت بە نص ناکات، چونکە هەر حزبێک لە کوردستان بێت مەفروزە خازعی ئەو یاسایە بێت، چونکە یاسای حزبەکانە، یەعنی هەر حزبێک ئیش بکات لە کوردستان دەبێت خازعی ئەو یاسایە بێت و، سوڵتاتی تەنفیزی حەقی خۆیەتی هەر حزبێک موجاز نەبێت و نەشاتی هەبێت بەپێی ئەو یاسایە موجاز نەبێت، حەقی خۆیەتی حەزری لە نەشاتی بکات و لێ نەگەڕێ نەشاتی هەبێت و، مەقریشی دابخرێت و، لێ نەگەڕێ میلیشیاتی هەبێت، هەر لێ نەگەڕێ کەس هاتوچۆی مەقەرەکەی بکات، چونکە ئەو یاسایە بۆ حزبەکانە، پێویست نیە بڵێین هەر حزبێک تەکەییوف بکات لەگەڵ ئەو یاسایە، ( قانون الاحزاب في اقليم كوردستان العراق)، هەر حزبێک خازعی ئەو یاسایەیە، لەبەر ئەوەی بەڕای ئێمە پێویست نیە خۆی تەکییف بکات، ئەگەر خۆی تەکییف بکات، مانای ئەوەیە ئێمە شەرعیەت دەدەینە ناشەرعیەتەکەی خۆی تەکییف بکات، خۆی ئەسڵەن ئەگەر ئەو هەبێت ناشەرعیە مادام لە یاسای حزبەکان دەرچووە و موجاز نیە، لە ساڵی ( ١٩٩٣ )ەوە دەرچووە، مەفروزە لە ئێستاوە ئیجازەی خۆی وەرگرتبووایە، وجودی ناشەرعیە، لەبەر ئەوەی پێی ناڵێین خۆی تەکییف بکات، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دانیشتووە، دەبێت ئەو مەقەرەی دابخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە موناقەشەی ئەوە ناکەین، ئەو حزبە مەقەرەکەی دابخەین یان دای نەخەین، ئێمە موناقەشەی تەعدیلی یاسای حزبەکان دەکەین، یاساش کە دەردەچێت بۆ حالاتی عام دەردەچێت، بۆ حالاتی موخالەفە و شاز دەرناچێت، یەعنی بۆ خسوسی دەرناچێت، بۆ عام دەردەچێت، بەڕێز وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم ئەم یاسایە، یاسای حزبەکانی ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٢، ١٩٩٣)، یەعنی یاسای دامەزراندن و کارکردنی ئەو حزبانەیە کە لە کوردستانن، کوردستانین، بەڵام ئەو حزبانەی بڵێین عێراقی بن، یان بۆ نموونە بەشەکانی تری کوردستان بن یان دەرەوەی کوردستان بن، بیانەوێ لێرە وەکو حزبێک لە مەقەرێک کار بکەن، ڕەنگە ئەوە شتێکی تر بێت، شمولی ئێمە ناکات، ئەمە یاسای دامەزراندن و کارکردنی حزبەکانی کوردستانین، لە کوردستاندا دروست دەبن و لە کوردستاندا کار دەکەن، بەڵام حزبێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، ئیتر ئایا عێراقی بێت یان بەشەکانی تری کوردستان بێت بیەوێ لێرە نەشاتێکی حزبی بە مەقەرێک بێت یان بە شتێک بێت، ئەوە یاسایەکی تری لازم دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر حزبێک بیەوێ لە کوردستانی عێراقدا ئیش بکات، حزبەکە عێراقی بێت یان هەر شتێکی تر بێت، پێویستی بە ئیجازە هەیە، دەتوانی بڵێ من کوردستانی نیم، بۆ نموونە من حزبی شیوعی عێراقیم، بەس کە لە کوردستاندا ئیش بکات، پێویستی بە ئیجازە هەیە، بۆ ئەوەی مەقەر بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەشاتی هەبێت، نەشاتەکەی یاسایی بێت، دەبێت ئێمە تەنزیمی ئەوەش بکەین.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە، بەس من لێرە وای لێ تێدەگەم شمولی ئەو حزبانە دەکات کە بۆ کار کردن یان بۆ دامەزراندن یان بۆ کارکردنی کوردستانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە زیاتر بۆ ئەوەیە، تەنزیمی ئەوەش دەکات، لە هەمان کاتیشدا فەقەرەی یەکەم کە دەڵێ (المشاركة في تأسيس الاحزاب)، نەی کردووە بە حزبەکانی کوردستانی، ئەویش عامە، دەتوانێت لە حزبێکی عێراقی بەشدار بێت و بەشداری بکات لە حزبێکی تەئسیسی عێراقی، بەڕێز د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئەگەر سەرنجی مادده سێ بدەین لەو تەعدیلەی کە هەیە، زیاتر فعلەن باسی ئەوە دەکات کە ئەمە بۆ حزبەکانی کوردستانیە، یەعنی لێرە ئەوە دەردەخات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوەی لێرە هاتووە، هەر (الساكنين) بێت، واتا واوەکەی لازم نیە، من وا تەسەور دەکەم، مادام بۆ حزبەکانی کوردستانی بێت، مانای ئەوەیە (الساكنين فيه)(والساكنين) پێویست ناکات، من وا تەسەور دەکەم، ئەو واوە لێرە زیادە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

تەسەورەکەت تەواو نیە، خۆی تەعدیلەکە بۆ ئەو تەسەورەی تازە ترە، هەر تەعدیلە بۆ ئەوەیە، جا تەعدیلیان بۆ دەکرد، بەڕێز کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــمــــائـیـل ننـو بنیــــامین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

حقيقةً في القانون هذا يجب ان نراعي الواقع الي نعيشها اليوم، هذا القانون ينطبق اكثر على الاحزاب الكوردستانية، على اعتبار ان نحن نعيش في مرحلة انتقالية، لازالت هناك امور لم تحسم بعد في الوطن ككل ولازالت الصيغة القانونية النهائية لكوردستان لم تحسم ايضاً، تقريبا تلقائياً هذا القانون بشكل ماهو الفقرات الموجودة فيه، ما ممكن أن نطبقها على الاحزاب العراقية، قد يجوز بعض الاحزاب ممكن أو بعض الاخرى ما يمكن، مثلا هناك احزاب لها مكاتب وتنشط ايضا في كوردستان العراق، ولكن مثلا هل يمكن ان تخضع للنظام المحاسبي أو رقابة المالية لمكتب أو مكتبين كحزب لكوردستان؟ هل يمكن ان يخضع للنظام الحسابي أو المراقبة الحسابية لكوردستان وهو عنده تنظيمات داخلية وعنده تنظيمات تشتغل خارج العراق عنده فلوس في كل العالم مثلا، يعني هذا كنموذج، فيجب ان نراعي هذا الموضوع، انه نسوى موازنة بين واقع اليوم وبين لمن يحسم الامر نهائيا وتحسم موضوع العلاقة بين المركز وكوردستان العراق بالصيغة الدستورية، عندها اعتقد نقدر نثبت بنود اخرى في داخل هذا القانون، ويجب ان نكون مرنين في بعض البنود في هذا القانون حاليا في هذه المرحلة، ولذلك انا اعتبر تبقى كما قال الاخوان (والساكنين) وليس (أو الساكنين) وشكرا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

تەعقیبی تر هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، وەسائیلی ڕەقابەی دارایی کە کاک شەمائیل ئیشارەتی پێدا، مەسائیلی ڕەقابەی دارایی ئێمە لە هەر وڵاتێکی دیموکراتی، بەتایبەتی لە دەرەوە وەزعێکی موستەقیرە، هەر کەسێ مەکتەبی بکاتەوە، هەر کەسێ ئیشێک بکات سیاسەت بێت یان تیجارەت بێت یان هەر شتێک بێت خازعە بۆ ڕەقابەی دارایی، مەفروزە ئەو بەشەی کە پەیوەندی

به ئیـشـی ناو ئەو وڵاتەوە هەیە، دەبێت خـازع بێت، بەپێی یاسـای رەقـابەی دارایی، دەبێت خروقاتی دارایی نەکات، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە و زۆر ئاساییە، هەموو حزبەکانیش دەبێت بەرامبەر بەو یاسایە یەک بن، هەموو موئەسەسات هەموو حزبەکان، هەر کە حیسابی رەقابەی داراییمان دەرکردووە، مەفروزە دیوانی رەقابەی دارایی موراقەبەی هەرچی دەزگاکان هەیە بکات، لە گەورەیەوە تا بچووک و، هەموو موئەسەساتی تر چ صناعی بێت چ سیاسی بێت چ تیجاری بێت هەر شتێک بێت، ناوەکان کە نووسیومانە ئەمە ئاخیر مەجموعەیە، ئەویش ئەوانەن:

١- بەڕێز د. ادریس هادی صالح.

٢- بەڕێز سەرتیپ محمد حسين (سيروان كاكەيى).

٣- بەڕێز ابراهيم سعيد محمد.

٤- بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد رەنگەنە.

٥- بەڕێز د. لطيف محمود احمد برزنجى.

٦- بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر زين العابدين.

٧- بەڕێز رجب شعبان طيب.

بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــعـــبـــان طيب:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لێرە گەر هاتبێتن (لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق) مەخسەدەکە بەس مواطنی کوردستان بێت ( والساكنين) دروستە، ئەگەر نا بێژن (أو الساكنين) یانیش بێژن (وللساكنين فيه) حەق هەبیتن کە ئەڤەش بۆ حزبەکان دانێن، هەر چەندە غەیری کورد بێتن، یان ئەو واوە ببێتە (أو الساكنين فيه بصورة دائمية) یانیش بێـژین (وللساكنين فيه بصورة دائمة تتوفر فيهم الشروط)، ئەگەر ئێک لیڤە هەردوو ناوەکە دشەملی وانیش کەت، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دیارە ئەو واوە مەبەست لە تەعدیلەکەیە، بەس تەبعەن واوەکەیە، وەکو جەنابت روونت کردەوە کە حەق بدرێت بەوەی کە ساکین بێ لە ئیقلیمی کوردستان حەقی ئەوەی هەبێت لە کوردستان کە تەشکیلی حزب یان ئەندامی حزب بێت، بۆ نموونە بەشداری بکات لە حزبدا، ئەوە روونە، بەس ئەگەر ئەو واوە جێگای خۆی ببینێت، ئەو تەعدیلە بکرێت، دەبێت یاسای حزبەکان (في اقليم كوردستان)ی پێ بکرێت، نەک لە ئیقلیمی کوردستانی پێ بکرێت بۆ ئەو حزبەی کەوا تەئسیس

دەبێت لە وڵات و لێرە لە کوردستان ڕێگای پێ دەدرێت بۆ وڵاتی خۆی، یان بۆ شوێنی خۆی بۆ نموونە بۆ سیاسەتی جێگای خۆی ئیش دەکات، عینوانی یاسایەکەش حەقە بگۆڕێت ببێتە (احزاب في اقليم كوردستان) نەک (في اقليم كوردستان) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعقیبی من ڕەنگە لەسەر لایەنی سیاسی مەسەلەکە بێت، چونکە هەندێ مەفاهیم هاتنە ئاراوە، سەبارەت بە وەرگرتنی ئیجازە و وەرنەگرتنی ئیجازە لە هەرێمی کوردستاندا یان ئەو حزبە عێراقیە، یان عێراقی نیە، یەعنی حەقیقەتێک هەیە، ئێستا ئێمە لێرە هەرێمی کوردستانی عێراقە و، بە هیچ یاسایەکیش ئێمە خۆمان جیا نەکردۆتەوە لە عێراق، کە باسی فیدراڵیەتیشمان کردووە، ئەوە زاراوەکە وازیحە و هەموو برادەران لە ناحیەی سیاسیەوە دەزانن، بەس کە حزبێک ئەگەر عێراقیشە دەیەوێ مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات، لێرە دەبێت ئیجازە وەربگرێت، ئەگەر دەیەوێ مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات لە بەغدا، با بفەرمووێ بچێتە بەغداوە، خۆی لێرە ئیشەکە دەکات، لێرە مەکاتیبی هەیە، لێرە تەفاعول دەکات لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ئەو جەماوەرەی کە لێرە مەوجودە، یەعنی ئەو لایەنە مەفروزە لە یەک بدرێتەوە، کە ئەو نەشاتی لێرە هەیە مەکتەبی لێرە هەیە، ئیش کردنی لێرە هەیە، هەموو حیساب و کتابێکی لێرە هەیە، ناکرێ تەنزیم نەکرێت لەگەڵ ئەم واقیعە سیاسیەی کە ئێستا لێرە مەوجودە، ئێرە جیا نەکراوەتەوە لە عێراق، کە ئێستا مومارەسەی نەشاتێکی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە دەکات، دەلالەت لەوەیە کە دیموکراتیەت هەیە و ئازادی هەیە، با بچێت مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات، ئەگەر دەیەوێ لە بەغدا ئیجازە وەربگرێت با بچێت بۆ بەغدا، ئەو زاراوەیە پێویستە ڕوون و وازیح بێت، ئیلتیباسێک لەو مەوزوعەدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سیروان قسەکەی کاک شەمائیل لە جێی خۆیەتی، چۆن لە جێی خۆیەتی؟ لێرە هەندێ حزب ئیش دەکەن بەشێوەیەکی نهێنی ئیش دەکەن لە عێراق، ئەو یاسایە بۆ حزبێکە بە عەلەنی لە کوردستانی عێراق ئیش دەکەن، ئەو حزبانەی بەشێک لە ئیشەکەیان بە نهێنیە لە عێراق، مومکینە بەشێکیشیان بە عەلەنی بێت لە کوردستان، یەعنی هەندێ مەسائیل هەیە کە بە یاساکە تەخفییە نەکراوە، لەبەر ئەوەی لە زوروفێکی تایبەتیدا دەژین، بەنیسبەت هەموو عێراقەوە، ئەگەر هەر کوردستان بە تەنیا بوایە و بە جیا بوایە موشکیلە نەبوایە، ئەوە جیاوازە، بەس بە تەئکید ئەو قسەی جەنابت دەیکەی، ئەو حزبەی لێرە نەشات دەکات، هەر حزبێک لێرە

نەشات بکات، هاوولاتی کوردستان تەنزیم بکات، جا ئەو هاوولاتییە کورد بێت یان عەرەب بێت یان ئاشووری بێت یان تورکمان بێت یان هەر شتێکی تر بێت، مەفروزە ئیجازەی هەبێت، ئەوە وازیحە، ئێمە ناتوانین هەموو یاسایەکە لەسەر ئەو حزبانە تەتبیق بکەین کە شەقی خەباتی نهێنییان یان شەقی خەبات و ئیشیان لە شوێنێکی ترە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانین نیزامەکە تەتبیق بکەین لەسەر شێوەی ئیشیان لێرە لە کوردستانی عێراق مەخسەدمان ئەوەیە، هەر چەندە ماددەکە پەیوەندی بەوەوە نیە، ماددەکە پەیوەندی بەوە نیە حزبەکە بچێت ئیجازە وەربگرێت یان ئیجازە وەرنەگرێت، ماددەکە دەڵێت ( ئەو هاوولاتییەی یان ئەو کەسەی لە کوردستانی عێراقدا دانیشتووە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دامەزراندنی حزبەکە) ، یەعنی حەقێکی تەبیعی حەقێکی مافی مرۆڤە، ئازادییەکی ئیعتیادییە، بۆی هەیە مەرجی تیا هەبێت، ئەو مەرجەی لە یاساکەدا هەیە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزب و، حزبەکەش مەرجی بۆ دانراوە لە بڕگەکەی تردا هەیە لە یاسا ئەساسیەکە هەیە.

(هەر هاوولاتییەک یان دانیشتوویەکی هەرێم کە بە دائیمی لە هەرێمدا دانیشتووە، بۆی هەیە بە ئازادی داخیلی حزب ببێت، بە ئازادیش لە حزب بچێتە دەرێ) ئەوە فەقەرەی ئەساسیە، یەعنی شتێکی ئیعتیادییە، با نەمان باتە مەتاهاتی ترەوە، با تەکیزیش بکەینە سەر ئەو گۆرانکاریە بەس، هاوولاتی و ئەوەی دانیشتووە لە کوردستاندا، بۆ نموونە بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە دروست کردنی حزبدا فەقەرەکە لەوە زیاتر نیە، یەعنی تەعدیلەکە هەر ئەوەندەیە شتێکی تر نیە، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ قسە کە دەمویست بکەم کرا، بەڵام منیش هەر تەئیدی ئەوە دەکەم (والساکنین) بێت، بەنیسبەت یاسای حزبەکان دیارە شموولی تێدایە، یاسای حزبەکان ئەو پێشنیارەی (في اقليم كوردستان) پێموایە باشترە لە باتی (لاقليم كوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطيف محمود احمد برزنجي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەکە ئەو واوە دروستی کردووە، بەنیسبەتی حزبەکانی ئێرانی کە لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن لێرەن تەنزیمی شەریحەیەکی گەورەی خەڵکی خۆیان دەکەن، ئەمە چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو مەسەلەیە؟ دوایی حزبەکانی تری عێراقی کە لێرەن، پێناسەی حزبی سیاسی کە لێرە کراوە، یەکێک لە ئەهدافە جەوهەریەکانی حزبی سیاسی: بەدەست هێنانی دەسەڵاتە یان بەشداری لە

دەسەڵاتە یان کارکردن لە دەسەڵات. ئەو سێ ئیشەی هەیە، ئایا حزبی شیوعی عێراقی یان حزبێکی تری عێراقی کە لێرەیە دەوری چییە لەم کارە؟ من ئەو دوو پرسیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆیە وتم تەرکیز بکەنە سەر خاڵی یەکەم، هاووڵاتییەک یان یەکێکە لە کوردستانی عێراقدا دانیشتووە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا، با موناقەشەی ئەو مەبدەئە بکەین، موناقەشەی شتی تر نەکەین، بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابتم، بەس ئەم ماددەیە کە کراوە (والساکنین) هەروا لەو گۆڕە نەهاتووە، ئەمە هاتووە لەسەر ئەساسێک کە ئێمە ئیشکالاتمان هەیە، کە ئیشکالاتمان هەیە، مادام ئێمە تەعدیلی یاسا دەکەین، دەبێت ئەو ئیشکالاتانە نەمێنێت و، دوایی دوو خاڵ هەیە، بەڕای من باشە ئینتیباهی بکەین، حزبێک تەشکیل ببێت لە هەرێمی کوردستان و، مەکتەبێک لە حزبێکی تر لێرە هەبێت، هەر دووکی دەبێت موافەقەی حکومەتی تیا بێت، ئەم مەسەلەیە با روون بێت، چونکە حزبێکی عێراقی بەسراوی، حیلاوی، دێن مەکتەبێک دەکەنەوە لێرانە یان هەتا مەکتەبێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یان حزبێکی کوردستانی تورکیا یان سووریا، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئێمەوە تەعدیلەکە بە هەدەفە، هەروا نیە ئێمە داماننەوە تەحایولیش با نەکرێت لەسەر ماددەکە، ئێمە ئیشکالێکی یاساییمان هەیە، هەندێ حزبمان هەیە لە کوردستاندا حەقی داوە بە خۆی بەبێ ئیجازە ئیش بکات و، میلیشیاتی هەبێت، ئەم قەزییە بەڕای من یان ئەوەتا بە یاسایەکی تایبەت دەبێت دەربچێت بۆ ئەوان، یان ئەوەتا دەبێت لەم فەقەرەیە زۆر بە وازیحی دایبنێین، بۆ ئەوەی کە ئیجتیهاد نەکات و بلێ من خازع نیم بۆ یاسا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەمەوێ جارێکی تر تەئکید بکەمەوە، فەقەرەکە تەنیا بۆ ئەوەیە هاووڵاتی یان دانیشتووی ئێرە بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا یان بۆی نیە، ئەم تەعدیلە بۆ ئەوە نەکراوە مەقەری ئەم حزب دابخەین یان ئەو حزب دابخەین یان ئەو حزب ئیجراج بکەین، زۆر ئاساییە، بۆیە وەختەکەی وا لێ هاتووە، کە ئەو تەعدیلە وەختێکی زۆری پێ چوو لە دیراسەتی و موناقەشەی و لە ئەنواعی جیهات دیراسەت و موناقەشەی کراوە، وەختەکە هی ئەوە نیە بلێێین، یەعنی بۆیە ئێستا ئێمە ئەو تەعدیلەمان هێناوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالەی کە هەیە چارەسەر بکرێت، راستە ئیشکالێک هەیە، ئەو ئیشکالە یاسایی نیە، بەم یاسایە چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی مەوزوعێکی حەساسە، بۆیە زیاتر دیراسەت کراوە، ئینجا تکام وایە ئەو مەوزوعەی کە

باس دەکرێ تەرکیز بکرێتە سەر ئەوە، ئێستا باسی ئەوە نیە حزب مەکتەب بکاتەوە یان نەیکاتەوە، حزب نەشاتی هەبێت یان نەبێت، دەڵێ:

١ ـ هەر هاووڵاتییەک لە هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق یان دانیشتووی کوردستانی عێراق، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا، زۆر بەسیتە، فەرموو کاک شەمائیل.

**بەڕێز شـمـائـیـل ننو بنیـامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقيقة التوضيح التي تفضلت به كان شافياً وافياً، بس بالإضافة الى ذلك، توجد فقرات لاحقة بالقانون، فمسبقا اني اعطيت هذه الصورة، مثل ماتقول جنابك، توجد احزاب عندها توجهات عالمية مثلا، حزب الخضر وحزب البيئة. عراقي أو عربي أو كوردي أو اشوري ساكن في كوردستان يريد أن يشترك أو يؤسس يكون داعي لتأسيس احزاب في كوردستان، فمن الحق الطبيعي جدا، كذلك بقية الاحزاب، أما في الموضوع الاخر، انا اتفق مع كاك سيروان، حقيقة لانه لا قيادة پارتي ولا أي حزب اخر عندها موقف من انه تمنع بقية الاحزاب من ان تعمل في كوردستان لخصوصية وضعنا الانتقالي، هذا يجب ان لا يغيب عن بالنا، هناك احزاب لها خصوصية، هذه المرحلة مرحلة انتقالية، من الطبيعي جدا انه توجد احزاب عراقية تؤمن بحق الشعب الكوردي الى اقصى مدى ولكن تؤمن بالديمقراطية وبالوسائل السلمية في العراق مثلا، هل يعقل انه توجد بعض الشروط مامكن نطبقها في هذا القانون ما ممكن ان تنطبق (١٠٠٪) عليها، وشكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تر تەئکید لەسەر پێشنیارەکەی خۆم دەکەمەوە، فەرقێکی زۆر هەیە لە نێوان (والساكنين) و (أو الساكنين). (والساكنين) تەئکید دەکاتە سەر هاووڵاتی کورد کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژی و، نیشتەجێ بێت، یەعنی تەئکیدە، چونکە زۆر هاووڵاتی ئێمە هەنە لە دەرەوەی کوردستاندا دەژین، یەعنی کە ئەوە تەسبیت بوو، مانای ئەوەیە بۆ ئەوان حەق نیە بەشداری بکەن، بەس ئەگەر بۆ (أو) مانای بۆ خەڵکی ترە، جگە لە هاووڵاتی کوردستان، خەڵکی عێراقی بێت یان خەڵکی جنوب بێت یان خەڵکی جێگایەکی تر بێت، ئەگەر بێینەوە سەر فەقەرەی دووەم بەس تەوزیحە، فەقەرەی دووەم دەڵێ (لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق أو أي شخص ذي إقامة دائمة فيه) ئەوە لێرە وازیحە، حەقی هەیە (وأكمل ١٨ من عمره) کە داخیلی حزب دەبێت، یەعنی ئەمەش هەمان مەوزوعە، یەعنی لێرە دیسان (أو)ی

هێنایە، ئەگەر دەتوانن لە فەقەرەی دووەمیش دەڵێ (والساكنين فيه) بۆ نموونە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرەی یەكەم بخوێنەوە لە ماددە ئەسڵەكە و تەعدیلەكە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق الساكنين فيه ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب) ئەوە ئەسڵەكەی.

(لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب)، چونكە فەقەرەی دووەم هاتووە (أو أي شخص ذي إقامة دائمية) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(و) زیاد كراوە لەگەڵ (بصورة دائمية)، ئەو تەوكیدەی ناوێ ئەو تەعدیلەكی ناوێت، ئەگەر مەخسەدێكی تری هەبێت، ئەوە ئەو تەعدیلەی ناوێت، لیژنەی یاسایی ئاخیر تەعقیب بۆ ئێوەیە فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو بەڕێزتان فەرمووتان بە حەقیقەت تەنیا ئەو واوە هاتووە (والساكنين)، یەعنی دوو شەخس، یەعنی یان هاوولاتی ئیقلیم بێت یان نیشتەجێ بێت حەقی دامەزراندنی حزبی هەیە، هەندێك برادەرانیش پێشنیاریان كرد كە عینوانی یاسایەكە بگۆڕن، ئێمە حەقی تەعدیلی عینوانی یاسایەكەمان نیە، چونكە هەندێك ماددە هاتووە، تەعدیلی یاسایەكە وەكو خۆی دەمێنێت، چونكە یاسایەكە عینوانی خۆی هەیە (قانون الأحزاب لاقليم كوردستان العراق)، لەبەر ئەوەی ئێمكان نیە لێرە بتوانین تەعدیلی ئەوە بكەین (في اقليم كوردستان) و، مەوزوعەكەش زۆر زۆر وازیحە، بەڕێزتان بە ئاشكرایی و بە وزوحەوەیە، مەوزوع لێرە تەنیا حەقی بەشداری بوون و ئینتیمایە، دروست كردنی حزب و ئینتیمایە، یان هاوولاتی ئیقلیم بێت و، ئەو برادەرانەی لە دەرەوەشن پێیان دەكرێت، مادام هاوولاتی ئیقلیم بن، بەس بە خەتی نیشتەجێ پێیان ناكرێت، ئەگەر غەیری هاوولاتی ئێرە بێت بەناوی ئەوەی ساكینە و ئیعتیبار سەكەنی نیە، زۆر وازیحە، ماددەكەش ئەگەر بەڕێزتان ئەمر بكەن بدەینە دەنگدان، چونكە زۆر موناقەشەی لەسەر كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لەسەر فەقەرە یەک تەوزیحێکی بدەم ئەویش ئەوەیە دەبێ مواطنی هەرێم حسابێکی بۆ بکرابایە، ساکنیش بە صورەتێکی نیزامی حسابێکی بۆ کراوە مانای ئەوانیش حەقیان هەیە کە حیزب دروست بکەن ئەوە یەک، خاڵی دوو بەنیسبەت بڕگەی یەکەم مەسەلەی دامەزراندنی ئەحزابە بەنیسبەت بڕگەی دووەم مەسەلەی پەیوەندی کردنە بە ئەحزاب ئەوە جیاوازی دووەم، هی سێیەم ئەگەر ئێمە ئەو تەعدیلە نەکەین ئەوە زۆر بە موتەناقزی دەزانم لەگەڵ ماددەی نۆزدە دەڵێت: (على الاحزاب القائمة تعديل أوضاعها وفق أحكام هذا القانون خلال مدة ثلاثة أشهر من تأريخ نفاذه) واتە ئەگەر من بە گوێرەی یاسا ئەسڵیەکە بڕۆم ئەو ماددەیە ناتوانم بەکار بهێنم بۆیە تەعدیلەکە زۆر ڕێک هاتووە لەگەڵ ماددە نۆزدەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية وتكون كالآتي:

١- لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الأحزاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، ماددەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالآتي:

٦- أن لايتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین بەڵام لە بنەڕەتەوە لە مادده پازدەکە هاتووە (النظام العام والأداب العامة) بۆیە وشەی (الأداب) زیاد بکرێت (أن لايتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام والأداب) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی دارایی؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ڕێکوپێک هاتووە بەڵام ئێمەش پێشنیار دەکەین ئەمەش زیادبکرێت (وأن يؤمن بالديموقراطية للعراق والفدرالية لإقليم كوردستان العراق) چونکە هەندێکیان لە هەرێمی کوردستان دەژین نە فیدرالیەتیان هەیە و نە دیموکراتیيەتیان هەیە ئەمەی لەسەر زیاد بکرێت ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی ناوخۆ هیچ پێشنیارتان هەبوو؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی لێژنەی یاسا دەکەین، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وشەی (النظام العام) هاتووە واتە(الآداب العامة ، الراحة العامة ، السكينة العامة) مانای وشەی (الآداب العامة) هەیە پێیناوێت بڵێین (النظام العام والأداب) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سەعید فەرموو.

**سـعـيـد مـحـمـد صـديق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێویستی ئەو برگەیە دەکات چونکە ئەم برگەیە هاتووە لە مادده پازدە برگەی پێنج دەڵێت (إحترام النظام العام والآداب العامة) ئەم برگەیە هاتووە، دووەم پشتگیری قسەکانی کاک جەمیل دەکەم کە وشەی (مبدأ النظام الفيدرالي) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ قسەکانی کاک سەعیدم کە گوتی ئەم برگەیە لە ماددەی پازدە هاتووە برگەی پێنج ئەڵێت (إحترام النظام العام والأداب العامة) مانای ئەم تەئکیدە بە پێویستی نازانم لە ماددەی چوار لە جێگای ئەوە بەرای من ئەبێت حیمایەی ئەمنی قەومی کوردستانی تێدا بێت و، ئیزافەی برگەیەکی تیا بێت زۆر بە رونی ئەو حیزبانەی کە ئیجازە وەربگرن دەبێ ئیعتراف بە فیدرالیەتی کوردستان بکەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نؤيد موضوع النظام العام الوارد في المادة (١٥) فقرة (٥) و أقترح إضافة فقرة أُخرى للمادة أعتقد إنها ضرورية خصوصاً في هذه المرحلة (تعزيز الوحدة الوطنية العراقية) شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ کە بەراستی یاسای پارتەکانی ساڵی ١٩٩٣ هاتە تەعمیر کردنێ چونکە گەلێ هەڵەی تێدایە گەلێ شت هەیە پێویستە تەعدیل بکرێت من دەست خۆشی لەوان دەکەم کە ئەم یاسایەیان هێنا، دووەم بەرای من برگەی پێنج ماددەی پازدە زۆر فراوانترە و دەوڵەمەندترە چونکە دوو شتی تێدا هەیە هەم (نظام عام) هەم (آداب عامە) من ناگەمە قەناعەت کە ئەوە جێگای وی بگرێت ئەوی تر

فراوانترە بۆیە پێویست ناکات لە ماددەی پازدە برگە پێنج هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر ئیشارەتیان بە ماددە پازدە دا، ماددە پازدە پەیوەندی بە مینهاجی حیزبەوە نییە دەڵێ ئیحترامی نیزامی گشتی و ئادابی گشتی بگیرێت ئەوە لە زمنی ئەدائی واجیبە، ماددەکەی کە لێرە هاتووە پێویستە منهاجی حیزبەکەی بڵێت ئیمانی بە نیزامی گشتی و ئاداب هەیە کە تەقدیمی ئیجازە دەکات پێش ئیجازە وەرگرتن دەبێ لە منهاجی بڵێت من ئیقراری نیزامی گشتی دەکەم نەک پاشی کە مۆڵەتی وەرگرت ئەوجا ئیحترامت بگریت یان ئیحترامت نەگریت ئەو کاتە وەزارەتی ناوخۆ بڵێت تەقالید گرتوویەتی یان نەیگرتووە، لەبەر ئەوە هەبوونی لێرە لە مینهاجەکەی بەڕای من شتێکی زۆر چاکە چونکە نیزامی گشتی شتێکی زۆر روونە هەر چەندە بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرمووی یەکن بەلاّم لەوانەیە یەک نەبن، نیزامی گشتی و ئاداب دوو شتی جیاوازن لەگەڵ یەکتر، نیزامی گشتی کۆمەڵێک قەواعدی گشتییە کە مەسڵەحەتی کۆمەڵگای بەرزە ئەوە موراعات دەکرێت و کەس بۆی نییە رێککەوتن لەسەر موخالەفەتی ئەو مەسڵەحەیە بکات هەتا ئەگەر تەحقیقی مەسڵەحەتی کەسایەتی گشتیش بێت، ئادابی گشتی کۆمەڵێک قەواعیدە،کۆمەڵگا راهاتووە لەوەی کە لەسەری بڕوات، کۆمەڵگا لە ئەنجامی ئیعتبارات یان هەندێ قیەمی ئەساسی تەبعەن ئەو قیەمانە موراعات دەکرێت ئەوە لە چوارچێوەی ئادابی گشتییە و، مەسەلەش مەسەلەیەکی نیسبییە زۆر شت هەیە ئێستا لە زمنی نیزامی گشتی و ئادابە لەوانەیە پاش دە ساڵی تر وەنەبێت ئەوە نەمینێت چونکە ئەو کۆمەڵە قەواعیدە لە گۆڕاندایە لە ئیعتبارە لە زۆر ئیعتباراتە، لەبەر ئەوە هەبوونی لێرە لەم تەعدیلەی زۆر پێویستە جێگیر بکرێت مانای ئەو حیزبەی مینهاجی خۆی تەقدیم دەکات ئیلتزام بە نیزامی گشتی بکاو ئاگای لە خۆی بێت و بەرژەوەندی کۆمەڵگای عولیا لە ڕوی سیاسی و ئیجتیماعی و ئابوری تەفویتی ئەو بەرژەوەندییە گشتییە نەکات ئەو حیزبە، سێ بەرژەوەندییە (السياسية و الاجتماعية و الأقتصادية العُليا للمجتمع) نابێت تەعامول لەگەڵ پێچەوانەی ئەم سێ شتە بکات ئەگەر تەعامولی لەگەڵ بکات پێویستە ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت و، شتێکی زۆر باشە کە ئەو ماددەیە لە سولبی نیزام و مەنهەجەکەی بڵێت (أؤمنُ بالنظام العام والأداب العامة) لە مەنهەجی حیزبەکەی هەبێت، بەلاّم مەسەلەیەکی تر هەیە بەڕای من فەرزی فیدرالیەت خۆی لەوانەیە شتێکی باش بێت بەلاّم هەندێ حیزب هەیە لەوانەیە طموحی زۆر ترە لەوانەیە حیزبەکە دەڵێت من هەر ئیمانم بە فیدرالیەت نییە دەبێ کورد ببێتە دەوڵەت ئینشائەڵلا پێی تەحقیق دەبێت بەلاّم

پێی نالێن مۆڵەتت نادەینێ چونکە لەبەر ئەوەی بڕۆکەک هێوەتر چووی لە ئێمە با هێوەتریش بچێت قەیدی ناکات کەیفی خۆیەتی با بۆخۆی هەوڵ بدات، بەڵام قاعیدەی گشتی لێرە ئێستا ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەمان داوە کە فیدرالیەت باشترین حەلە بۆ حەل کردنی قەزیەی کوردی ئەگەر ئەویش هەندێ هێوەتر دەچێت کەیفی خۆیەتی بۆ خۆی هەوڵ دەدات تەعامولی لەگەڵ فیدرالیەتەکە نییە، ئەو ئەحزابانەی بەو شکلە دەڕۆن یان ئەوانەی ئیمانیان بە فیدرالیەت هەیە فعلەن ئەوەی کە کاک شمایل فەرمووی ئەوانە تەعزیزی وەحدەی وەطەنینە چونکە من ئیمانم بە فیدرالیەت هەیە یەکێک بڕێک هێوەتر دەچێت یەکێک ئیمانی بەوە هەیە ئەوانە هەموویان کۆدەبنەوە لە ئیتارێکی موعەیەن ئەوانە تەعزیزی وەحدەی وەطەنیەت دەکەن ئینشائەڵلا کامیان موەفەق بوو ئەو ئینشائەڵلا تەحقیقی ئەو ئەهدافانە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تەعقیبی تر هەیە؟ شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر شیتەڵ کردنەوەکەی جەنابی کاک کاکەرەش پرسیارێکم لێی هەیە، من داوای لێ دەکەم ئایا تا ئێستا چ حیزبێک لەو حیزبانە ماعەدا پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت کێ لەوانە زیاتر داوای فیدرالیەتی کردووە بۆ کوردستان و، داواکارەکان هەڵساون پێی تەزاهورێک داوا بکەن شتێک داوا بکەن کە دەڵێی ئەوەی تموحی لە فیدرالیزم زیاترە ئێمە هەر یەکێکمان تموحمان لەوە زیاترە بەڵام لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ئەوە گونجاوە بەڵام حەز دەکەم ناوی ئەو حیزبانە کە ئەوەندە لە پێشن وەڵلاهی نەختێکیان بزانیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیار بوو یان تەعلیق و توانج بوو؟ پێشنیارەکەت چی بوو تێمان گەیێنە.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم لە کاکەرەش کرد باسی کرد گوتی هەندێ حیزب هەیە لەوانەیە تموحیان لە فیدرالیزم زیاتر بێت منیش وەک پرسیار، پرسیار دەکەم ئەو حیزبەی کە تموحی لەوە زیاترە چەند تەزاهوری کرد چەند داواکاری کرد کە ئێمە لەوەمان زیاتر دەوێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سـعـید محـمـد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم بەراستی ماددەیەكی شەرتییە پێنج مەبادیء و ئەهدافی هەر حیزبێك پێنج برگەنە هەر حیزبێك ئەوە پێنج ماددەی تێدا بێت لە مینهاج و نیزامی ناوخۆ وابزانم كیفایەتە ئەگەر ئەوانە هەبن وابزانم حیزبێكی باش دەردەچێت و پێویست بە برگەی شەش ناكات بەشەرتێك ئەگەر ئیلتزام بەم پێنجانە بكات، ئەگەر بۆشمان بخوێننەوە ئەو پێنج ماددەی شتی زۆر چاكی تێدایە و مەبادیء و ئەهداف دەبێت لە نیزام و مەنهەج ئەم پێنج برگەیەی تێدا بێت كیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

برگە یەكی مادده چوار دەڵێت (تعزیز وتطویر الحقوق والمكاسب التي حققها شعب كوردستان العراق) ئەوە لە فیدرالیەت زیاترە ئەگەر بەراستی شی بكەیتەوە دەبێت تەطویر بە فیدرالیەتیش بدەین لەبەر ئەوە خۆی قانونیش عادەتەن تەحدیدی شتەكە ناكات دائیمەن هەوڵ دەدات گشتی بێت تۆ بە شتێك بیبەستیتەوە لە زمنی ئیتارێكی تەسك ئەو كاتە حوریەتی ئەو ئەحزابانەش ئەبەستیتەوە، جا تكایە جارێكی تر بیخوێننەوە تا بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـیـروان ناصح حـیـدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالآتي:

٦- أن لايتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی دووەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناكات بەزۆرینەی دەنگ ماددەی دووەم وەرگیرا، ماددەی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز شـیـروان ناصح حـیـدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

أ- تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالآتي:

١- تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠) عضواً ولايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لايقل عددهم عن (٥٠٠) مواطن ولايقل

عمر المؤازر عن (١٨) سنة وأن لايكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ب ـ تضاف الفقرة (٣) الى المادة السادسة وتصبح الفقرة الثالثة منها:

٣ـ يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الأعضاء والمؤازرين.

جـ ـ تضاف(وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ا ـ ب ـ ج) بکەن بە یەکەم و دووەم و سێیەم، رای لێژنەی یاسایی تکایە؟

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە چونکە بەراستی تا ئێستا (٥٠) کەس بووە ئێستا (٥٠٠) موئازریشی دەوێت تۆزێک هەیکەل و کیانی حیزبەکەی برێک دیار بێت کە پێشکەشی دەکات و داوای مۆڵەت دەکات، برەک لەوانەیە رێگرتنیشە نەتوانێ هەموو کەسێ حزب و شتی وا دروست بکەن، شتێکی مەعقول بێت بۆ ئەوەی وەزنێکی سیاسی هەبێت لە کۆمەڵگا ئێمە لەگەڵ ماددەکەین لە لایەنی سەیارەو شتی وا کەمو کوروییەکەی ئەوە برادەران لە کاتی گفتوگۆ باسی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی گۆرانکاریەکانین کە لە ماددەی سێ هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر ماددەی سێ تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی سێ (یجب أن یلاحظ علی الهیئة المؤسسة والمؤازرین سمات حزب سیاسي) بڕگەیەکیش هەبێت (وأن یکون ذات سمعة قیمة بین الجماهیر) ئەگەر لەگەڵ بڕگەی یەکەمیش بێت دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەسەلسولەکەی هەر وەک تەعدیلێک بڕگە یەک بکرێت (تعدل الفقرتان (١ و٢) چونکە بڕگەی دوو کە لە جیم هاتووە لێرە ئەوەش هەر تەعدیلە کە ئیزافەی وشەیەک دەکەی ئەویش هەر تەعدیلە بۆ ئەوەی هەر سێ بڕگەکە بە تەسەلسولی خۆیان بێنە خوارێ یەک و دوو و سێ. یەکەم زۆر باش هاتووە، دووەمیش لێرە کە بە جیم هاتووە (جـ ـ تضاف(وکل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.) بڕگەکە هەر وەکو خۆی دوو بنوسرێتەوە وشەی (المواطنین المؤازرین) زیاد بکرێت، سێیەمیش هەر وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەندامی موئەسیسەوە کە دەڵێت تەمەنی (٢٥) ساڵ بێت بەنیسبەت موئازرەوە (١٨) ساڵان بێت پێویست ناکات (متمتعاً بالآهلیة) جارێکی تر دووبارە بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــيـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ گشت تەعدیلاتەکەم، تەنها بڕگەیەک نەبێت بۆ موئازر کە ( ٥٠٠ ) کەسن لە وڵاتێکی ئومیەت زۆرە لەناو پیاو ژن لەبەر ئەوە ئەوە کەم بکرابایەوە تەنها بۆ موئەسیسەکان وەک چۆن لە یاسای ڕابردوو هاتووە، بەڵام بەنیسبەت موئازرین ( ٥٠٠ ) کەس یەعنی لەوانەیە کەسانێکی تێدا بێت لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە زروفێکی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

خۆش بەختانە ئێمە لەسەر ئەم یاسایە کاتی خۆی دانیشتنێکی زۆر پڕوتێر و جوان کرا پێم وایە لیژنەی یاساش بەراستی زۆر بەڕێکوپێکی باسی کرد وابزانم پێشنیارەکانی برادەرانیان هەموو وەرگرت، تەبعەن من لەگەڵ ماددەکەم بە تەواوی چونکە تەعدیلێکی زۆر ڕێکوپێکە چونکە یەکەم ( ٥٥٠ ) کەس بە موئەسس و موئازبرەوە تەوقیع دەکەن لەسەر تەڵەبەکە، دووەم تەمەنی موئازیر نابێت لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت، سێیەم ئەم کۆمەڵە نابێت هیچیان حوکم درابن لەسەر کاری نارەوا بە موئازیرەکانەوە، چوارەم بڕگەیەکی تری بۆ زیاد کراوە من پێم وایە ئەمە تەعدیلی بڕگە نییە تەعدیلی ماددەکە بە تێکڕایە چونکە ماددەکە خۆی دوو بڕگەیە هەر دوو بڕگەکەش تەعدیل کراوە ئەو بڕگەیەی تریش زیاد کراوە بۆتە سێ، جا من پێشنیار دەکەم وەکو بەڕێز جەنابی کاکەرەش فەرمووی ئەگەر بەم شێوە دابڕێژرێت پێم وایە ماناکەی تەواو دەگرێتەوە پڕ بە پێستی خۆیەتی: تعدل المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

أولاً : تقديم طلب التأسيس الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠) عضواً لايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة و مؤازرين لايقل عددهم عن (٥٠٠) مؤازر ولايقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وأن لايكون كل من العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أوجنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالآهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ثانياً : يتضمن الطلب المذكور في الفقرة (١) على إسم ولقب وعمر ومهنة ومحل إقامة كل عضو مؤسس و المؤازر وإسم الحزب على أن لايكون مطابقاً لإسم حزبٍ أخر.

ثالثاً: يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الأعضاء والمؤازرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بۆ ئەم وەزعە زۆر باشە (٥٥٠) کەس ئەندام و موئازر، سێیەم (سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي) باشە بەڵام دابەشکردنی جوغرافی وابزانم ئەوە هەندێک زیادەیە، چونکە ئێمە دێین باسی حیزبێکی دانراو ناکەین کە ئەمە چەند ساڵە خەباتی خۆی کردووە و کوردستانی هەموو گرتووەتەوە ئێمە باسی حیزبێک دەکەین کە تازە دەیەوێت دابمەزرێت (٥٥٠)کەسی تێدا بێت و لە ناوچەکەشدا بن، کە بووە بە حیزبێکی رەسمی ئەوجا خەباتی بکات و تەزیع ببێت لە هەموو کوردستان وابزانم ئەوها باشترە لەوانەشە نەتەوە هەبن ناوچەیەکی دیاری کراوە لە هەموو کوردستان نەبێت بەتەنها هەر چەندە ئەویش رەنگە دابەشکردنی جوغرافیش بێت چونکە لەو ناوچە ئیعتبار دەکرێن بەڵام وابزانم پێویست بە تەوزیعی جوغرافی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ مەتنی ماددەکەم بەڵام هەندێ زیادەم هەیە ئەگەر ڕێگام پێبدەن بیڵێم یەک لەوان ئەوەیە (تقديم طلب) تەقدیم تەڵەب شەفەوی هەیەو تەحریری هەیە، جا لێرە پێویستە بزانین تەقدیم تەڵەب تەحریری هەرچەندە لە وانەیە برادەران بڵێن تەحسیل حاصلە بەڵام دەبێت تەئکید بکەین چونکە وەکو پەیوەندی چونکە ئەگەر تۆ گوتت پەیوەندی، پەیوەندی شەفەوی هەیەو پەیوەندی تەحریری هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک پرسیارت لێ دەکەم، تەڵەبی شەفەوی هەیە تەوقیع کرابێت؟

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، برادەری کە هەن بەڵام ئەحزابی دی سەحکەن مانای خەڵکێک دێت من گەیشتومەتە تەجروبەی ئەم کێشەیەش هەیە و تەئکیدیشم لەسەری، بشبورە مامۆستا ئەوە یەک. (تقديم الطلب التحريري الى وزارة الدخلية عن تأسيس الحزب) (عن موضوع تأسيس الحزب)، لێرەش

بێتە سەر (محكوم عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف) ڤی موتلەقی لەوانەیە هی بەغدایەش لەگەڵ ئێمە مەقبوڵ بێت لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم (من محاكم الإقليم) مانای دادوەری هەرێم زیاد بکرێت تا فعلەن تەشخیص بێتە کردنێ ئەڤ ماددەیە، دووەم شتێکی تر هەیە هەر پێنجێ کەسێک بۆ خۆی تەڵەب پێشکەش دەکات هەموو ئیجرائاتی تەئسیسی نادات مانای هەر پێنجێ ناچن بۆ خۆی موراجەعەی بکات دەبێت تەڵەبی تەحریری تەقدیم بکات دەبێ کەسێ یان دوو دەستنیشان بکرێت دەبێت لە تەئسیس دابن موراجەعەتی دائیرە وەکو تەعین یان تەشخیصا وی برادەری. من پێشنیار دەکەم ماددەیەکی تریش زیاد بکرێت لێرە ئەویش ئەوەیە (عدم إنتماء أي من مؤسس الحزب أو إرتباطه أو تعاونه مع أحزاب أو تنظيمات معادية) ئەوەش وەکو شەرتێک بێت پەنجا کەس وەکو موئەسس ئەڤە لەسەر وان هەبێتن و زیادە بکرێت چونکە لە یاسای ئەحزاب ئەم ماددەیە نەهاتووە شەرتی ئەوە دانەنراوە ئەوەی تەقدیمی تەڵەب دەکات نابێت هیچ ئیرتباتاتی لەگەڵ لایەنی تر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامیان بدەنەوە؟

**بەڕێز کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەلا هادی فەرمووی ایضافەی( سومعە طەیبە) بکرێت لە دوو جێیان باسی کرایە یەکێکیان دەڵێ (أن لايكون محكوما عليه بجريمة مخلة بالشرف) یەکێکیش (غير مشترك في جرائم القمع التي خططت لها السلطة) طبعەن ئەوە مەعنای وایە سومعەی باشە دیارە کاک عبدالخالق فەرمووی قرائەو کتابە نازانم ئەوە مەتروکە بۆ تقدیری برادەران ئەندامانی پەرلەمان (علی اساس) ٥٠٠ کەس ممکنە زەحمەت بی لۆ قرائەو کتابە هەموو بۆ هەیئەی مؤسس ئەگەر قرائەو کتابە هەبی بەس خۆی ئەگەر مؤازرینیش خوێندەواری و شتیان هەبێت حەتمەن برێک باشترن یەعنی زۆر ڕێک و پێک تر دەبێت. حزبێک ٥٥٠ کەسی خوێندەوار بێت بزانێ بخوێنێ و بنوسێ بەراستی دەبێتە حزبێکی ڕێک و پێک و سەرکەوتوو ئینسان دەتوانێ ناوی لێبنێت حزبێکی باش بەنسبەت مامۆستا مەلا محمود فەرمووی ئەوەی (التی خططت لها) ئەو کردیتیە تخطط، تخطط ناکرێ چونکە لە مستقبل تخطط بەنەوعێکی دی محاسەبە دەکرێ ئەگەر کابرا تەعەهودی کرد ناکرێ موسبقەن بڵێ ئەمن (ما أتعاون مع الذی تخطط) ئەوە ناکرێ ممکن نییە تەعەهودی موستەقبەلی. بەنسبەت کاک امین فەرمووی ئەهلیە پێویست نییە تکرار بکرێتەوە بۆ مؤازەرە زۆر زۆر زەرووریبە تکرار بکرێتەوە چونکە هەیئەی مؤسسە شیاوییان باسکرایە موئازرێکی حزبێکی سیاسی موئازرین لۆیان هەیە، سی چل شێتمان لۆ تەقدیم کەن عومریان ١٨ ساڵی بێت، ئاخر دەبێت کابرا ئەهلیەی قانونی هەبێت ئەهلیەکە ضروریە هەبێت تەئکیدە بۆ ئەوەی کە هەیئەی مؤسسە هەیتیان موئازریش هەر ئەهلیان هەبێت نەوەک لەناو موئازرینیش

خەڵکێکی ئاوا هەبێت. کاک ابراهیم سەعید فەرمووی مەوزوعی تەوزیعی جوغرافی، تەوزیعی جوغرافی فەرز نەکرایە بەقوەتی قانون دەڵێ (ان یلاحظ قدر الامکان)، ئیمکان هەبوو ئەوتێبینیە بەنظری اعتبار وەربگیرێ و، مەعقولیش نییە بەراستی پێنج سەد شەش سەد کەس لەگوندێکی کۆبیتەوەو بچێ حزبێکی دابنێ لەیەک گوندی و، امکان هەیە پەیدا بێت ئاخر ئەوە قانونە احتمالاتی دانایە، قانون حسابی احتمالات دەکات یەعنی پێنج سەد کەسی گوندێک کۆبنەوەو بچن حزبێکی سیاسی دابنێن لەیەک گوندی بن و یەعنی ئەوە احتماڵە بۆئەوەی قطعی ئەو دابیرە بکەین مولاحەزەی ئەوە بکرێت نشاطی جوغرافی بیست گوندن لەتەنیشت یەکن چی تێدایە با هەموو مەوقیعیان موختەلیفە یەعنی دەڵێ (یلاحظ) ناڵێ (یجبر ان یکونوا موزعین) (یلاحظ) خراپ نییە، د. رزگاریش ئەوەی فەرمووی بەقانون تحدید ناکرێت بڵێین ئەمە دوو کەس دەبێ موراجەعەت بکات شتکێکی زۆرتەبیعی یە چەند کەسێک موراجەعەت دەکات ناگوترێ بڵێ (علی ان یحدد فلان و فلان )مراجەعەتی ئەوەی بکەن و، ئەوی تریش تەڵەب تحدیدی دەکا طەبعەن طەلەبەکە لەبەر ئەوەی دەڵێ موەقەعە (من اعلی اعضاء) مەعنای وایە وەکی خۆت گۆتت تحصیل حاصلە هەر پێشەکیش جوابت داوە گوتت حقوقیەکان دەڵێن تحصیل حاصلە ئەوە تحصیل حاصلە مانای وایە تحریریە چونکە تەوقیع دەکرێت لەلایەن ئەو برادەرانە نازانم باوەڕ ناکەم کەسی دیم لەبیر چووبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش دەڵێ ئیشارەتی پێدراوە نەخێر دەڵێ (ان لا یکون محکوماً علیه بجنایة او جنحة مخلة بالشرف) راستە حوکم نەدراوە موشارەکەشی لەتاوان نەکردوە بەڵام رابردوویەکی لەکەداری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکات نەحوکم دراوە نەگیراوە بەس کابرا وایە (حسن السمعة) بخەیە سەری خراپ نییە لەشوێنێکا جیای بکەنەوە وەزیر خۆی وەزیری ناوخۆ دەبێت بیناسێ خۆی و وەکیلەکەی ئەیان ناسن (حسن السمعة) شەرتەو بەنسبەت دامەزراندنی ئەحزابەوە هەیە کاکەرەش (لایقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وان یکون العضو أو المؤازرحسن السمعة وأن لایکون محکوماً وان یکون العضو او المؤازر حسن السمعة و ان لایکون محکوماً علیه بجنایة او جنحة مخلة بالشرف) پاش (الاهلیة القانونیة حسن السمعة والسیرة ویجید القراءة والکتابة یەعنی واوی عەطفی ناوێ حسن السمعة و السیرة ویجید القراءة و الکتابة)، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فـــرست احـــمـــد عـــبـــداللە:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی من خۆم لەگەڵ برگەی (٣) نیمە نصەکەش وایە (يجب ان يلاحظ علي الهيئة المؤسسة و المؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوي الثقافي و النشاط الاجتماعي و التوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الاعضاء والمؤازرين) ئەوەلەن سیماتی حزبی سیاسی من حەز ئەکەم پرسیاری برادەران بکەم بایەکێک بۆ من دوو سیما تحدید بکات سیمای چ یەعنی ریباطی هەبێت و ئەفەندی بێت یان لازمە شتەک محدد بێ موستەلەحەک و نەصێکی وا مرونەتی تێدایە وا مطاطیە دور نییە لە مستقبل توشی پرسیار بین لەخەڵکەک بڵێن قەسدتان لەو مادەیە چی یە تحدیدی ملامحی ئیتر تەوزیعی جوغرافی وەکی کاک ابراهیم باسی کرد بەرای من هەقمان نییە دور نییە سبەی حزبێک تشکیل بێتن هەر لەهەولێر بێتن یەعنی نەچتە جێگایەکی تر. مستوای ثقافی نیقاش لەسەر ئەوەبوو کو نووسینەکە بزانت یان نەزانت دور نییە بەزۆری بتوانیتن ناوی خۆی بنوسێت تەوقیعی بکات مستوای ثقافی هەر بۆ ئەوەی هژ بێتن سبەی بێتە ناو حزبەکەو برێک مثقف بێتن دووەم چ جیهەتێک امتحانی دەکات کو بتوانێت تحدیدی مستوای ثقافی بکات یان نشاطی اجتماعی یەکێک دوور نییە هیچ نییە نشاطی اجتماعی نەبێت بەس بۆ ئەوەی هاتبێتە ناو حزب تاکو ببتە ئەندام لەناو حزب دەست بەنەشاتی اجتماعی بکات لەبەرئەوەی من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەمە کە برگەی سێ نەبێت باشترە بەرای من چونکو دوور نییە ئیسائەیەک دروست بکات بۆ قانونەکە زۆر ناگونجێ لەگەڵ مبادئی دیموکراتیەت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هیچ تەعقیب هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەوەی کاک فرست تەرحی کرد. فەرمو کاک ملا هادی

**بەڕێز مـــلا هادی خــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی من بدرێتە تصویت

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لەسەر ئەم خاڵە لەجێی خۆیەتی ئەبێت مقیاسەک هەبێت وەزیری ناوخۆ بڵێ بابە ئەمە سیمات چی یە سیمات ئەبێ سفەتێکی واضح بێت قەبوڵە، نیشتمانپەروەر بێت قەبوڵە، نشاطێکی اجتماعی و سیاسی دیاری هەبێت قەبوڵە، ئەبێت تەحدیدی کەی فلان شتی هەبێ و فلان شتی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت حوکمی لەسەر بدات جا بۆیە ئێمە مناقەشەی زۆریشمان کرد ئەمڕۆ دانیشتەکەمان دوادەخەین بۆ سبەینێ تاسبەینێ تکایە بیری لێبکەنەوە هەر یەکێ پێشنیارێکمان لەسەر ئەوە بۆ تەحدید کات چی یە پێشنیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كـــەریم سنجـــاری/ وەزیری ناوخـــۆ:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی من هەندێ شروطی قاسی تێدا دەبینم یەعنی ئێستا برادەران ایضافەی وشەی (حسن السمعة) یان كرد بەراستی ئەوە شەرتێكی قاسی یە وەزیری ناوخۆ چۆن دەتوانێ تقدیر بكات ئەم كابرایە حسن السمعە و سلوكە یان نا؟ بۆ ئەوەی اجازەی بداتێ ئەبێ دوو پۆلیس بۆ من ئیمزا بكەن یان موختار بۆمن ئیمزا بكات بلێ ئەوە حسن سلوكەو حسن السمعەیە ئێمە ئێستا لە موجتەمەعێكی دیمقراطی دا دەژین بەراستی قانونی حزبەكانی سەركەوتنێكی زۆر گەورەیە بۆ پەرلەمانی كوردستان وبۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان تا ئێستا ئێمە بەفەخرەوە ئەم قانونە لە هەموو جێگەیەک باسی دەكەین كە سەرمان پێی بلندە هەر قانونێک كە لەپەرلەمان صادر بوو پاش ماوەیەک كە لەوانەیە هەندێ نەواقصی تێدا بێت ئەم نەواقصەش دیراسەت دەكرێت لێرە و، لە لیژانی یاسایی بەڵام ئێمە نابێ بێین تەقییدی قانونەكە بكەین زیاتر كە ئێستا ئەم شروطانەی ئێمە ایضافەیان دەكەین بەراستی شروطێكی قاسینە و، ئەم (المستوى الثقافی) و نازانم چی خۆی لەمادەی یەكەم ئەگەر بێ ی لەبرگەی یەكەم لەعەینی مادده زۆر شت هاتووە ئەمە تەواوەكە ئەڵێ (أن لا يكون قد ارتكب جناية او جنحة مخلة بالشرف) بەراستی یەعنی ئەوە مانای وایە ئەوە (حسن السمعة)یە برادەرێک لەولا ایضافەی كرد (ان يكون القرار صادراً من محاكم الاقليم) باشە ئێمە لە ماددەیەک پێش ئەوە دەڵێین و (الساكنين في الاقليم بصورة دائمة) كابرا لەبەغدا بووە بەڵام پێش دەساڵ هاتۆتەوە لە هەرێم دەژیت لەوانەیە محكەمەیەكی بەغدا قرارێكی پێ صادر كراوە من چۆن بێم ئێستا تقدیری بكەم بە محاكمی اقلیم؟ ئەم موضوعی (ان يكون له سمات حزب سياسي ان يكون من حيث المستوى الثقافي والاجتماعي) بەراستی ئەمە شروتێكی زەحمەتە كێ دەتوانێ ئەمە تقدیر بكات وەزیری ناوخۆ یان وەزارەتی ناوخۆ چۆن دەتوانێ ئەم سیماتە تشخیص بكات جا لەبەر ئەوە بەرای من، من تەئیدی ئەو پێشنیارەی كاک فرسەت دەكەم وەباشیشە بمێنێ بۆ دانیشتنێكی تر هەموومان زیاتر دیراسەتی بكەین و مناقەشەی بكەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر چاكە تا سبەینێ سەعات (١٠) دوای دەخەین، خۆشتانی بۆ حازركەن بۆ ئەو بابەتە ئەگەر پێشنیاری نووسراویش هەبێت باشتر. زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله**<br>**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** | **د. رۆژ نوری شاوەیس**<br>**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)
## سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٥/٢٠٠٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٥/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە ١٤)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی کار:*
*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٥/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:*
*١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی هەموار کردنی دووهەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە، دانیشتنی ژمارە ١٤ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق دەست پێ ئەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی هەموار کردنی دووهەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر منەسەکە، وابزانم وەزیری ناوخۆ ڕوون کردنەوەیەکی هەیە لەم بارەیەوە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاک کریم سنجاری، فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕێزتان ئاگادارن کە ئەو یاسایانەی کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دانراون، یەکە یەکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی گەلەکەمانە و، بەدەرچوونی ئەو یاسایە ئاسۆیەکی ڕوون و هەناسەیەکی تری ئازادی بیر و ڕادەربڕین و ئازادی بەشدار بوون لە کارو چالاکی سیاسی لە گۆڕەپانی جموجۆڵ و کاری حزبی ڕێکخراوەیی لە کوردستان هاتە ئاراوە، ئەوەش نیشانەی دیموکراتیەت و بڕوا بوون بە خۆبە کە میللەتەکەمان حەزی بە ئازادی و دیموکراتی و فرە حزبی و

پێکەوە ژیان هەیە.

بەڕێزان وەک دەزانن یاسای ژمارە ١٧یاسای حزبەکانی کوردستانە و، لە بارودۆخێکی تایبەت هاتە ئاراوە لە ساڵی ١٩٩٣و، ئێستاش دوای تێپەربوونی نزیکەی ٩ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو یاسایە هەست دەکەین لەگەڵ واقیعی حاڵ بۆ بەرەو پێش چوونی زیاتری پرۆسەی دیموکراتیەت پێویستی بە هەموار کردن و پێداچوونەوە هەیە، هەر بۆیە لەلایەن لیژنەیەکی ناوخۆ تاوتۆی یاساکە کرایەوە، دوای دیراسەت کردنێکی تێرو تەسەلی پرۆژەیەک ئەم یاسایەمان ئامادە کرد و، ئێستاش لەبەر دەستی بەڕێزتانە و مەبەستمان لەم هەموارکردنەش زیاتر بۆ ڕێکخستن و پاراستنی یاساو ماف و ئەرکەکانە کە وەک مەبدەئێکی یاسایی پێویستە لەسەر هەموو کەس وچین و توێژ و لایەنی سیاسی ماف و ئەرکیان دیاری بکرێت و، بۆ ئەوەی سەروەری یاساش هەمیشە پارێزراو بێت، ئێمەش بتوانین هاوکاری و خزمەتی زیاتر پێشکەش بە میللەت و گەلەکەمان بکەین، دوێنێ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە کرا، تەبیعی ئێمە هەر یاسایەک کە تەعدیل دەکەین بۆ ئەوەیە کە زیاتر بتوانین دیموکراتیەت بچەسپێنین پاش ئەم تەجروبەیەی ئێمە کە زیاتر لە ٩ ساڵە خەریکین و، نامانەوێت کە ئێستا تەعدیل بکەین بەرەو دواوە تر بیبەین. ئەم پرۆسەیەی کە ئێستا هەمانە، دوێنێ هەندێ برادەر قەیدێکیان زیاد کرد کە دەبێ (حسن السمعة والسيرة والسلوك) شتی وا زیاد بکرێت، بەراستی من دەبینم ئەمە قەیدەکە لەسەر ئەو یاسایەی کە ئێستا هەمانە (حسن السيرة والسمعة والسلوك) ئەوە ٢٠ ساڵە لە عیراق نەماوە، ئینجا ئێمە پاش ئەم ٩ساڵە بێین شەرتێکی تری وا زیاد بکەین، کێ دەتوانێ تەقدیری بکات ئەم کابرایە (حسن السمعة والسيرة والسلوك)، وەزارەتی ناوخۆ زۆر زەحمەتە بتوانێ بێ تەقدیری ئەو کەسە بکات کە(حسن السمعة و السلوك والسيرة)یە، ئەمە تەبیعی خاڵێکە من پێشنیارم لەسەر هەیە و، وا پێم باشە چاکتر دیراسەت بکرێت پێش ئەوەی ئێمە بڕیاری لەسەر بدەین، خاڵێکی تریش هەیە کە دەڵێت(ويجيد القراءه والكتابه)بەراستی یەکێک لە برادەران ئەو پێشنیارەی هەبوو وا بزانم کاک عبدالخالق بوو، ٥٥٠ کەس لە کۆمەڵگەی ئێمە (يُجيد القراءة والكتابة) بۆ حزبێک وا بزانم شەرتەکی قاسیە دەتوانین شتەکی وا بکەین کە هەیئەی موئەسیسەکە کە ٥٠ کەسی دەبێت (يجيد القراءة والكتابة) بن ،بەلام بۆ ئەو ٥٠٠ کەسەکەی تر پێشنیار دەکەم کە دیراسەت بکرێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر فەقەرەی (٣) هەندێ تێبینیمان بۆ ڕوون بکەیەوە شتێکی باشە.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ٣ هاتووە(يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة و المؤازرين) تەبیعی مەبەست لێرە

ئەوەیە کە هەیئەی موئەسیسەکە دوێنێ هەندێ برادەر تێگەیشتن کە هەموو یەعنی ٥٥٠کەسەکە، لێرە مەبەست ئەوەیە کە لە هەیئەی موئەسیسەکە سیماتی حزبی سیاسی دیاری بکرێت(من حیث المستوى الثقافي)، یەعنی ٥٥٠ کەس لە موئەسسیسن و موئازرین کە داوا دەکەن دەبێت ١٠ یان ١٥ یان٢٠ کەسیان مستوای رۆشنبیری تێدا هەبێت یەعنی هەموویان نا! مەبەست لێرە کە کۆمەلەیەک لەو هەیئەی موئەسسیسە و موئازرین سماتی رۆشنبیری تێدا هەبێت، یەعنی ٥٥٠کەس پێنج پارێزەری تێدا هەبێت و، پێنج دەرچووی کۆلیژی ئادابی تێدا هەبێت چوار دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری تێدا هەبێت، یەعنی لەو کۆمەڵەیە هەندێ کەسی تێدا هەبێت ٢٠ یان٣٠ کەسێک کە دەرچووی زانکۆ و مستەوایەکی بەرزیان هەبێت لە(النشاط الاجتماعي)، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کابرایەی کە دێت حزبێک دروست دەکات لەو هەیئەی موئەسیسە چەند کەسێکیان تێدا هەبێت. پێشان لە نیقابەی کرێکاران کاریان کرد بێت بۆ نموونە یان لە تەزاهورێک بەشداریان کرد بێت، یان لە حزبێک بەشداریان کرد بێت، یان سیفاتێکی وەتەنیان هەبێت کە بلێین فعلەن ئەوانە موستەحەقن حزبێک دروست بکەن نەک هەر ٥٥٠کەسەکە، بەڵام کۆمەڵەیەک لەوان ئەو سیماتانەیان تێدا هەبێت، تەوزیعی جوگرافیش بەرەئی من گفتوگۆی لەسەر بکرێت بتوانرێ بەشێوەیەکی تر عەرز بکرێ، تەوزیعی جوگرافی بەراستی خاڵێکی گرنگە، ئێمە هەموومان خەڵکی یەک هەرێمین، هەرێمی ئێمە ناسراوە چەند پارێزگایەکی کوردستانە کە مەوجوودە، ئینجا ئەگەر ئەمەش بە شێوەیەکی تر هەموار بکرێت بە رەئی من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی تێبینان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە تکایە، بەرێز مامۆستا هادی وەزیری داد، فەرموو.

**بەرێز هادی علی عبدالكريم/ وزیری داد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی دوای ئەوەی کە گەراینەوە لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکە یاسای حزبەکان مراجعەیەکم کردەوە بەراوردیشم کرد لەگەڵ ئەم خاڵانەی لەم پرۆژە هەموار کراوە دا پێشکەش کراوە، یەعنی لە کۆی هەموو خاڵەکاندا ئەوەی لێ بەدەردەکەوێت کە هەر وەکو وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بە هەندێ خاڵ کرد، دەتوانین بلێین رەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێ کە هەندێک قیودی زیاتر بووە بەسەر یاسای حزبەکان لەوەی کە لە ساڵی١٩٩٣ بریاری لەسەر دراوە، جا من پێم باشە وەکو حکومەت وەکو پەرلەمان وەک هەموو دەزگاکانی حکومەت تەبیعیە بەردەوام پێویستمان بە بریاری تازە و تەعدیل کردنی خاڵەکانی دەبێت، ئەوا حەقی خۆمانە ئیشی لەسەر بکەین، بۆ نموونە دوێنێ کە پرۆژەی ئەو یاسایەی کە پەیوەندی بە تەعدیل کردنی غەراماتەوە هەبوو یان هەندێ راگرتنی هەندێ لەوانەی لە یاساکانی پێشوو بریارەکانی (مجلس قيادة الثورة) ئەوانە هەمووی زەرووریە،

هەم بەرژەوەندی هاولاتیانی تێدا هەیە و هەم بەرژەوەندی حکومەتی تێدا هەیە، ئیشیشی لەسەر دەکەین بە بەردەوامی، بەڵام بەنیسبەت یاسایەک بەم جۆرە وەکو یاسای حزبەکان یان هەندێ یاسای چاپەمەنی کە کاتی خۆی لەساڵی ۱۹۹۲و۱۹۹۳دەرکراوە و ئیشی باشیشی لەسەر کراوە، ئێستا تەبیعیە دوای تێپەڕبوونی ۸ یان ۹ ساڵ ئەویش هەندێ تێبینی هەیە یان مراجعە دەکات حەقی خۆیەتی، بەڵام من ئەڵێم وەکو زەرورەت ئەگەر ئەوەڵیات ڕێز بکەین زۆر بە زەرووری نابینم ئەم شتانەی بکەین لێرە، چونکە ئەم وەزعە نائاساییەی کە ئێستا عیراق و کوردستان هەمووی تێپەڕ دەبێت، ئەگەر پەلە نەکەین وەکو کاک کریمیش ئاماژەی پێکرد، هەندێ دیراسەتی زیاتر بکرێتەوە، هەندێ مراجعەی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی تێر و تەسەل تر و ڕێک و پێک تریش بێت، ئەگەر هاتوو تەعدیلەکەش بوو بە شێوەیەک نەبێت رەخنەی ئەوەی لێ بگیرێ کە جۆرێک لە قیودی زیاتری بۆ زیاد کراوە یان بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، من بەس ئەو تێبینیەم هەیە لەسەر ئەمە، چونکە بۆ نموونە لە تەعدیلەکەی ساڵی پێشوو تریش دا ٤٥رۆژ کراوە بە ۳۰ رۆژ کراوە بە ۹۰ رۆژ، ئێستا مەسەلەن ۵۰۰موئازیری بۆ زیاد کراوە هەندێ لە خاڵانی تریش کە ئیستا باسی لێکرا، هەمووی لە مەجموعیدا جۆرێک لە قیودی بۆ زیاد کرا، لەبەر ئەوەی من پێم باشە ئەگەر مەجالێکی تری پێ بدرێت بۆ ئەوەی باشتر تاوتۆ بکرێت بەشێوەیەکی واش بێت، دوێنێ باسی ئەوە کرا کە ئەو حزبانەی کە عیراقین لە دەرەوەی هەرێمن یان ئەو حزبانەی کە لە بەشەکانی تری کوردستانن و مەکاتب لێرە دەکەنەوە ئەو باسەی تێدا نییە، یەعنی هەم یاسای حزبەکان ئەم باسەی تێدا نییە، هەم پرۆژەی تەعدیل کردنەکە ئەمەی تێیدا نییە، ئەگەر ئەو شتانەشی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی تێر و تەواو تر بێت، من ئەوەم پێ باشترە، جا ئیتر جەنابیشتان دەزانن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە ڕاستیدا ئیشارەتی پێ بدەین باشترە کە ئەم هەموار کردنە تازە نییە، ئێستا پاش دیراسەت و پاش لێکدانەوە و پاش سەیرکردنی لە لیژان و ئینجا گەیشتونەتە ئەو حاڵەی کە ئیمرۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، تەبیعی کە ئامادە کراوە لە ئەنجومەنی وزیران ئامادە کراوە، پاشان بە قەرارێکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە کۆبوونەوەی ژمارە ۹ی ۲۰۰۰/۷/۲٦ پەسەند کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران لە ۲۰۰۰/۸/٦ نێردراوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، یەعنی ئیشی دوو ساڵە، بەراستی ئیشی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ نییە، لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو بێت خەڵک لە خەیاڵیدا نەبێت ئەوە واریدە لە ڕاستیداو، کاتی ئەوە هاتووە کە لەمە زیاتر دوای بخەین دەبێت بچین شتەکی تر بکەین، جا بەراستی کاتی خۆیەتی و گەیوە، دوێنێ من هەندێک قسەشم دەربارەی کرد، حەزم نەکرد ئەمە رەبت بکرێت لەگەڵ زەرفێکی ئانیدا، ئێستا هەندێ شت هەیە هیچ پەیوەندییەکی بەمەوە نییە، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی پێوە نییە، ئەمە پرۆژەیەکە دوو ساڵی پێچووە لەناو پەرلەمان،دوو ساڵی پێچووە خەریکی ئەوەن

و، پێویست دەکات ئەو یاسایە هەموار بکرێت، تەبیعی یاساش کە هەموار بکرێت من تەسەوڕ دەکەم بۆ چوونی هەموو لایەکمانە یاسای ئێمە بە ئیتیجاهێکی دیموکراتی دەبێت هەمواری بکەین، ئەوە لایەنێکە تا دیموکراتی تر بێت تا ئاسان تر بێت چاکترە، دووەمیش دەبێت موراعاتی ئەو لایەنە بکەین کە ئەم یاسایە بۆ ئەوە دانراوە بۆ ئەوەی حزب دروست ببێت، دەبێت سیفاتی حزبی تێدا هەبێت، یەعنی دوو تای تەرازووی یەکە، تەرازوو دوو تای هەیە، یەکیان دیموکراتیەتەکەیە، ئەوەی تریان جدیەت و ئوسوڵیەتی ئیشەکەیە وەکو هی میللەتانی تر بێت، جا تەسەوڕ دەکەم لەو گۆڕانکاریانە لەوانە هەندێ مەرج دانرا بێت خەڵک گلەییەکی زۆری کرد بێت، کە گوایا حزب دروست کراوە بەبێ ئەوەی هیچ شەرتێکی وای تێدا هەبێت یان بەبێ ئەوەی شەخسیاتی تێدا هەبێت، بێ ئەوەی ناسراو بێت یان ناسراو نەبێت، ئەم گۆڕانکاریانە بەشی زۆریان بۆ ئەو مەسەلانەیە، دووەم مەسەلەن گیروگرفتێک لە زیمنی تەتبیق روویداوە گیروگرفتەکە سیاسیە کە بۆچی بۆ ئەم حزبە هاریکاری ماددی ئەدرێ، بەوی تر نادرێ؟ ئەمە یەکێک بووە لەو گیروگرفتانەمان لەناو ئەنجومەنی وەزیرانەوە، باشە نابێت مەقایسێکی بۆ دابنرێت نابێ شەرت و شروتێکی بۆ دابنێین، ئەگەر داینەنێین هەر بە کەم و کوڕی ئەمێنێتەوە، یەعنی دەبێت بۆی دابنێین، ئێمە چارەمان بۆ هەموو ئەو خاڵانە داناوە، تەبیعی خاڵێک هەیە دەبێت ئیشارەتی پێ بکەین، هیچ قانونێک بە تەئسیری رەجعی نییە، ئەو قانونە بۆ ئیمڕۆ و بۆ دوا ڕۆژ دادەنرێت، یەعنی ئەو خاڵەش هەیە دەبێت موراعات بکرێت و بۆ روون کردنەوە ئەم خاڵەم وت، جا ئەوانەی ناومان نوسیوون ئەم بەڕێزانەن:

١ـ بەڕێز رجب شعبان طیب.
٢ـ بەڕێز شمایل ننو بینامین.
٣ـ بەڕێز حمە علی توفیق.
٤ـ بەڕێز إبراهیم سعید محمد.
٥ـ بەڕێز سفر محمد حسین.
٦ـ بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز.
٧ـ بەڕێز محسن صالح مصطفی مفتی.
٨ـ بەڕێز د. قاسم محمد قاسم.
٩ـ بەڕێز ملا هادی خضر کویخا.
١٠ـ فوزیە عزالدین رشید.

**بەڕێز ملا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەنیسبەت وڵاتانی دەرەوە وڵاتانی پێشکەوتووخواز لەگەڵ ئێمە جیاوزازییەک هەیە لە دامەزراندنی حزب و لە داب و نەریت و رەوشتی کۆمەڵایەتی ئەوەی کە لە دەرەوە هەیە لەوانەیە

به نەقسی بزانی، لێرە نەقس نەبێ، یان ئەوەی لێرە نەقس بێت لەوێ نەقس نەبێت، بابەتی حزبایەتی کاتی خۆی کە حزب دروست دەبوو سیاسەت خەڵکێکی تایبەتی هەبوو، تایبەتمەند بوو بۆ ئەو ئیشانە کە لە وێستگەیی دەوڵەتێک کە خەڵکەکەی خاوەن بیرو باوەڕ و تێکۆشەر و لە پێناو وڵاتەکەی بە ماڵ و مناڵ خۆی بەخت ئەکرد ئیسراحەتی خۆی تێک دەدا دژی چەوسانەوەی بیر و باوەڕی یان نەتەوایەتیان یان دینیان، ئەو حزبە دروست دەبوو، لەبەر چاومانە کە ساڵانی رابردوو کە ٥٠ ساڵ یان ٦٠ ساڵ لەمەوبەر حزبایەتی چۆن بووە، بەڵام ئەوەی لێرە کە من دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم ئەوەیە ئێمە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەینە تەعدودیەت یان لەگەڵ فرە حزبین یان لەگەڵ فرە بیر و باوەڕین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەجالی ئەوە بدرێت، ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە شتێکی دوا کەوتووە یان بەنقسی دەزانی، مەجال نەدرێت کە بەشدار بن لەو شتانە، ئێستا بۆ حزب دروست ببێ، ئێستا کێ ئەچەوسێتەوە؟ ئێستا گەنجمان هەیە حەزیان لە حزبایەتیە با بێنە ناو سیاسەت، حزبی قەومیمان هەیە با بێتە ناوی حزبی ئیسلامیمان هەیە ئاشووریمان هەیە مارکسیمان هەیە لەناو هەر حزبێک بیەوێت کار بکات جێگاو رێگای ئەو خەڵکە هەیە جێگای دەبێتەوە، ئیزتیهادی هیچ لایەنێک نەکرایە کە بڵێین دژی ئەوە، بە رەئی من وایە، هەندێک قەید و قیود هەیە پێویستە دابنرێت لەسەر حزبایەتی، بۆ نمونە لە دوا رۆژ خەڵکێک هەیە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە لەوانەیە تەعنی لێ بدرێت، دێت دادەنیشی لەگەڵ د.رۆژ دەڵێت جەنابت وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی کوردستان، منیش سکرتێری بێکارانی کوردستانم واتە بێ ئیشانی کوردستان هاتوومە رێز لە رەئی من بگیرێ، تەبیعی دەبێت حیسابێک هەبی خەڵکەک کەوا تێکۆشەر بووە، یەعنی بێزی لە سیاسەت نەبێتەوە، مەبەستم ئەوەیە رێز لە حزبایەتی بگیرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا هادی، کاک رجب شعبان، فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵکوم بەری نهۆ گەلەک کەس لە کوردستان مەحروم ببیتن خۆن بە وادیە نەشیا بیتن کە بۆ خۆی بخوینیتن، چ بەر ئەگەرێ سیاسی بیتن، چ بەر کاردانێ ئابووری بیتن، لەو ما پێشنیار دکەم، کە ئەڤ مەرجا را ببیتن لەسەر موئازیرا بەس مەتلوبە لەسەر (الاعضاء علی ان یُجید العضو القراءة والکتابة) بۆ چوونێت سەرکردایەتیا میللەتێ کورد چی سیاسی بن سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ بیتن، چ ئەنجومەنی وەزیران بیتن، هەمی گاڤێ بۆ تەسیهلاتا بۆ تەعدودی بەر فرەیا حزبی، لەو ما بابە نەبیتە یان نەهێتە حسێب کرن کە کۆسپەیەکە نەخوێندەواری، ڤێ پێشنیار دکەم و، پێشنیارەکا دیکەش ئەگەر مومکن ببیتن کە فەقەرە (ب) دبێژیتن(یجب ان یلاحظ علی الهیئة المؤسسة

والمـؤازريـن) وشەی(المؤازرين)بێتە حەزف كرن بەس مولاحەزە هەبيتن لەسەر هەيئە تەئسيسى ئەويش پەنجا عزونە مومكنە ئەڤە هەر لێرە سماتی حزبی بشێن لێ وەر بگرن يان مستوايەكی جموجۆلی كۆمەڵایەتی يان رۆشنبيری هەبيتن، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەرێز حاكم سەفەر، فەرموو.

**بەرێز سفر محمد حسين:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرێزان بەراستی من لەگەڵ بۆ چوونی بەرێز وەزيری ناوخۆم، ئێستا كە ئەو تەوزيحی دا لەسەر فەقەرەی ٣، راستە ئەگەر سەيری فەقەرەی ٣ بكەين نەسەكی عام و مەرنە، وا بزانم زۆر پێويستە بۆ ئەو مەرحەلە بۆ تەنزيمی ئيش و كاری ئەحزابان، هەروەها نەسەكە بە گشتی هاتووە، (يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين) بێژی ئەگەر ئيقتيسار بكرێت لەسەر هەيئەی موئەسيسە لەوانەيە ئەويش باشتر ببێت، يەعنی خۆی تەسهيلە مەجالە بۆ وەزعی داخيلی كە تەئكيد بێن لەسەر ئەو شتانەی كە لەو فەقەردا هاتووە، سێيەم بەراستی پێويستە كە حزب تەمسيلی هەموو شەرائيحی كوردستان بكات، بەتايبەتی هەيئەی موئەسيسە، تەمسيلی هەموو شەرائيحێك بكات، وەكو ئيشارەتی پێدا جەنابی وەزير كە چەند رۆشنيری تێدا هەبێت چەند خاوەن شەهادەی تێدا هەبێت، دكتۆر يان ئەندازيار يان پارێزەر هەتا چەند كرێكار يان چەند كاسبكار، كە بتوانن بڵێن حزبەكی سياسيە، هەروەها زەروريە ئەو مستەوای سەقافی يان (النشاط الاجتماعي) يان تەوزيعی جوگرافی، ئەگەر سەيری قانون بكەين لەمادەدەی چوار، وا بزانم ئەوە پەيوەندی بەو فەقەرە هەيە، لێرە لە مەرحەلەی تەئسيس پەيوەندی هەيە، فەقەرەی پێنج لەمادەدەی چوار (عدم بث الشقاق والتفرقة العنصرية و الدينية والمذهبية) ئەوە لە مەرحەڵەی دامەزراندنی حزب لێرە لە مەرحەلەی تەئسيسە وابزانم يەك تەكملەی يەكتری دەكەن، جا لەوانەيە تەفريقەی عونسری دينی، يان لەوانەی تەوەققوعی بێت لە قەسدی ئێمە(موشەريع) عەشائيری مەناتقی يان شتی وای تێدا هەبێت، كە زۆر پێويستە ئێمە مولاحەزەی بكەين لە قۆناغی نازكدا، هەروەها وا بزانم پەنجا كەس زۆربەی ئەوانەی لە هەيئەی موئەسيسەن، وزارەتی داخيلی تەئكيدی كرد لەسەر ئەو شروتانەی كە لەو فەقەرەدا هاتوون، وا بزانم زۆر ئاسانە دام و دەزگای زۆرن و عەدەدەكی كەمە ، هەروەها ميللەتی كورد زۆر كەمە وا بزانم زۆر بە ئاسانی دەتوانی تەئكيد بكات لەسەر ئەو شتە، هەيئەی موئەسيسە بە خۆی مولاحەزەی ئەو شروتانە ئەكات كە منهاجی حزب ئەدات وتەقديمی تەلەب دەكات، لەوانەيە ئەركی ئەوان زياترە لە وەزارتی ناوخۆ، وا بزانم لەو مەرحەلەيە هيچ قەيد نينە لەسەر ديموكراتيەت و، ديموكراتيەتی ئێمە پێويستە لەو مەرحەلەيە مەسئول بيت بەرامبەر ئەو تەجروبەيەو ئەو دەستكەوتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فوزیە خان، فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان تەبعەن ئەوەی لێردا هاتووە، من ١٠٠٪ پشتگیری لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، بەڵام تێبینیەکم هەیە، ئەوانەی کە حزبەک دروست دەکەن پێویستە هەندێ شروتی تێدا هەبێت، وەکو خوێندەواری، وەکو ئەوەی جەریمەیان نەکرد بێت، وەکو دەڵێت (أخلاق قوم سیده)، یەعنی دەبێت ئەو کەسانە دیار بن، دەبێت ئەو پەڕی دیموکراتیەت بێت، چونکە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وا فێر کراوین کە دیموکراتی بین، ئێستاش ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە زۆربەی پارتیە، تەمجیدی دیموکراتیەت دەکات لە کوردستاندا، هیوادارم ئەوە بەرپا بێت لەگەڵ ئەو شروتانەی کە هەیە بۆ ئەو ئەندامانەی کە حزبەکە دروست دەکەن، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فوزیە خان، بەڕێز شمایل ننۆ، فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننو بینامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم، انا بموضوع المؤازرين، أؤيد ما ذهب اليه الاستاذ وزير الداخلية، ولكن في الحقيقة الهيئة المؤسسة انا برأيي ان تبقى هذه الشروط المذكورة و بالاحرى الافضل عندي انه يشدد على هذه الشروط، لانه ولادة الاحزاب يجب ان تكون خصوصاً في التجربة التي نعيشها حاليا متاحة، يعني تجربة قبل الانتفاضه وتجربة النضال السلبي لها ظروفها الخاصة، ولكن ظروف المرحلة الحالية، برأيي وضمن حالة الاستقرار وشبه الدولة او شبه المؤسساتية التي نعيشها تتطلب ان تكون الاحزاب على مستوى بحيث تقدم وتؤدي شيئاً يخدم المجتمع، مع كل الاسف إحنا واقعنا حالياً، ان اذكر مرة كنا في الاجتماع مع وفد الاشتراكية الدولية، كنا جالسين قرابة ٣٠حزب ومنظمة كان شيء مثار للتعجب عندهم، برأيي هذه الاحزاب التي يجب أن يعطى لها مجال او يفسح لها مجال للعمل ان تتمتع بالشروط التي لا تكون بها انتقاص من العملية السياسية، فاشدد على ان تكون الهيئة المؤسسة يجب ان تتوافر بها الشروط، واتمنى ان تكون شروط مشددة اكثر بموضوع الشهادة الاكاديمية او موضوع اداء سياسي واختبار اداء سياسي او المستوى الثقافي عموماً والنشاط الاجتماعي، والتوزيع الجغرافي هو واضح حقيقةً انه حتى الموضوع لا ينحصر في عشيرة او في منطقة محددة، يعني كجزء من محاولة نعرف مجتمعنا وتركيبة مجتمعنا، اعتقد هذا الشرط ايضاً ضروري في هذه الحالة، ما ادري عموماً بالقانون مايحضرني شيء ولكن أعتقد كان من

الضروري انه يذكر شيء عن احزاب الجبهة الكوردستانية او الاحزاب ما قبل الانتفاضه، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەراستی ئەو قسانەی کاک شمایل کردی یەکێکە لە رووبەکانی ئەو هۆیانەی کە ئەو تەعدیلەی پێویستە، بەراستی ئەو بەسەراحەت باسی کرد، تاکو ئێستا وا بەسەراحەتی باس نەکراوە، ئەو خالانەی کە تەسبیت کراوە و دیراسەت کراوە و باس کراوە ئەوەیە ئەگەر حزب دروست بێت، دەبێت لە حزب بچێت، راستە دەبێت تەسهیلاتی بۆ بکەین لە لایەکەوە تەسهیلات دروست بکەین بۆ دروست کردنی حزب و هاوکاری لە ژیانی سیاسی لە دەور بینین، بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت، یان بۆ ئەو کەسەی کە قابلیەتی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو کەسەی کە دەیەوێت و قابلیەتی هەیە بە ئارەزووی خۆی نییە، دەبێت زیمنی شروتێکی دیاری کراو بێت و موعەین بێت کە لە حزب بچێت و بتوانێ لەو قەوارەدا ئیش بکات، جا ئەو دوو جانبەی لێکدراوەتەوە زەرووەرەتەکەی بە حەقیقەت لەوێیە، لەلایەکی دیکەوە گلەیەکی زۆر هەیە بۆ سەر ئەوە کە دەڵێن ئەوە حزبە یان ئەوە حزب نییە، یەعنی بەراستی ئەو جۆرە قسانە دەکرێت، باشە ئێمە ئەو مەجالە بهێلینەوە بەهەر ئسلوبێک بێت حزب دروست بکرێت، دەبێت شەرتەکی بۆ دابنرێت و دیاری بکەین، بەڕێز کاک ئەمین مەولود، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قانونە ئەسڵەیەکە دەبینین قانونەکە لە دوو فەقەرە پێک هاتووە و فەقەرەکان بەراستی چارەسەری هەر قەزییەیەک دەکات، کە تەداخولی زۆری تێدا هەیە، بەداخەوە کە دێینە سەر تەعدیلەکە دیسان دەبینین ئەو فەقەرانەی کە لە تەعدیلەکەدا هاتوون یەک دوو قەزیە لە فەقەرەیەکدا چارەسەر دەکات، بۆ نموونە مەسەلەن فەقەرە یەک تەعدیل کراوە باسی شروتی ئەندام دەکات باسی مورفەقاتی تەلەبی تەئسیس دەکات لە هەمان کاتدا، باسی مینهاج دەکات لەبەر ئەوە بەرەئی من پێویستە فەقەراتەکانی ئەم ماددەیە بە تەواوی ئیلغا کەین و بەم شێوەیەی خوارەوە بڵێین:

تلغى الفقرتان ١و٢ من المادة السادسة ويحل محلهما:

١ـ تقديم الطلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن ٥٠عضواً والمؤزارين لا يقل عددهم عن ٥٠٠مواطن على عن لا يقل عمر المؤسس عن٢٥ سنة و المؤازر عن ١٨سنة من المتمتعين بالاهلية القانونية.

٢ـ يجب ان لايكون المؤسس أو المؤازر محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف ويتمتع بسمعة جيدة، ان لا يقل نسبة الذين يجيدون القراءة والكتابة من المؤسسين والموازرين

عن ٥٠٪.
شەرت نییە هەمووی ئیجادەی خوێندن و نوسین بکەن، چونکە بەراستی ئیجادە گەر بێینە سەر واقیع دەبێت موتتەلیع بێت لەسەر لوغە، چونکە ئیجادە هەر خوێندن و نوسین نییە.
٣ـ يرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب و نظامه الداخلي.
٤ـ يذكر في الطلب اسم الحزب على ان لايكون مطابقاً لاسم حزب اخر او مشابهاً لها بشكل يخلق اشتباهاً لدى المواطن.
چونکە بەراستی ئەگەر بچین بۆ قانونی ئەسمائی تیجاریش، پێویستە ئەگەر ناوی تیجاری موتابیق نەبوو، بە شێوەیەکی وا نەبێت کە ئیشتیباهێک دروست بکات سەر لە هاولاتی تێک بدات، ئێستا حالی حازر بگەڕێینەوە بۆ سەر ناوی ئەحزابەکان زۆر شتی وا دەبینین، ناوی حزبەکان بە شێوەیەکی وا تەداخولی تێدا هەیە کە جیا کردنەوەیان لەیەک تۆزێک گرانە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەمین، بەڕێز حەمە عەلی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ڕەئیم وایە، ئەم پرۆژەیە بۆ دروست بوونی ئەو حزبانەیە کە لە کوردستاندا دروست دەبن، بەڵام ئێستا لەم بارودۆخەی ئێمەدا تەقریبەن ٢٠ تا ٣٠حزب لە کوردستاندا هەیە، بەهەموو ئەو نەتەوانەش کە لەگەڵ ئێمەدا هەنە یان بە هەمووی تێکرایی ئاینەکانیش، بەراستی ئێمە ئەو بۆشاییە بۆ دروست بوونی ئەو حزبانەیە کە لە کاتێکدا هاتووە کە پاش پەیدابوونی ئەو پرۆژەیە بووە، چونکە بۆشاییەک دروست بوو، شەڕی ناوخۆ وای کرد کە ئەو حزبانە بەم شێوەیە دروست بن، ڕەنگە ئەوەش بوویتە هۆی دروست بوونیان کە مەکاسبی تایبەتی و شەخسی خۆیانی تێدا هەبووە، ئەگەر مەجالیش بدرێت ڕەنگە لەمەو دوا زیاتر خەڵک پرۆژە پێشکەش بکات، ئەگەر ١٠ کەس یان ٢٠کەس بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو پرۆژەم کە تەقدیم کراوە، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێک هەیە کە دەست نیشان بکرێت:
١ـ ئەوە زۆر باشە کە (٥٠)کەس موئەسیس بن و (٥٠٠) کەسیش موازیر، بەڵام مەفروز نییە کە موئازیرەکان هەمووی ئەو حوکمەیان لەسەر بێت کەوا ئێستا (٥٠) کەسەکە بۆ موئەسیس و بۆ موئازیر هاتووە، لەبەر ئەوە بەرەئی من (وان لايكون الاعضاء المؤسسين محكوماً عليهم بجناية او جنحه) لە فەقەرەی ٣ دیسان (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين) لا بچێت، هەروەها(سمات الحزب السياسي من حيث المستوى الثقافي و النشاط الاجتماعي) لێرە کۆتایی پێ بێت (والتوزيع الجغرافي والسكن...الخ) ئەوە حەزف بکرێت لەو فەقەرەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ناصیح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی سێ کە لێرە هەموار کراوە برگە یەکی ماددە شەش و برگە سێی ماددە شەش، من پێم وایە زۆر بەرێک و پێکی هاتووە، برایان و خوشکان باسی ئەوەیان کرد کە گوایا ئەو( ٥٠٠ ) ناوە کە ئێمە تەئکیدی لەسەر بکەین کە خوێندەواریان هەبێت یان بتوانن بنوسن ئەمە رێ گرتنە، من پێم وانییە ئەمە رێگرتن بێت، بە پێچەوانەوە ئەمە تەئکید کردنە بۆ باشتر کردنی هەر حزبێک کە لەمەو دوا بیەوێت داوای مۆڵەت وەرگرتن بکات بۆ دامەزراندنی حزب، دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم یاسایەی کە ئێمە دەرمان کردووە کاتی خۆی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ بووە دوو ساڵ لە دوای راپەڕین و یەک ساڵ لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەو کاتە ئێمە ئەم بوارەمان نەبووە هەوڵ بدەین پاشماوەی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی بەغدا چارەسەر بکەین، یەکێک لەوانە ئەوە بووە نەیهێشتووە خەڵکی ئێمە فێری خوێندەواری ببێت، بەڵام ئێمە ئەوە نۆ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە نۆ ساڵە بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردۆتەوە، نۆ ساڵە بە هاوکاری رێکخراوە خێر خوازەکان خەریکین خەڵکی فێرە خوێندەواری دەکەین، مەعقولە دوای نۆ ساڵ ئێمە بێین بڵێین وەڵلا خەڵکی نەخوێندەوار تەشجیع دەکەین، من پێم وایە ئەمە هاندانە لێرە بۆ ئەم خاڵەی کە بەم شێوەیە هاتووە کە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان ئەو خەڵکەی بە موازرین و بە موەسیس خەڵکێکی وا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە کە فیعلەن شایستەی ئەوە بن کە بتوانن لە سیاسەتدا کار بکەن. هاندانە بۆ ئەوەی کە نەخوێندەواری لە کوردستاندا نەمێنێت، من پێم وایە ئەمە رێگر نییە بە پێچەوانەوە ئەمە هاندانە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم پڕۆژەکەی حکومەت چۆن هاتووە پڕۆژەیەکی زۆر رێکوپێکە و، هەر ئەم پڕۆژەیەش بخرێتە دەنگدانەوە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تێبینیەی وەزیری ناوخۆی بەڕێز بەنیسبەت منەوە باشە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ.

یەک بەنیسبەت ئێمەوە ئەو پەنجا کەسە یەعنی ئێمە بۆ ئەعزای پەرلەمانیش هەر ئەوەنە کراوەتە شەرتێک کە خوێندەواری هەبێت، یەعنی لەوانەیە لە دوا ڕۆژ خەڵک فیکر بکاتەوە ئەوانە خاوەن شەهادەش بن باشە، ئەمما بەنیسبەت(٥٠٠) کەس موئازیر لەکۆمەڵگەیەک وەک لە قسەکانمان هەندێک شەرتێکی تەعجیزییە لەم مەرحەلەیە لەوانەیە لە دوا ڕۆژ ئەگەر ئیعادەی نەزەر بکرێت باشە، لەبەر ئەوە خوێندەواری (يجيد و القراءة و الكتابة) فقط ئیقتیسار بکرێت لەسەر ئەو(٥٠) کەسە، بە پێچەوانەی قسەکانی کاک د. ناصح دەبێت ئێمە زۆر قیود دانەنێین لەسەر مەرجی حزبایەتی.

دوو/ لەسەر فەقەرەی (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤزارين سمات حزب سياسي) من لەگەڵ ئەوەم زۆر باشە سیمای سیاسی هەبێت و موستەوای سەقافی هەبێت، (نشـــاط إجتـماعي) هەبێت یەعنی کادر بێت لەناو کرێکاران لەناو جوتیاران لەناو ئەندازیاران ،لەناو پزیشکان، لە ناو لاوان وقوتابیان و، بەنیسبەت تەوزیعی جوگرافی لەبەر ئەوەی کە زروفێکی تایبەتیمان هەیە، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دەربارەی تەوزیعی جوگرافی (النشـــاط الاجتماعي والتنويع في سكن الاعضاء والمؤازرين) یەعنی (يلاحظ التنويع) ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی مەسەلەی جوگرافیا هیچ ئیشکالێکمان بۆ نەکات لە دوارۆژدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک عبدالخالق ئێمە دائیمەن تێبینیەکانی ئێوە دەنوسینەوە، هەر قسە نییە، دەینوسینەوە و خەریکی سیاغەین لەگەڵ لیژنەی قانونیدا، بەڕێز کاک إبراهیم سعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەمەوێت بڵێم لێرە فەرقەکی زۆر هەیە لە نێوان تەئسیس و لەبەینی کاری حزبی ئایندە کە ئیجازە وەردەگرێت و بکەوتە ناو مەیدانی حزبایەتی، موئازر کە(٥٠٠) کەس هاتووە، دەبێت بنوسێت و بخوێنێت لەگەڵ(٥٠) کەس، من ئەمە بە زەرووریەت و، واجبی دەزانم کە ئەو موئازریرانە بزانن ئەو مینهاج و ئەو نیزامی داخلیەی کە تەقدیمی وزارەتی داخلیەی دەکەن بزانن بیخوێنن، ئەگەر نەزانی بخوینێت رەنگە کابرایەک فێڵی لێ بکاتن شتەکی تری بۆی بخوێنێت و بڵێت وەرە تەوقیع بکە ئەوە نەوعەکی تر بیتن یەعنی فێلی لێ کرا بیتن، بەڵام ئەگەر بزانیتن بخوێنیتن یەعنی ئەکیدە ئەوەی لەسەر تێناپەڕێت، یەعنی خۆمان دەزانین لاجئینی ئێمە لە خاریج جنسیەی نادەنێ ئەگەر قەوانینی ئەو دەوڵەتانە نەزانی، یەعنی دەبێت بزانی بخوێنی و بزانی بنوسی راستە لە ٣٨٪ میللەتی ئێمە ئومیيە، بەڵام ٥٠٠ کەسەکەی موئازیر با بۆ خۆی بگەڕێتن بە دوای ئەو کەسانەی کە خوێندن دەزانن، ئیتنمائی دوای تر کە کەوتە مەیدانی کار با ئەندامی تر بێنە ناو ئەوانەی کە نەزانن ،بەڵام بەشەرتەک بە پێویستی دەزانم کەوا بزانیتن ئەو شروتانە

بخوێنیەتن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ٥٠٠ کەسی موئازیر لە فەرقەرەی ٣ من قەناعەتم پێنایەت، چونکە برادەران گوتیان (یلاحظ علی الهیئة التأسیسة) نەخێر نوسراوە (یجب ان یلاحظ) راستە عەیبی تێیدا دەبیتن، موستەوای سەقافی حزبەک مەجموعەیەک کە تەقدیمان کرد ئەم شەرتەیان بەسەرەوە بوو کە فعلەن خاوەن وەعیەکی سەقافی یان وەعیەکی ئیجتماعی بوون، کە لە نەهێشتنی (في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية او أرتكبتها) ئەو کەسانەی کە تەقدیم دەکەن و موشارەکەی ئەو جۆرە جەرائیمانەیان نەکرد بێت، مانای ئینسانی و وەتەنینە ومودریکن و زانانە موستەوایەکی سەقافیان هەیە، ئەگەر هەر نەخەڵەتان نەدەچوونە ناو کاری خراپ کە هەموومان دەزانین جاشاتی بووە، یان هەر شتەکی تر بووە، جا ئەو شەرتە لەگەڵ ئەو پێنج ئەهدافەی کە هاتیین بەنەزری من بۆ تەئسیس کیفایەتە، ئەوەی لە ماددەی چوار هاتووە، موستەوای سەقافی برادەران دەڵێن خەریجی کۆلیژ بێت، بەراستی خەریجی مەدرەسەی حەیات هەیە، خەڵک هەیە نەچووتە کولیە بەڵام سەقافەتەکی زۆری هەیە رەنگە زانکۆ سەقڵی ئەوە دەکاتن، سەقڵی سەقافەی دەکاتن، بەڵام هەیە لەناو ژیاندا فێری سەقافەت بووە، نەشاتی ئیجتماعی هەر بەم شێوەیە، بەڵام دوێنێ من حەقیقەت باسی تەوزیع جوگرافیام کرد، ئەمڕۆ بەراستی کە خەڵک گوێی لە ئارائی تر دەبیتن لێرە ئەوە گرنگە یەعنی پەرلەمان کە گوێت لە فیکری تر دەبیتن رەنگە پەشیمان بێتەوە لە فکرەکەی خۆت، رەنگە تەوزیع جوگرافیا بە حەقیقەت قەناعەتەکی کاملم بۆ دروست بووە دەبێت تەوزیع جوگرافی هەبیتن، چونکە مەخاتری تەشکیلی ئێمە، میللەتی ئێمە هەموومان دەزانین فعلەن ئەحزابی عەشائری دروست ببون لە عەشیرەتێکی بەتەنها، هەرچەندە وەکو گوتمان مەسەلەکە رەجعی نییە، بەڵام بۆ بهێڵین ئەوانە کە بێن تەفریقە بخەنە ناو میللەتی ئێمە، بەخۆمان ئێمە بووینە چوار پارچە، جا بێین دووبارە پارچە پارچەی بکەینەوە یەعنی نازانم چۆن؟ بەڵام من بە موستەوای سەقافی یان موستەوای ئیجتماعی بۆ ئەوە نێڵین کە داخیلی ژیانی حزبایەتی بووین، ئەگەر سەرکردەی ئەو حزبە کابرایەک بێ نەشاتی ئیجتماعی و نەشئەی سەقافی تێدا هەبیتن، وا بزانم کەسبی خەڵکەکی زۆرتر دەبیتن، بەڵام ئەگەر حزب ئەو جۆرە کەسانەی تێدا نەبیتن سەرکردەیان بە تەئکید فاشل دەبیتن و حەل دەبیتن لە تەجاروبی ژیاندا، جا ئێمە با ئەو شەرتانە شەرتی مەوجود و کفایەتن و بەڵام تەوزیعی جوگرافی بەرای من بامێنێتن باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم، بەڕێز شێخ موحسن، فەرموو.

**بەڕێز محسن خالد مصطفی مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە حزبێکی سیاسی ئیستا دروست دەبێت، لەبەر چاویەتی کە کۆمەڵێ ئەحزابی سیاسی لە

پێش خۆیەوە هەیە، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کۆمەڵێ دروشمی تایبەتی بێنێتە مەیدانەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە هەندێ هەڵگۆڕانی تایبەتی هەیە خەڵکێکی تر لە پێش خۆیەوە بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەوان ئێستا دەیکەنە دەسکەوتێکی تایبەتی بۆ ئەو میللەتەیە، قاعیدەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (فاقد الشيء لا يعطي) یەکێک بۆ خۆی لە ئاستێکی سیاسی تێگەیشتنێکی ئابوری تێگەیشتنێکی فکری بیر و رۆشنبیریەکی تایبەتیان نەبێت ئەوا بۆ خۆی ئازادە لەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە حزب دروست بکات، بەڵام ئەمانەتی رێگا پێدان بۆ دروست کردنی ئەو حزبە لە ئەستۆی ئەم پەرلەمانەیە، یەعنی ئەو ئەمانەتە ئەمانەتێکی زۆر گەورەیە ئەمانەتێکی مێژووییە، قوتابخانەیەکی نموونەیی بکەرەوە لەناو شاری هەولێردا، مامۆستایەکی موهمیل یان نەخوێندەوار بهێنە بە ئەمرێکی تایبەتی لە پەروەردەوە بیکە بە مامۆستا لەو شوێنە، مەبەست ئەوە نییە شتی وا کرا بێت، بەڵام ئەگەر ئەمە بکرێت ئەمە خیانەتێکی گەورەیە بەرامبەر بەو قوتابخانەیە، ئەگەر لە پەرلەمانا رێگا بدرێت هەرکەسێ بە ئارەزووی خۆی شتێکی وا بکات، پەرلەمان کە بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی هەموو کۆمەڵگای کوردەواری کوردستان دەکاتەوە بەگشتی، مانای ئەوەیە بیر لە بەرژەوەندی ئەو میللەتەی نەکردۆتەوە وەکو خەڵکی کوردستان ئەوە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە بەرێز وەزیری ناوخۆ ئیشارەتی بۆ بابەتێک کرد کە ئێمە ناتوانین بۆ هەموو کەسێک بگەڕێین بزانین مەلەفی تایبەتی ئەو کەسە چییە؟ ئێمەش هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە خوای گەورەش لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا رازی نەبووە بەوەی کە تۆ ماڵ بە ماڵ بگەڕێی بزانی ئەو خەڵکە چۆنە و چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن دەژی؟ (نحن نحكم بالظواهر والله يتولى السوائر)، کەسێک بڵێین باشە ناوبانگی نەزرا بێت بە خراپە خوای گەورە ئەوەندەی لە ئێمە دەوێت، رژێمی هەر وڵاتێکیش کە سیاسەتی ئەو وڵاتە جێ بەجێ دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە ئەو خەڵکە لە زەمانی رژێمی پێشوودا ئەو کارە خراپانەی نەکردبێت، کە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە شتێکی زۆر باشە لە داهاتووشدا ئەوە ١٠ یان ١٥ ساڵی بەسەردا چووە سوپاس بۆ خوا، لە داهاتووشدا کەسێکی وا پەروەردە نەبوو بێت ناوی زرا بێت تۆ ئەمانەتی ئەو میللەتە بخەیە دەستی! بۆیە سومعەی باش مەرجێکی خراپ نییە، رێگری نییە لە پێش خستنی ئەو میللەتە کە ئەڵێین کابرا سومعەی باش بێت مانای ئەوە نییە کە تۆ قەیدت بۆ داناوە، باسی ئەوە کرا کە ئێستا هەندێ قیود هەیە زیاد دەکرێت کە لە زەمانی رژێمی بەغدا باسی لێوە کراوە، نەخێر یەکێک لەو قەیدانەی کە ئەوسا باسی لێ دەکرا ئەوە بوو کە دژیەتی لەگەڵ ئەهدافی ١٧ و ٣٠ تەمموزدا نەبێت. کەی لە پرۆژەکانی ئێستا رۆژێک لە رۆژان لە پەرلەمان باسی ئەوە کراوە کە دژایەتی لەگەڵ فڵان حزب و فڵان حزب نەبێت، ئەو حزبەی کە دروست ئەکرێت کەی مەبدەئێکی وا هاتۆتە پێشەوە کە تۆ بڵێی ئەمە رێگریە لە ئازادی و بیر و رادەربڕینی ئەو خەڵکەیە، بەڵام بەرگری کردنە لە ئەخلاقی ئەو خەڵکە بەرگری کردنە لە هێما سیاسیەکانی ئەو کابرایە خاوەنی فکرەیەکی رێک و پێک بێت، خاوەنی هۆشیاریەکی چاک بێت، فکرەکەی مستەوردد نەبێت فکرەکەی لە دەرەوە

هێنایبێتی لە هەر بابەتێکی ئابووری سیاسی دینی هەر بابەتێکی تر شتێکی چاک پێشکەش بەو میللەتە بکات. دژایەتی نەبێت لەگەڵ ئەو خەڵکە، ئەوە مەتلوبە لەو ئامانجانەی کە باس کراوە، بۆیە من زۆر تەئکیدی ئەوە دەکەم کە جگە لە فەقەرە یەک کە باسی کراوە فەقەرە سێش هەرچی ئەو مەرجانەی کە هاتووە شتێکی باشە ئێمە گیرمان خواردووە بەدەستی حزبێک یان تەجەمووعێکی سیاسی یان میهەنی کە ئینتخاباتی دەکەن، ئەگەر ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێرین بە ئەندام، ئەندامەکان هەموویان لە ئاستێکی فیکری و سیاسی دا نەبن، خوێندەواریان نەبێت، چوار کەس لەسەر ئەوە دەتوانێ رەئی هەر هەموویان بەو شێوەیە بگۆڕی کە ئەو مەبەستیەتی، حزبایەتی هەر ئەوە نییە خۆتی پێ بەخێو بکەی، حزبایەتی بۆ ئەوەیە خزمەتی ئەو خەڵکەی پێ بکەی لە هەموو روویەکی ژیانی ئەو میللەتەوە کە پێویستیت پێ هەیە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە ئەو مەرجانەی کە پێویستە دابنرێت ئەمە قیود نییە، وەکو مەرجەکانی قانونی هاتوچۆ کە لەناو شاردا دائەنرێت نابێت تۆ بڕۆیت، ئەمە قەید نییە لەسەر حوریەتی خەڵک، ئەمە خزمەت کردنی ئەو خەڵکەیە دەبێت ئەو خەڵکەی ئێمە وا حاڵی بکەی کە دەبێت ئەو مەرجانە بە قەید نەزانن بەڵکو بە خزمەت کردنی ئەو میللەتەی بزانن ئەگەر حزبێک ئەمڕۆ دروست ببێت و دروشمەکانی کەم تر بێت لە ئاستی ئەوەی کە لە پێشترا دروست بووە، کەڵک و سود و ئەهدافی ئەو حزبەی چیە بۆ خزمەت کردنی ئەو گەل و نەتەوەیە؟ لەبەر ئەوە داوا دەکەین ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، شتێکی باشە و بە کەڵکە سوودی لێ وەردەگیرێت و، ئەوەش کە ناوبانگی پاک بێت ئەمە خیانەت نییە بەرامبەر بەو میللەتە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی وەزعی ئەو میللەتە بە ئەمانەتەوە بدرێتە دەستی کۆمەڵێک، کە ئەو کۆمەڵەیە خزمەتیان بکات، نەک بەرەو ئەم لاو ئەو لایان ببات، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک محسن، بەڕێز د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم"د.رزگار":**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێپێکا دیموکراسیەتێ فرە لایەنیان پارتی دزانم، یەعنی هەندی پارتایەتی هەبت و حزبایەتی هەبن، نیعمەتە بۆ میللەتا نەک نیقمەتە، تەئکیدیش دەزانین کە نووکە ئەڤ ولاتێ توشی یەک لایەکی بیتن، لە سیستەمی یەک لایەکی یان حزبێت حاکم حالێ وان چیبە؟ و شوکر بۆ خودا کە تەوەجوها سەرکردایەتیا مە بێ رەنگیە مومکینە ئەمەش حدودی دیموکراسیا دەرباز بن ئەم شێ دژین ئەم شێ ئەم سوپەر دیموکراتن، ێک ئیجرائات و تەعامولا، ژبی مونتەلەقی بقەناعەتا من هەندێ مەرجا ئاسان بیکەن لە پێش حزبا ئب مەسلەحەتا میللەتێ خۆ دەزانین و لڤێرێ مەڤێت ئیشارەت بدەم موداخەلەو روون کردنا بەڕێز وەزیرێ ناڤخۆ کە تەعبیریش کابینا چاریا حکومەتا

هەرێمی ژ کێشەک تێدا نییە، کە وەکو ئەندامێکی موتەزامن لوێرێ کە جهێ رێزێیە ئەو ئاسان کاریا وی داخاز کری بۆ حزب بێنە وجودێ حزب بێنە تەشکیل کرنێ، چونکە دامەزراندنا حزبا فعلەن تشتەکی ئەرکی دزانم کە بەرهەبی بۆ بێتە کرنێ و حیمایەت بێتە کرنێ و ئاسان کاری بۆ بێتە کرنێ دا حزب بێتە تەشکیل کرن چونکە نیعمەتە نەک نیقمەتە.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمانێ من ئیحتیمالا سەردەمێ مەلەکی دوو سێ تەئسیسا ئەحزابا شەرتەکا بەرێ خۆدابێ حەتا بەنیسبەتا وان پێنجی کەسا شەشێ هاتی هەشتێ هاتی نۆژی هاتی، ئەگەر مومکینە ئەم بەرێ خۆ بدەنێ بی وەختێ لە نفوسا عیراقێ سێ چوار ملیۆن بیە، ئەربەعیناتا خەمسیناتادا بزەبت ئەم ژی سێ چار ملیۆنا بی، یەعنی ئەگەر پێنجی کەسێت دووان، ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە قانونێ وان(٦و٨)ئەقسا ٩ هاتی، بۆ ئەم ٥٠٠ موئازیرێت هەنی ئەڤ شروتە بۆ موئازرێت دانێ، تەبیعی ٥٠٠ کەس سانا نینە حزبێک بچێت پەیدا بکەت تازە دەست پێ بکەت، یەعنی ئەو ٥٠٠کەسە کو حزبێ نووکە ببیت دامەزرێت و بۆ خۆی دێ مەجبور بیتن کە خەڵکێک کۆکرد موحتاجی تەوقیعانە دێ بێتە وجودێ، بۆ ئەوەش ئەو ئیشە زیاتر ئاسان بکەین من لەگەڵ هەندێمە ڤی عەدەدیشی کەم بکەین، یەعنی ٥٠٠ بکەینا ٣٠٠، دا بچێت دا شروتێ ڤان تەنێ تا فەرز بکەین، ئەڤ سیماتێت دووهی موداخەلا بەرێز سکرتێرێ پەرلەمانێ من گەلەک وەجی دزانم سەرڤی بێ ئەڤ فەقەرە هانێ چ میعار هەیە ئەم بچیت تشتا پێ بکێشێت، چی هەیە؟ با بزانم ئەمە سیمات حزب سیاسی چ میعیار هەیە پێ بکێشی، چ تەجروبە هاتە کرنێ حەتا خەلکەکی میعیار بۆ دانانا ئەمن وان میعیارا ئیستیفادەی لێ بکەین کە بچن فعلەن ئێکسا ئان زێد من ناس ئەڤ ملاحەزە دێت سیاسی سەرهەن سەقافی ئان سەقافی مومکینە ناحیەی نەشاتێ کۆمەڵایەتی مومکینە ئابووری مومکینە، بەڵام سیمات حزب سیاسی بۆ شەرتەکی دانان حزبەکی سیاسی کادرەک ئان شەخسەکی نیشمان پەرەوەر ببیت بۆ خۆی حزبەکی چاک بکەتن، من دبینم دێ سیستەمی فرە لایەنی ڤا، ژ بەر هەندێ من بە پێویستی دزانم کە تەئیدی دکەم ئەڤ فەقەرە نەمێنێ ئەسڵەن (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والموازرين سيمات حزب سياسي) سیمات حزب سیاسی من هیچ معیارا بۆ نەشێ بۆ بکێشێت باوەڕناکەم کەسەک هەبی بشێت کو ئان تەجرووبە خەلکەکی دی هەبیت ئان ئیستیفادەی ژ بەو ناحیەی لێ بکەین و نیسبەتا وەکی من گوتی هەتا مؤازر یەعنی مؤازر ٥٠٠کەس ئیدی مەجبور بیتن موحتاج بیتن ئەز ئان ئێکی دی ئان ئکس ئان زێد کەڤتە ناڤ خەڵکێ دا تەوقیعەکم کرد دا بێژێت، ئەگەر کێم بکەین گەلەک دێ ئاسان کاری بۆ وێ حزبی دکەمێ، ئەو بەشێت حزبە سەر بێت دامەزراندن و سەر پێراخستن و وەکی مەزبووتی نیعمەتی دزانم نەک نیقمەت، چونکە ئەڤ وڵاتا کو توشی ئەحزابێ حاکم بینە حالێ وان چییە بزانن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، بەرێز کاک شێخ جەعفەر، فەرموو.

**بەڕێز جـــعـــفـــر علی عـــبـــدالعـــزیز:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەڕێزان ئەم تەعدیلە، تەعدیلی قانونی ئەحزابە کە نۆ ساڵ لەمەو پێش دەرچووە، نۆ ساڵ لەمەو پێش ئەو قەیدانەمان دانەناوە لەبەر ڕەچاو کردنی ئەو خاڵانەی کە باس کران، خاڵی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، بەڵام ئەنجامی بەرهەمی ئەم نۆ ساڵە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لەم نۆ ساڵەدا ئەمەی لێ دەرچووە، بەڵام نەقیدە بۆ مافی مرۆڤ و نەقیدە بۆ دیموکراتیەت، بەڵکو ئەمە خزمەتی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت دەکات ئەنجامی ئیش کردن بەم یاسایە لەم نۆ ساڵەدا، ئەم خەلەلانەی لێ دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی چارەسەری ئەم خەلەلانە شتێکی زەرووریە و، بەتایبەتی ڕەچاو کردنی ئێستای وەزعی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ڕەچاو کردنی وەزعی هەرێم لە دەوروبەر کە چی ئەیانەوێت بیکەن لە ناو هەرێمدا؟ لەبەر ئەوە شتێکی زۆر باشە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو خاڵانە وەکو خۆی بێت، بەڵام بەنیسبەت سێیەمەوە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی ئەوەی کرد کە مومکینە مەجال نەبێت بۆ ٥٠٠کەس ئەو شتە بکرێت، ئەگەر بێت و هەیئەی موئەسیسە ئەو شەرت و شروتانەی تیا بێت، مومکینە ڕەنگ بداتەوە لە خوارەوە، لەبەر ئەوە وای بە باش دەزانم خاڵی سێیەمی بەم شێوەیە بێت (یجب ان یلاحظ علی الهیئة المؤسسة سمات حزب سیاسي من حیث المستوی الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزیع الجغرافي) بەراستی تەوزیع جوگرافیەکە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس کاک شێخ جەعفەر، بەڕێز کاک ئیدریس ئاخیر کەسە، فەرموو.

**بـەڕێـز د.إدریـس هـادی صـــــــالـح:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من نامەوێت دووبارەی هیچ قسەک بکەمەوە، بەڵام هەموار کردنی هەر یاسایەک دیارە چاک کردنی یاسایەکەیەو بەرە و پێش بردنیەتی، ئێمە باس کە لە هەموار کردنی ئەو یاسایە دەکەین پاش نۆ ساڵ وەزعی کوردستان جیا بوو، ئێستا جیایە، باری ڕۆشنبیری بەرەو چاکتر ڕۆیشتووە، ئابووری و ئاسایش هەموو شتێک بەرە و باشتر ڕۆیشتووە، لێرەدا دوو شت هەیە ئێمە یان دەبێت ئیهتیمام بە نەوعیەت بدەین، نەوعیەت یەعنی چاک کردنی ئیشەکە، یان دەبێت بەرەئی من ئاسانکاری، کە هەندێ برادەر باسی دەکات ئەوە بەرە و خراپ کردنی ئیشەکەیە، ئەگەر تەسهیل بۆ شتەکی بکەی بەتایبەتی تەئسیسی حزبێک کە بیەوێ سەرکردەی شەریحەیێک بکات، خەڵکێک بکات دەبێت نەوعیەتێکی چاک بکەی، ئەوە مانای ئەو شروتانەی دانراون مانای ئەوە نییە کە تۆ بەربەستت دانا. بە پێچەوانەوە دەتەوێت نەوعیەتەکەی چاک بکەی، تۆ ژمارەت زیاد کردیە ٥٠٠ لەهەمان کات پێشنیار دەکەی کە هەندێ شتی لێ لابردرێت خوێندن و نوسین،

یەعنی هەندێک مەسائیلی سومعەو نازانم چ؟ ئەوانەی لێ دەرکەی مانای ئەوەیە ئەوە نەوعیەتی خراپ دەکەی، تۆ دەبێ بە پێچەوانەوە ئەو شەرتانەی لێ زیاد بکەی بۆ ئەوەی نەوعیەتەکەی چاکتر بێت، ئێمە ئایا لە کوردستان ژمارەی ئەحزابمان کەمە بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکەین و ژمارەمان زیاد بێت، پێویستمان بە زیادەی ژمارەی ئەحزابە؟، من نالێم ئەحزاب زیاد نەبێت، بەلاّم دەبێت نەوعیەتێکی چاک بێت و بە شروتێکی موعەیەن بێت، ناکرێ تۆ ئەو هەموو حزبە هەیە کە ئێمە دەزانین هەندێک حزب رەئیمان چۆنە لەسەری هەر بە حزبیش ناکاتن بێین ئەحزابی تر لەم نەوعە دروست بکەین، جا بە بۆ چوونی من ئەو شتانەی کە دانراون زۆر لە جێگای خۆیەتی، جوان دارێژراوە، بەلاّم بەنیسبەت خوێندن و نوسین بەراستی شتەکی زەروورییە، ئێمە بەرەو (محو الأمية) دەچین ئێستا بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە دەستی پێکردووە پاش نۆ ساڵ، یەعنی ٥٠ئەندامی موئەسیس نەتوانی هەریەک ١٠کەس بینی کەخوێندەواریان هەبێت کە دەکاتە ٥٠٠کەس، یەعنی کە تۆ حزبەک تەئسیس دەکەی ٥٠ کەسی موئەسیسەکە هەریەکە ١٠کەس ناناسی لە کوردستان کەخوێندەواری هەبێت بۆ ئەوەی ٥٠٠ کەسەکەی پێ تەواو بکات، ئەوە یەک، دووش بەنیسبەت تەوزیعی جوگرافی برادەران باسیان کرد زۆر زەروورییە پێویست ناکات باس بکەم، بەنیسبەت خاڵی سێیەم لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر وشەی موئازیری لێ دەرچێت ئەوەی تر هەمووی لە جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش گفتوگۆی برادەران و پاش ئەو تێبینیانەی کە برادەران تەرحیان کرد، چ لە موستەوای خوێندن و نوسین، بەنیسبەت موئسیسین و موئازرین چ لەسەر مەوقیعی جوگرافی چ لەسەر سیمات و چ لەسەر سومعە ئەو تێبینیانە لەلای هەیئەتی ریئاسە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە و، پێشنیارێک ئێستا لە هەیئەی ریئاسەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئێمەش لامان باشە وەکو لیژنەی یاسا، ئەگەر بفەرموون مەجال بدەن بۆ ئەوەی عەرزی برادەرانی بکەم کە فەقەرە یەک بەچ شێوەیەک بێت و فەقەرە سێ بەچ شێوەیەک بێت، رەئیش رەئی برادەرانە چۆن بە پەسندی دەزانن چۆنیان پێ باشە رەئی لەسەر ئەو شێوەیە بدەن ئەگەر ئەمر بفەرموو بۆیان بخوێنمەوە.

١- تقديم طلب تحريري الى وزارة الداخلية موقع من الأعضاء المؤسسين لا يقل عددهم عن ٥٠ عضواً، لا يقل عمرالعضو عن ٢٥ سنة، ومواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن ٥٠٠مواطنٍ، يجيد أكثرهم القراءة والكتابة، ولا يقل عمر المؤازر عن١٨سنة وان لا يكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة

القمعية أو أرتكبتها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەوە نەسی فەقەرەی یەکەمە یان تەعدیلی فەقەرەی یەکەمە بەم شێوەیە هاتووە و، موقتەرحیش بەنیسبەت فەقەرە سێ ئەوی کە لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە (يجب ان يلاحظ السمات و الموقع الجغرافي) بەم شێوەیە هاتووە:

٣- يجب ان تضم الهئيه المؤسسة المواطنين المعروفين بوطنيتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحياة السياسية والاجتماعية والثقافية في كوردستان.

هەروەها تەعدیلی بڕگەی یەکەمە (الإجتماعية والثقافية في كوردستان يستشف منه إرادة جدية للأشتراك في العمل الوطني وتنظيم مساهمة المواطنين في الحياة السياسية للأقليم في إطار برنامجٍ سياسي خاص كما ويلاحظ التوزيع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسين والمؤازرين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(التنوع الجغرافي) نوسراوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

(كما ويلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسين والمؤازرين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جارێکی تر دەیخوێنمەوە، بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە دەبێت:

أولاً: تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠) عضواً لايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لايقل عددهم عن(٥٠٠) مواطن ويجيد أكثرهم القراءة والكتابة ولايقل عمر المؤازر عن(١٨)سنة وأن لايكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

بڕگەی سێ بەم شێوەیە دەبێت:

ثالثاً: يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة المواطنين المعروفين بوطنيتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحياة السياسية والأجتماعية والثقافية في كوردستان يستشف منه إرادة جدية للأشتراك في العمل الوطني وتنظيم مساهمة المواطنين في الحياة السياسية للأقليم في إطار برنامجٍ سياسي خاص، كما ويلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسين والمؤازرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (أكثريتهم تجيد القراءة والكتابة) ئەمە تەنها بۆ موئازرە یان بۆ موئەسس و موئازرە؟ چونکە لە صیغەکە وا دیارە تەنها بۆ موئازرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها بۆ موئازرە، موئەسسین دەبێت هەموو خوێندن و نوسین بزانن، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود أحمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ ئێمە کە باسی ماددەی یەکمان کرد لە بڕگەی یەک: (لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه) لێرە کە باسی (٥٠) کەسەکە دەکەین باسی (٥٠٠) کەسەکە دەکەین تەنها باسی (مواطن)مان کردووە باسی (ساكنين)مان نەکردووە، مانای ئەو حیزبە کە دروست دەبێت (٥٠) کەسەکەو (٥٠٠) کەسەکە هەمووی لە مواطنین کەواتە کەباسی ساکنین کراوە دوێنێ ئەم بڕگەیە یان ئەم ماددەیە تەقییدی بڕگە یەکی ماددە یەکی دوێنێ ئەکات حەز دەکەم ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئیستفسارمان کرد وایە بەم شێوەیە تەواوە بەم شێوەی کە نوسراوە، پرسیارمان کردووە لە دەستەی تەدوینی قانونی ئەوانەی کە تەنزیمی ئیشەکەیان کردووە ئەو شێوەیە تەواوە. جا فەرموو هەموو ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ بەم شێوەیە دەبێت بە تەعدیلەوە:

المادة الثالثة:

أولاً- تقديم طلب تحريري الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠)عضواً يجيدون القراءة والكتابة لايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لايقل عددهم عن(٥٠٠) مواطن يجيد أكثرهم القراءة والكتابة ولايقل عمر المؤازر عن(١٨) سنة وأن لايكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ثانياً ـ يتضمن الطلب المذكور في الفقرة (اولاً) أعلاه إسم ولقب وعمر ومهنة ومحل إقامة

كل عضو مؤسس أو مؤاز وإسم الحزب على أن لايكون مطابقاً لإسم حزب أخر.
ثالثاً ـ يجب أن تضم الهيئة المؤسسة المواطنين المعروفين بوطنيتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحياة السياسية والأجتماعية والثقافية في كوردستان يستشف منه إرادة جدية للأشتراك في العمل الوطني وتنظيم مساهمة المواطنين في الحياة السياسية للإقليم في إطار برنامج سياسي خاص، كما ويلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسين والمؤازرين.
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، ئەوە مادده شەش بوو بە هەرسێ بڕگەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ لەسەرەتا پرۆژەی حكومەتمان پەسەند كردووە بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئێستاش ئێمە لەگەڵ پرۆژەی حكومەتین تەنها ئەو دوو تێبینیە نەبێت كە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەستنیشانی كرد بخرێتە ناو ماددەكە. یەک بەنیسبەت (یجید القراءة والكتابة) حەسر بكرێت بە (مؤسسین)، دوو بەنیسبەت سیماتی حزبیش حەسر بكرێت بە (مؤسسین) بەتەنها، ئەوە تێبینییەكانی لیژنەی ناوخۆ بوو بەنیسبەت ئەو دەقەی موقتەرەحەكە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماددەكە دەدەینە دەنگدان تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەزۆرینەی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا. ماددەی چوار تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:
تعدل الفقرة(٢)والفقرة(٤)من المادة السابعة وتكون كالآتي:
٢ـ عند عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة(١)أعلاه لإكمال النواقص.
٤ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تكایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو برگەی دوو بڕیار بدرێت دەبێت برگەی یەک دەستکاری بکرێت، چونکە برگەی یەک دەڵێت (علي وزير الداخليّة التأكد من إستيفاء طلب التأسيس المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون وإحالة الطلب الى مجلس الوزراء خلال مدة (٣٠) يوماً من تأريخ تسجيله) لێرە مەسەلە (تسجيل) نییە مەسەلە (إستيفاء)ە دەبێ ئەو (تسجيل)ی لابەین بلێین (من تأريخ إستيفاء الطلب لشروط التأسيس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسا گوتی ئێمە پشتگیری دەکەین، ڕای ئێمەش بۆ برگەی چوار (تقديم طلب الى رئاسة مجلس الوزراء) چونکە کاتێ کە داواکاریەک پێشکەش دەکات بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش بە ڕای لیژنەی ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری تێبینیەکەی لیژنەی یاسا دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامتان هەیە بۆ پێشنیاری لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە باش هاتووە تەنها ئیحتمال هەیە برادەران تەصەور بکەن ماوەکە زۆر بێت چونکە لە ئەساسەوە ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی بەتێی بکات لە ماوەی (٤٥) ڕۆژ، مانای وایە جارێکی تریش بە برگە چوار دەبێ ئەگەر بەت نەکرا دیسان داوا بۆ ئەنجومەنی وەزیران تەقدیم بکرێتەوە دووبارە، بۆیە مانای وایە دوو جار (٤٥) ڕۆژە یان ئەو ماددەی نەبێتن یان دوو جار (٤٥) ڕۆژ زۆرە تەقدیر بکرێتەوە بە ماوەیەکی تر کەمتر و، ئەنجومەنی وەزیران هەر تەمسیلی سەرۆکایەتی

دەکرێت بەڵام عـینوان نانوسرێ دائیـمەن نانوسرێ، ئەنجـومەنی وەزیران دەنوسرێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، شتێکی زۆر ئاسایییە داوا ئەوها پێشکەش دەکرێت بەڵام پێویستە بڕیاری ئەنجومەنی پێ دەربچێت نەک سەرۆک خۆی بەت لە بابەتەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە لە یاسا ئەنجومەن دەنوسرێ، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ کاک فاضل رەئوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی چوار لە ماددەی چوار تێبینییەکم هەیە، ئایا هۆکار چییە ئەم داواکاریە بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ داواکاریەکە دووبارە نەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ چونکە ئەوە رێگا ئەدات کە بەیانی هەر کێشەیەک هاتە ئاراوە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری لەسەر بدات ئەو لایەنە بۆی هەیە تەعنی لێ بدات، لەم حاڵەتەدا لەوانەیە گرفت دروست بێت لە رووی ئیداری و سیاسی و یاساییەوە کە ئەنجومەن ئیختیصاصی خۆی دادگاش بەکاری دەهێنێت. بۆیە هەر لە رووی یاساییەوە بدرێتە لایەنی پەیوەندی دار کە وەزارەتی ناوخۆیە هەر وەک چۆن مۆڵەت دان و حەلکردنی ئەو حیزبە لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کردوویانە شتێکی باشە بەڵام ئەتوانین هەر لە بڕگەی دوو موعالەجەی ئەم گرفتە بکەین دەست لە بڕگەی یەک نەدەین، بڵێین: (عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص وتحتسب الفترة الواردة في الفقرة (١) أعلاه اعتباراً من تأريخ تقديم جديد للطلب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسەی کە حیزب دادەنێت پێویستە باش لە قانون بزانێت دەبێ قانونی ئەحزابی باش هەرسکردبێ شروط و ئەو شتانەی بۆی دانراوە بیزانێت، لێرە ئەو تەعدیلە هاتووە ئەو بڕگەیەی

ماددەی حەفتەمی قانونی ئەساسی حەزف بكرێت (وفي كل الأحوال لايجوز إعادة الطلب لأكثر من مرة واحدة) من وا بەباش دەزانم كە بمێنێتن چونكە نەوەك مامۆستا وقوتابی ئەوە كەمە زیادە بكەو ئەوە زیادە كەمی بكە، یەك جار قەیناكە هەندێ بە نەزەر ئیعتباریش وەربگرین باشە بەڵام هەر جارەو دوبارەبكرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەواوكردنی كەموكوڕی، من بەباش دەزانم ئەم برگەیە بمێنێت (لأكثر من مرةٍ واحدة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك فاضل فەرمووی تەبعەن ناكرێت داوایەكە بۆ وەزیری ناوخۆ تەقدیم بكرێت چونكە بابەتەكە لە لای وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە و چۆتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران چونكە لایەنی موخەوەل بۆ مەنحی مۆڵەت ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیرانیش لە قانونەكە هاتووە دەڵێت دەبێت لە ماوەی (٤٥) ڕۆژ بەتێی تێدا بكات، بەڕاستی ئەو تەعدیلە هەر بۆ ئەوەیە بۆ بەبیر هاتنەوەیە ئەگەر هاتوو ئەو (٤٥) ڕۆژە ئەنجومەنی وەزیران نەبوو دیسان داوایەكی تری بۆ بنێری حیزبەكە بڵێت من (٤٥) ڕۆژە قەزیەكەم لێرەیە بۆ وەڵام نەدراوەتەوە بۆ ئەوەی دووبارە دیراسەت بكرێتەوە لە ماوەی (٤٥) ڕۆژی تر دەست پێدەكات جوابی وەڵامی دەدەنەوە یان مۆڵەتی دەدەنێ یانیش ئەگەر ماوەكە تێپەڕی و قسەیان تێدا نەكرد ئەوە ئیعتبار دەكرێت حیزبەكە موجازە بە حوكمی قانون، بەنیسبەت كاك ئەمین فەرمووی ئیمكان هەیە لێرە جێبەجێ بكرێت بەڵام بەو دوورو درێژیەی نا یانیش ماددەكەی بگۆڕی دەتوانین بڵێین (عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص وتبدأ إعتباراً من تأريخ إستيفاء شروط طلب التأسيس) دەتوانین ئەم عیبارەیە زیاد بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو كاك سەعید.

**بەڕێز سعید محمد صديق هروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دوو سێ جار باسی (٤٥) ڕۆژ كرا، مەعەل عیلم لە تەعدیلی یەكەم ئەحزاب نوسراوە دەڵێت برگە یەك (٣٠) ڕۆژە بۆتە (٩٠) ڕۆژ، برگە سێش تەعدیل كراوە (٤٥) ڕۆژەكە بۆتە (٩٠) ڕۆژ، با توشی ئیشكالێك نەبین لە تەعدیلی یەكەم ئەمانە كراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە جارێكی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (٢)والفقرة (٤)من المادة السابعة وتكون كالآتي:

٢- عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص.

٤- في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة من الفقرة (٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی خۆتان نەخوێندەوە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک لەبەر ئەوەی مێژووی تۆماركردنی تێدایە بۆ ئەوەی نەبێتە ئەساس بەنیسبەت ماوە دەستپێكردنەكە بەم شێوەیە بێت باشە:(على وزير الداخلية التأكد من إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون وإحالة الطلب الى مجلس الوزراء خلال مدة (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ إستيفاء الطلب شروط التأسيس).

بڕگە دووش بەم شێوەیە بێت: (عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص).

بڕگە چواریش بەم شێوەیە بێت: (في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی چوار بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی چوار بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم تكایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حـــیـــــدری:**

المادة الخامسة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

على الحزب إعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر أن التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الحالة الاجتماعية في الاقليم.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەرای ئێمە مەجال بدەینە ئەو حیزبە طەعن لەو بڕیارەی بدات ئەگەر بڕیاری سەحب بوو بەم شێوەیە بێت: (وللحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء لدى محكمة التمييز لإقليم كوردستان العراق ويكون قرار المحكمة باتاً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جــــمــــیل عـــبــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە هەر بەم شێوەیە بمێنێت، رای ئێمە زۆر ڕێکوپێک ترە تاکو ئەحزاب ئیلتزام بکەن بە تەعلیمات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حـــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەگەڵ تێبینییەکەی لیژنەی یاساییینە، بەڵام پێویستە ماوەی تەمییز دیاری بکرێت بە چەند ڕۆژ حەقیان هەیە تەمییزی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بۆ ئەوەی باشتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت زەحمەت نەبێت ئەم خاڵەمان بۆ شەرح بکەن (يسيء الى الحالة الأجتماعية في الإقليم) مانای چییە؟ ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسین، ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە کاک عبدالخالق زەنگەنە، کاک شەمایل نەنۆ،

کاک د.رزگار، کاک فاتح محمد ئەمین، کاک ئەمین مەولود، حاکم سەفەر، کەس هەیە ناوی نەنوسرابێت فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز سعید علی خان عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتووە لە بڕگەی شەشی مادده حەفت ماوەکەش دیاری کراوە بە (٣٠) ڕۆژ، جا پێویست دەکات لێرە دووبارە ببێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی سێ وابزانم ئەو مەبەستانە دیارە، ئیسپاتمان کردووە و دەنگمان لەسەر داوە کە دەستەو موئەسیسەو سیماتی حیزب و دەقەکە لای من نییە بەراستی بەتەواوی، بەڵام ئەکید لایەنی کۆمەڵایەتی مەبەستی دەقەکە ئاسایشی هەرێمە بەرژەوەندی باڵای هەرێمە هەروەها تەرکیبی سوککانی و سەرهەڵدان و تەجروبەی دیموکراتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وا تەصەور دەکەم ئەو تەعدیلە دەبێت هەندێ دەقیق بێت.(١- لمجلس الوزراء الأعتراض على ذلك) پێش ئەوەی سەحبی مۆڵەت بکەی، بە ڕەسمی ئەنجومەنی وەزیران حەقی هەیە ئیعتراز بکات لەلای حیزبەکە ئەو گۆڕانکاریە گۆڕانکاریەکی ئاسایی نییە داوا دەکەین لە حیزبەکە ئیعادەی نەزەر بکاتەوە ئەوە یەک. دوو سەحبی مۆڵەت وەک چۆن لە قسەی لیژنەی قانونیشدا هاتووە ئەبێ حەقی حیزبەکەش هەبێت بۆ ئیعتراز گرتن لەلای مەحکەمەی تەمییز. سێ بەنیسبەت (من الحالة الإجتماعية في الإقليم) وەک جەنابیشت ئێستا پرسیارت کرد زۆر روون نییە بەرای من (بسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الأمن القومي الكوردستاني) ئەوە دەقیق ترە وابزانم لایەنی کۆمەڵایەتی تەفسیرەکەی لەوانەیە زۆر هەڵە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شمائیل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــائیل ننۆ بنیـــــامین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تقريباً نفس المفهوم الذي ذهب إليه الأستاذ عبدالخالق، أنا أقترح إنذار الحزب يتم إنذار الحزب من قبل رئاسة مجلس الوزراء، ونفس الشيء أيضاً إعطاء الحق للإعتراض لدى محكمة التمييز وأقترح إن هذه الشروط الواردة تقرأ بالشكل التالي:

إذا ما ظهر أن التغيير يؤدي الى الإخلال بشروط وأهدا ف تأسيس الأحزاب الواردة في هذا القانون، شكراً.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لێرە حیزب هەیەو هەموو مەرجەکانیشی هەیە بەڵام گۆڕانکاری کردووە، باشە بۆ سەحبی مۆڵەت یەکسەر بکرێت؟ بۆ ئەنجومەنی وەزیران رەفزی داواکاریەکەیان بکات ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە نەبێت هۆکاری سەحبی نابێت. دووەم برادەران دەڵێن (لدى محكمة التمييز الطعن) بۆ بڕیاری دادگا دەرچووە هەتا طەعنی ئەم بڕیارە بێتە کردنێ چونکە بڕیار دێت بۆ سەحبی مۆڵەتی بڕیاریش هی دادگایە ئەگەر بڕیاری دادگا نەبێت چۆن طەعن وتەمییز دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاک فاتح محەمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فـــاتح مـــحـــمـــد أمین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(لايجوز العمل الا بموافقة مجلس الوزراء) گۆڕانکاریەکە جێبەجێ نەکرێت تاوەکو ئەنجومەنی وەزیران موافەقە دەکات چونکە لەوانەیە لەم (٣٠) ڕۆژە خراپ بەکار بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لێژنەی یاسایی تکایە وەڵامتان؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

برادەران هەندێ تێبینییان پێشان دا، تێبینییەکان بەراستی باشن بەڵام نەچونە لایەنێکی تر بۆ نمونە: یەک فەرمووی ئەنجومەنی وەزیران ئیختاری بکات یەک فەرمووی ئاگاداری بکاتەوە، چونکە ئەو حیزبەی کە مینهاج و نیزامی ناوخۆی گۆڕییە بە کۆنگرە گۆڕیتی چونکە ئەو حیزبە مۆڵەتی وەرگرتووە بە مینهاجێک و نیزامێک کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجامی

کۆنگرەیەک گۆڕیتی ئەو کۆنگرەیە ئایا سەرکردایەتی ئەو حیزبەی کە ئینزارێکی بدرێتێ بە ئینزارەکەی خۆی پێ تەعدیل دەکرێ؟ نەخێر ناتوانێ تەعدیل بکات دەبێت کۆنگرەیەکی تر ببەستێ بۆ ئەوەی نیزامی خۆی چاک بکات، باشە ماوەی ئەو کۆنگرەیە چەندی پێ دەچێت ئەو پێنج شەش مانگەی ئەو مینهاج و نیزامە ئیشی پێ بکرێت کە سەرپێچی ئەوەیە، نەخێر ئەنجومەنی وەزیران با ئەو حەقەی هەبێت لێی وەربگرێت بەڵام طعن لە بڕیارەکەی بدات و بڵێت ئەنجومەنی وەزیران حەق نییە لەو ئیجرائاتەی کە دژی منی کردووە بڕیاری دادگای ئەگەر دەرچوو وەکو پێویست ئیجرائاتی دەرحەق نەکراوە ئەوە بڕیارەکەی لەغو دەکرێت هەر وەکو خۆی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و حیزبەکە نەشاتی خۆی مومارەسە دەکات وەکو پێویست. بەڕێز کاک د.رزگار فەرمووی با ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی نەداتێ ئەوە مۆڵەتی وەرگرتووە بە مینهاج و نیزامێک وەری گرتووە بە کۆنگرەیەک نیزام و شتەکەی گۆڕییە گونجاویش نییە لەگەڵ بەرنامەی حیزبەکەیان لەگەڵ تەوەجوهاتی نیشتمانییان ئەو ئیشکالەی کە هەموو لایەکمان دەزانین، بۆیە لەم حاڵەتەی ئیمکان نییە لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران ئەو گۆڕانکاریەی هەر نەزانێت، ئەو یەکسەر مینهاجەکی پێشکەش ناکات لەوانەیە مەعلوم نەبێت دووبارە ئەنجامی هەموو کۆنگرەیەک پێشکەش ناکرێتەوە لەوانەیە لە ئەنجامی مومارەسات ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەردەکەوێت کە گۆڕانکاریەک بووە، ئێمە مەرجێکمان دانەناوە لە بڕیارەکە کە هەموو کۆنگرەیەک مینهاج و نیزامەکەی پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکات دوو بارە بەراست یەعنی کە زانیاری پێ بوو مینهاج و نیزامەکە بە شێوەیەکی ئەو تۆ گۆڕاوە کە ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخەکە حەقی خۆی هەیە سەحبی بکات و، حەقیشمان داوەتە حیزبەکەی وەکو هەموو جارێک دەڵێین (دەستێک مەحکەمە ببیرێ خوێنی لێ نایەت) ئەوی تر قەزایە بڕیار دەدات ئەگەر موحق بوو ئەگەر موحق نەبوو. بەڵام ئەوەی کاک فاتح گوتی لەوانەیە بەوەی حەل بکرێت مانای نەنوسین ئەگەر لە (٣٠) زیاتر ئەگەر بڵێین سەرپێچی ئەوانەی کرد کە لە ماددەی دوو هاتووە، ئیحتمال هەیە هەندێک فراوانتر بێت و موحەددەدتر بێت دیار کراوە بەرنامەکەی و موحەددەدەکە و ئەهدافەکان تیای دیار کراوە لەوانەیە ئەوە بڕوات ئەمریش ئەمری پەرلەمانە بزانین ڕایان لەسەری چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر قبوڵی دەکەن ئەوە داخیلی بکەن لە جیاتی ئەو دوو وشەیەی کە زۆر ڕون نییە بەڕاستی ناتوانی بە ئاسانی وردی بکەیتەوە لایەنی کۆمەڵایەتی چۆن ورد دەکەیتەوە وەزیری ناوخۆ بۆ نمونە بەڵام لەوێ لە بڕگەکە نوسراوە فلان شت و فلان شت.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

تەبعەن ماددەکە هاتووە تەقریبەن حەسری کردووە وەنییە زۆر بە فراوانی بێت بەڕاستی ئێمەش نامانەوێت زۆر بە فراوانی بێت ئەگەر بڵێین: (الأهداف الواردة في القانون أو الواجبات) مانای وایە هەرچی لە بڕیارەکەی هاتووە هەموو کاتێک ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ سەحبی ئەوە بکات

ئێمەش نامانەوێت ئەو دەسەڵاتە بدەینە ئەنجومەنی وەزیران هەموو کاتێک سەحبی ئیجازات بکات بە ئیعتباری دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ هەیە ئەگەر حیزبێک سەرپێچی لە واجبات و ئەهدافی بکات لە ڕێگای دادگا داوا دەکات طعن لەو ئیشەی دەدات، جا لەبەر ئەوەی وەکو خۆی هاتووە تەقریبەن لە دوو حاڵەت حەسر بووە ئەویش ئەو دوو حاڵەتە مادام حیزبەکە مەجالی ئەوەی هەیە کە طعن لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بدات لە پێش مەحاکم، مەسەلەکە حەتمەن ئەنجومەنی وەزیران بە تەئکید دەبێ بەتەئنی بڕیار وەربگرێت و، بڕیاریش بدات بزانێت بڕیارەکەی هۆکارە، بڕیارەکەی لە ڕووی یاساییەوە وەکو پێویستە؟ ئەوجا لە ڕووی قانونییەوە وەکو پێویستە ئەوجا بتوانێت ئەو بڕیارە وەربگرێت چونکە دەزانێت ئەگەر وانەبێت بڕیارەکەی لە ڕێگای مەحاکم لەغو دەبێت، لەوانەشە پێی باش نەبێت بڕیارەکەی لەغو بێت حەز دەکات بڕیارەکانی خەڵک لەغو نەبێت قرارات قوەتی قانونی هەیە قانونی بێت و ڕێکوپێک بێت، جا لەبەر ئەوەی ماددەکە وەکو خۆی هاتووە ئەگەر لێم قبوڵ بکات بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ماددەکە وەکو هاتووە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ڕای خۆتان؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڵێ ڕای ئێمە هی طعن (للحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء) ئەو تێبینییەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوخۆش جێی خۆیەتی (خلال مدة ١٥ يوماً من تأريخ تبلغه بقرار السحب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدان، فەرموو کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تەئکید دەکەم سەحبی مۆڵەتی حیزبێک شتێکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوە دەبێت (ئەسباب موجیبەی) زۆر بە قوەت بێت بۆ ئەوەی کە سەحبی مۆڵەتی لێ بکرێت ئەویش موتەعەلیقە بە (فقدان الغرض الوطني والأمن القومي الكوردستاني) من تەئکید دەکەم لەسەر وشەی (الأمن القومي الكوردستاني) لەبەر دوو هۆکار: یەک ئەم نیزامە بە گشتی وشەیەکی وای تێدا نییە، دوو ئێستا لەناو کوردستان تەوەجوهاتێک هەیە، جەماعەتێک هەیە هیچ موراعاتی (ئەمنی قەومی کوردستان) ناکەن و، ئیرطباتاتێکی مەشبوهیشیان هەیە، هەروەها داوا دەکەم ئەو وشەیەی تێدا بێت (الغرض الوطني والأمن القومي الكوردستاني) بەو هۆکارە سەحبی مۆڵەت بکرێت، نەک لەبەر ئەوەی ناوەکەی شتێکی زیاد کردووە یان ماددەیەکی گۆڕیوە لەبەر

ئەوەی سەحبی مۆڵەت شتێکی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێت ئەوە زیاد بکرێت ئەوە شتێکی ترە بەڵام ماددەکە وەکو خۆی هاتووە ئەوەش وەکو پێشنیارێک هی بەڕێز کاک عبدالخالق، پێشنیارێکی هەیە ئەگەر جەنابتان ڕازی بن بیدەنە دەنگدان ئەگەر برادەران پێیان باش بوو ئیزافەی دەکەینە سەر (فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو مخالفته للأمن القومي) بزانە بە چ دەقێک دێت زیادی دەکەین، ئەوەش دەبێ هەر بمێنێتەوە بابەتی طەعنەکە طەعن هەر ئەبێ بمێنێت چونکە طەعن حەقێکی مەشروعی حیزبە نەوەک مەغدور بێت حیزبەک لە بڕیارێکی تەنفیزی با حەقی خۆی بێت موراجەعەی دادگا بکات و بڕیاری دادگای تەمییزیش لە بابەتەکە باتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شەمایل.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقيقةً أنا برأيي أنه جنابك أشار الى الحالة الأجتماعية هذا تعريف فضفاض قليلاً، لذلك أنا أعتقد أن موضوع سحب الإجازة يجب أن يسبقه إنذار الحزب وفي حالة عدم الإستجابة يكون سحب الإجازة. أما الموضوع الذي أقترحه الاستاذ عبدالخالق حقيقةً أنا أرى أنه الغرض الوطني شافي وكافي لهذا الموضوع نحن ممكن أن نشوف، و مصطلح (الأمن القومي الكوردستاني) ممكن أن يتداول في منشورات الأحزاب ولكن هذا قانون وإن الوضع الحالي التي نعيشه حقيقةً الإتهامات والاستقلالات يجب مرعاة هذا الجانب أيضاً، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لە جیاتی ئەو (الحالة الاجتماعية في الأقليم) (النظام العام و الأداب العامة) بخەینە ناوی باشتر نییە؟ فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕازین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا تکایە بخوێندرێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای ئەم گۆڕانکاریانە بەم شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

على الحزب إعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر أن التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى النظام العام والأداب العامة في الاقليم وللحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء لدى محكمة التمييز لإقليم كوردستان العراق خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ تبليغه بقرار السحب ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات ماددەی پێنج بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

تعدل الفقرة (١)والفقرة(٦)من المادة الثالثة عشرة وتكون كالآتي:

١ـ أمتلاك وسائل الاعلام لتحقيق أهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حادى عن المفهوم الوطني او عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.

٦ـ قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا زۆر سەرپێچی هاتەکرن پێویستە هەتا حەقی وەزیری ناوخۆ هەبێت بۆ ئەوەی وەسائیلی ئیعلام بگرێت، ئەگەر لێرە هاتە ئەنجومەنی وەزیران شتێکی زۆر گەورەیە چۆن بێتن فلان وەسیلەی ئیعلام لە فلان حیزب ڕاوەستێتن چونکە سەرپێچیەکی زۆر گەورەی کردووە لەبەر ئەوە لێژنەی دارایی وا پێشنیار دەکات (امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق أهدافه ولرئاسة مجلس الوزراء) کاتێ کە سەرپێچی بکاتن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران حەقی هەبێت کە ئەم وەسائیلە بەشێوەیەکی کاتی بۆ دادگای بنێرێت، ئەمە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت تا حزبەکانیش ئیلتزام بکەن بە یاسای هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ڕای لێژنەی یاساین، بەڵام بەنیسبەت ئەو تێبینییەی کاک جەمیل ئێمە لەگەڵ نین چونکە ئەو دەقە دانراوە بۆ چارەسەرکردنی ئانی، وەزیری ناوخۆ ئەگەر بیەوێت تەحریکی دەعوا بکات دەعوا زۆری دەهاژوا ڕێگای طەعنی زۆری هەیە پێنج شەش مانگ بەڵام ئەوە دەسەڵاتە کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران یەکسەر دەتوانێ حجبەکەی بکاتن هەمان کات دەتوانێ بینێرتە دادگا پاش ماوەیەک، بۆیە بەڕای ئێمە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ مامۆستا محمد مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکدا هاتووە (اذا اقتضى حجبها) دوای (حجبها) تەواوکەرێکی پێویستە چونکە (اذا اقتضى حجبها) ماناکە تەواو ناکات ئەوە یەک، دووەمیش داڕشتنی ئەسڵی ماددەکە (تعدل الفقرتان (١ و ٦) من المادة الثالثة عشرة وتقرءان كالآتي) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی لە تێبینییەکەی تێگەیشتن؟ بەڕێز کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــايل ننـۆ بنيـــــامين:**

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن.**

أنا ملاحظتي على موضوع (قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم) سابقاً كانت بعلم مجلس الوزراء، حقيقةً أنا أرى إشتراط الموافقة نوع من تقويض للحرية أو الديمقراطية، يعني إذا أكو ملاحظة على الحزب فممكن معالجتها ضمن ما جاء في هذا القانون يوفر ملاحظة الأحزاب و متابعة الأحزاب و الحد من أي نشاط. ولكن موضوع اشتراط الموافقة أنا أعتبرها تقويض للحرية و الديمقراطية أرى أن يكون كما كانت بالسابق (بأمر مجلس الوزراء) أفضل، شكراً.

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز كاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**فـــرحـــان عـــبـــدالله شـــرفـــانی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە هەموو دەوڵەتێكی دیموكراتی ئێستا ئەگەر (٢٠) هەزار پاوەن یان دۆلار زیاتر بێ پێویستە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بكەی، حیزبیش هەمان شت هەتا صەراف مانای مەصرەفێک (٢٠) هەزار پاوەن پێویستە ئاگادار بكرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــيـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن.**

من جارێكی تریش لێرانە حەجبی وەسائیلی ئیعلام كاتی موەقەت یان هەمیشەیی بێت ئەبێ (بعد الإنذار الرسمي) لەبەر ئەوەی یەكسەر بیبڕی بەرای من شتێكی باش نیيە، لایەنەكە ئەگەر هەڵەی كردووە یان سەرپێچیەكی حەدی خۆی كردووە باشە بكرێت (بعد الإنذار رسمياً) مانای ئاگادار بكرێتەوە ئەگەر هاتوو ڕێک نەبوو ئەو كاتە بە شێوەیەكی موەقەت یان هەمیشەیی و، ئەو لایەنە حەقی ئیعترازی هەبێت ئەوەش دانەنراوە ئەوە یەک، دوو بەنیسبەت (قبول أموال عينية) من لەگەڵی دام (بعلم وموافقة مجلس الوزراء).

**بەڕێز ســــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــەن:**

كاک عبدالخالق كە ئەڵێ مەسەلەی طەعنەكە بنێردرێت بۆ دەستەی دادگا كە نێردرا بۆ دادگا طەعنیشی لەگەڵ دایە، ئەوانی تر خۆیان جواب دەدەنەوە بەڕێز كاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم تەعدیلە پێشی دوو ساڵ یان سێ ساڵ هاتووە بەڵام ئەوە ماوەیەکە ئینعطافێکی مێژوویی کەوتە مەسائیلی تەمویلی پارە و ئەو شتانەی کە لە دەرەوە دێن بۆ ناوەوە، ئێمە زۆر جار لەو پەرلەمانە گوتومانە کە دەبێت یاسای خۆمان بگونجێنین لەگەڵ باری جیهانی ئێستا بە ئیمکانیاتی متەوازعی خۆمان موشارەکەی کۆمەڵگای جیهانی بکەین لەو بابەتە، ئەوە بڕیاری ١٣٧٣ هی ئەنجومەنی ئاسایش لەلامە کە تەنها سێ دەقیقەی خایاند ئەم بڕیارە گرینگە ئەنجومەنی ئاسایش کە (١٥) دەوڵەتن شەوی ٢٨/ئەیلول بڕیار دانەکەی سێ دەقیقەی خایەند لە ١٠,٥٠ دەستیان پێ کرد دانیشتنەکە ١٠,٥٣ تەواو بوو و، زۆربەی لەسەر زانینی پارەیە، پارە چۆن دێت چۆن دەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر دەنگدانیان لەسەر کرد، چونکە گفتوگۆ پێشتر کراوە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڵێ هەر دەنگدانیان لەسەر کرد چونکە هەموویان ڕازی بوون لەسەری دەیان زانی کە پارە ئەگەر بە زانیاری دەوڵەت نەبێت چ گرفتێک بۆ ئەو دەوڵەتە دروست دەکات، زۆربەی ئەو بڕیارە لەسەر تەمویلە لەسەر مەوزوعی ئیستسماراتی پارەیە دەبێ دەوڵەت ئاگادار بێت، نەکو بڵێین قیود زیادە هەرچەند لە پێشتر من لەگەڵ قیود نەبووم بەڵام لەسەر مەوزوعی پارە بەراستی خەتەرناکترین بابەتە هەتا لە بڕگەی پێنج کە لە تەعدیل نەهاتووە تەبعەن شەشن، شەش گوتوبەتی زانراوە بۆیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانە، پێنج ئەڵێتن (جمع التبرعات وقبول المنح والإعانات الداخلية) لەو بڕیارە هەتا باسی بابەتی ناوخۆش دەکات، بڕیاری ئەنجومەنی ئاساییش باسی ناوخۆش دەکاتن دەبێت دەوڵەت ئاگاداری ئەو تەبەروعاتانە بێتن ئاگاداری کۆکردنەوەی سامان بێتن چۆن کۆی دەکەنەوەو بۆ کوێ دەچێتن بەڵام ئێمە وازمان لە پێنجەکە هێناوە چوینە سەر شەش تەنها ئەو پارانەی کە لە دەرەوە دێن ئەبێ مەسدەری بزانین و بزانین چۆن ئەو پارانە سەرف دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج سەحبی مۆڵەتی حیزب ڕاستە کاری ئەنجومەنی وەزیرانەو دەنگمان دا، بەڵام من لێرە

له برگـەی یەک (امتـلاك وسـائل الاعلام) من بە باشی نازانم موناسبیش نییە کە داخستنی وەسـائیلی ئیـعـلام ئەنجـومـەنی وەزیران بیکات وابزانم ئەوە ئیشی وەزیری ناوخۆیە من بەباشی دەزانم ئیـخـتـصـاصی وەزیری ناوخۆ بێت ئەگەر ئینزارێکیـشی تێدا بێت لایەنی یاسـایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاک عـبدالخـالق فەرمـووی کە ئینزار بدرێت، لێرە ئەنجـومـەنی وەزیران دەڵێت بە شێوەیەکی کاتی تەبیعی تەلەفزیۆنێکە یان جەریدەیەکە ئەنجومەنی وەزیران کە دەبینێ هەڵەیەکی کرد بۆ ماوەی ڕۆژێک یان سێ ڕۆژ یان پێنج ڕۆژ قەپاتی دەکات، جا لەبەر ئەوە بەرای من پێویست ناکـات ئینزار کـرێن ئەگـەر بە شێـوەی هەمـیـشـەیی بێت ئەوە دەیداتە دادگـا دادگاش ئینزارو هەموو شتی تێدایە. بەنیسبەت برگەی دووەم کە کاک عبدالخالق فەرمووی (بعلم ومـوافـقـة مـجلس الوزراء) تەبیـعی بە ڕەزامەندی ئەنجـومـەنی وەزیران مـانـای زانیـاری دەبێت ئەنجومەنی وەزیران، داواکاری پێشکەش دەکەن دەڵێن ئەوەندە پارەمان بدەنێ کە داوای پێشکەش کرد کەواتە بە زانیاری ئەنجومەنی وەزیران موافەقەکەی پێ دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـمـیل عـبـدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێویست ناکـاتن ئەنجومەنی وەزیران کۆببێتەوە تا بەشێوەیەکی کاتی وەسیلەکی ئیعلام رابگرێتن، لەبەر ئەوە رای لیـژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە بلـێت (لرئاسـة مـجلس الـوزراء حـجب هذه الوسـائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم) ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت نەک ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی گشتی بکاتن تا ئەو (حجب بصورة مؤقتة) بکاتن، برگەی تر قبوڵی ئەموال عەینییە یان نەقدییە لە دەرەوەی هەرێم دەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێت پاش ٢٠٠١/٩/١١ ئەوە بووە گـرفـتـێکی گـەورە لە هەمـوو جـیـهـان، ڕاکـێشـان و بردنی پارە لە بانقـەکـان هەتا لە بانقـەکـانی جـیـهـان چۆن حـیـزبێک پارە بێنێت بێ مـوافـەقـەی ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە ئەو تەعدیلەی کە هاتووە (قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.) زۆر زۆر پێـویسـتـەو زۆر لە جێگای خـۆیدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی بۆ ئەم پێشنیارانە تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەزیری ناوخۆ رونی کردەوە بابەتی ئینزارەکە. چونکە ڕاستە شتێکی کاتییە، کاتیش ماوەیەکی کورتە ئەو ماوە کورتە ئەوەندە ناگەیەنێ لەوانەیە بە ئینزارو شتی وا ڕانەگات لەوانەیە هەتا ئینزارەکەی دەدرێتێ حیزبەکە بۆ نمونە کەموکووری دەکات لە تەلەفزیۆن لەوانەی چەند ژمارەیەک یان چەند بەرنامەیەک شتێکی وا پێشان بدات کە لایەق نەبێت یان مەعقول نەبێت مەسەلەیەکی کاتییە و، بەڕای ئێمەش مەسدەرەکەی ئەنجومەنی وەزیران بێت لەبەر ئەهمییەتی حیزب بەراستی خۆ ئیمکان هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیشە بکات و مومارەسەشی بکات داشیبخات، بەڵام لەبەر وەزن و ئەهمیەتی حیزب ئیهتمام بە حزبەکان وەزن و قورسایی حیزبەکەی ببێتە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات بڵێت ئەو تەلەفزیۆنە دابخرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژ لەوانەیە لەم ماوەیە بانگ بکرێن و پێیان دەگوترێت دەڵێن تەلەفزیۆنتان داخرا لەبەر ئەو هۆکارانە، تکامان وایە دووبارەی مەکەنەوە لەوانەیە حیزبەکە دێت بەڵێنێک دەداتە ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ کاکە ئەوە دووبارە نابێتەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێ دەردەکات بۆ گەڕانەوەی تەلەفزیۆنەکە، مەسەلەی موافەقەش زۆر زۆر پێویستە بۆ هاتنی پارە و وەرگرتنی پارە لە دەرەوە چونکە پارە هینانە ناو مەملەکەت مەسەلەیەکی ئاسایی نییە سەهلیش نییە پەیوەندی بە ئابوری ئەو مەملەکەتە هەیە پەیوەندی بە باری سیاسی ئەو ناوچەیە هەیە پەیوەندی بەزۆر گرفت هەیە لەبەر ئەوە ئەنجومەنی وەزیران پێویستە ئاگادار بێت لەو پارەیەی کە دێتە ئێرە، موافەقەی لەسەر بکات لە بەرژەوەندی میللەتەکەیە یان نا. نییە لایەنێک لە لایەنەکان پارە لە خۆیەوە وەربگرێت لەولا و لەولا پارە وەربگریت و هەوڵ بدات بەهۆی ئەم پارەیە مەکاسب تەحقیق بکات وەڵڵا تەنها ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران، باشە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران هیچ ئیجرائاتێکی تێدا نییە ئەنجومەنی وەزیران وەڵڵا مێ ئەوەندە ملیۆن دینارە دەهێنمە ئێرە دوایی چی دەینی نایێنی نەگۆترارە لەبەر ئەوە پێویستە موافەقە بکرێت، ئێمەش سوپاسی کاک عبدالخالقی دەکەین تەئکید بوو لەسەری زانیاری و ئاگاداری موافەقەش هەر دەکاتە ئاگاداری بەڵام پێی خۆشە تەئکید بکرێت چونکە لای زۆر گرینگە کە لێرە خەڵک ئاگادار بێت لەو پارەی کە لێرە بەکار دێت چ پارەیەکە ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن بدرێتە دەنگدان خراپ نییە ئەوەش ڕای بەڕێزتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أنا مع الشفافية ومع المحاسبة ومع التدقيق في موضوع المال، كاك فرحان قال أنا مع إعلام مجلس الوزراء ولكن ليس الإشتراط الموافقة، كاكەرەش يقول قال لمجلس الوزراء وجاب (٥)ملاين فيجيب خمس ملاين هذا ثروة دخلت، رأس مال دخل الوطن اذا إستغلّه بشكل جيد خير على خير، الدعاية الحزبية التي ما يخرج خارج إطار شروط هذا الحزب مانقدر نحاسبه وهذه هي الحرية الحزبية ولكن بأشتراط الموافقة دائماً وبكل الأماكن هناك قد تكون أغلبية في رئاسة مجلس الوزراء فهذا راح يكون قيد إتجاه حزب أخر منافس من الممكن يعني في هذه الحالة أكو إنتقاص من الدمقراطية والحرية أو نوع من تقويض لها، فالموافقة برايي أنها غير صحيحة برأي الشخصي العلم وهذا القانون هو ليوفر لي فرصة لأشوف مصدر هذا التمويل إذا كان المصدر يخالف هذا أن أقدر على أن أتحاسب مع هذا حزب، وإذا كان أسلوب التصرف بهذا المال يخالف هذا أيضاً أنا أقدر أن أتصرف، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشنیاری کاک شمایل، تەنها ئیعلام ڕاستە ئیعلام بە تەنها کافی نییە ئاگادار کردنی ئەنجومەنی وەزیران چونکە ئاگادارکردنی ئەنجومەنی وەزیران پارەکە هات ئەو پارەیە زۆر جار ئیمکان هەیە بەراستی پێت بڵێم لە لێکۆڵینەوەی ژمێریاری و فلان زۆر شت هەیە لە ئەموال و شتی وا بزر دەبێت لەوانەیە بۆ ئەو مەبەستەی هاتووە بۆ ئەم مەبەستە سەرف ناکرێت و، حسابییەن دەروات ئیعتیادی هەموومان پێمان دەکرێت شێوەی موستەنەدات و وەزعیەتی موستەنەدات دیتمان بەچ شێوەیەک پێشکەش دەکرێت سەرهێشەیەکی زۆر بۆ ژمێریاری ئەنجومەنی وەزیران و لێکۆڵینەوەی ژمێریاری کە ئەو پارەیە هات باشە چ بەربەستێک هەیە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بزانێت ئەو پارەیە لەو لایەنە دێت لەوانەیە کێ دەڵێت لایەنێکی وەکو پێویست نییە لە دەرەوە ئەو لایەنەی پارەی لێ دێت بزانین داخوا ئەو پارەیەی دێتە ئێرە بۆ نەیەتە ئێرە، دووەم ئەوەی بەڕێزی فەرمووی ئێمە یاسامان بۆ سەعاتێک دانەناوە یاسا بۆ ئەوە دانانێین ئەو قسەیە بکرێت عەلائەساس ئەغلەبیەکی وزرای لە ئەنجومەنێک هەیە، ئیحتمال هەیە ئەغلەبیەکی تر پەیدا دەبێت ، کوردستان ، هەڵبژاردنە، لەوانەیە زۆر کەسی تر دێت ئەو ئیختبارە زۆر تەنەوع دەبێت لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەم شێوەیە سەیر بکەین ئەنجومەنی وەزیران ڕازی نابێت بۆ لایەنێک ئەو لایەنەی کە پارەی لێ دەینێت لایەنێکی مەشروعە. بۆ بەو ئیتجاهە

نەڕۆین هەموو ئەنجومەنی وەزیران موافقە لەسەر ئەو پارەیە دەکات کە بەشێوەیەکی مەشروع بێت و لە مەنبەعێکی مەشروع بێت و، لە جێگایەکی مەشروع بێت تەئکیدین ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان موافەقە دەکات بۆ هەر پارەیەک بێت کەوا سودی میللەتی تێدا بێت بۆ بەباشە تەفسیری نەکەین بۆ بە خراپە تەفسیری بکەین کە عەلائەساس ئەنجومەنی وەزیران تەنها ڕێگا لە پارەی حیزبێک دەگرێت نەخێر نا ئەبەدەن ڕێگا ناگرێت پارەکە بێت و مەمنونیشە ئەنجومەنی وەزیران پارەیەک بێت بە شێوەیەکی مەشروع لەو کوردستانە سەرف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەسائلی دارایی تەوزیحێک بوو، وەسائیلی دارایی ئیمڕۆ دەورێکی ئەساسی دەبینێت لە سیاسەتی عالەمیدا، بەتایبەتی شەفافیەت لە ناحیەی داراییەوە هۆیەکانیشی زۆرە، یەکێ لە هۆیەکانی بۆ نموونە ئەو پارەیە مەصدەری کوێیە لە کوێوە هاتووە غەرەزەکەی چیە؟

دووەم: ئایا ئەو پارەیە پارەیەکی پاکە، لە تیجارەتێکی غەیری مەشروعەوە یان لە وەسیلەیەکی غەیری مەشروعەوە هاتووە؟.

سێیەم: ئایا ئەو پارەیە زەریبەی لەسەر دەدرێت یان زەریبەی لەسەر نادرێت؟.

چوارەم: کە لە هەمووی گرنگترە و لەم دواییە هاتۆتە کایەوە، زۆر بە وازیحی مەسەلەی (تیرۆری دوەلەیە)، ئەوە مەسائیلی شەفافیەتی پارەیە، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر زۆر زەرووریە، مەعلوم بێت پارە لە کوێوە دێت، بۆ کوێ دەچێت، چۆن سەرف دەکرێت، کێ دەتوانێت ئیشرافی ئەوە بکات؟ لە ولاتێکدا بە تەئکید ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئیشرافی ئەوە بکات، هیچ جیهەتێکی تر نیە، خۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕاستە ئیمڕۆ مومکینە حزبێکی زۆری هەبێت، بەس بە تەئکید وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد، سبەینێ ئەو ئەکسریەتە بگۆڕێت، بەس شەفافیەتەکە مەسەلەیەکی مەبدەئی دائیمە، ئێستا دەبێتە مەسەلەیەکی سابیت لە هەموو دەستوورەکاندا لە حەقیقەتدا، لە هەموو دەستوورەکان مەسەلەیەکی سابیتە و ولاتە یەکگرتووەکان داوای دەکات، داوای دەکات، لە هەموو ولاتێک داوا بکات ئەو خاڵە تەسبیت بکات، من تەسەور ناکەم هیچ غەرەزێکی وای تێدا بێت، لەوە زیاتر ئیکتیفای بەو خاڵە بکرێت، ئەو مەتڵەبەی کە خەڵکی لێمان دەکات و، بەتەئکید حکومەتی هەرێم هەر حزبێک بچێتە لای بڵێ وەڵڵا من ئەوەندەم لە فەلان شوێن هەیە، یان من ئەو پارەیە بۆ فلان شت بەکار دەهێنم، قەت پێی ناڵێ وەریمەگرە یان بۆ دەیهێنی، مومکین نیە پێی بڵێ، مومکینە موراعاتی زۆریشی بکات، بۆ نموونە حزبەکە بچێت پێی بڵێ ئەوە دەهێنین و باس ناکرێ باسیشی ناکات، تەسەوری ئەو لایەنە ناکات. ئەگەر تەوزیحی تر هەبێت، کاک فەرسەت جەنابت تەوزیحت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موداخلەیەکم هەبوو لەسەر قسەکانی کاک ئیبراهیم و کاک شەمائیل، بەنیسبەی کاک ئیبراهیم تەبروعاتی داخیلی قانونێکی تایبەتی هەیە، پێی دەڵێن (قانون الاكتتابات) بەبێ موافەقەی وەزیری ناوخۆ نافیذ مەفعولە لە هەرێم، هەرچەندە قانونی حکومەتی مەرکزیە، بەبێ موافەقەی وەزارەتی ناوخۆ نابێت تەبەروعە، تاکو ئیکتیتابات بێتە کرن، ئەوە بەنیسبەت کاک ئیبراهیم، بەنیسبەت کاک شەمائیل وەڵلا بە حوکمی تەخەسوسی خۆم، وەک حقووقییەک و ئیشی من لە پەرلەمان ئیتیلاع لەسەر مەجموعەیەکی قەوانینی حزبەکانم کردیە، زمنی ئەوان ئەوەی لێرە حازر بێت تونسی و میسریە، ئەسڵەن هی ئەوان، یەعنی مەوزوعی دیموکراتیەت لەگەڵ ئەو مەوزوعە پێچەوانەیە، مەمنوعە یەک حزب ئیعانەیەک لە دەرەوەی وڵات وەربگرێت، هەر خازعی موافەقەش نییە، یەعنی بەنیسبەت ئێمە و کوردستان، ئەگەر بێتو خازعی موافەقەی کرد زیاتر لایەنی ئەمنی قەومی، ئەوەی کاک عەبدولخالق زۆر حەزی لێیە باسی بکات، پاراستنی ئەو لایەنیە، وەکو جەنابی د. رۆژیش باسی کرد، موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران مانای ئەوە نیە، وەکو رەفز بکرێت، مانای ئەوەیە نوعە رەقابەیەکە لەسەری، ئەگەر تەماشای کرد مەصدەرەکە مەشروعە، هەدەفەکەش مەشروعە لە ١٠٠٪ موافەقەی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی ئەنجومەنی وەزیران لە یەک حزب تەشکیل نەبووە، لە مەجموعەی حزبەکانە، لەوانەیە خازعی موافەقەی وەزیری ناوخۆ بێت، دائیمەن وەزیری ناوخۆ خۆ تەمسیلی مەجموعەی حزبەکان ناکات، تەمسیلی حزب دەکات، لەوانەیە تەعسوف لە ئیستیعمالی حەق بکات، رەفزی بکات بەبێ موبەریر، بەس ئەوەش نەوعە صەمام ئەمانێکە، هەم بۆ حزبەکە هەم بۆ ئەمنی قەومی وڵاتەکە و، خازعی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئاخیر قسە بۆ کاک شەمائیلە فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الحقيقة انا ما كان قصدي في موضوع الاكثرية أو الاغلبية، هذا القانون، قانون عام في مستقبلنا ايضا، موضوع المراقبة المالية، اعتقد في الدول المتقدمة ونحن نريد نقارن انفسنا بالدول المتقدمة يخضع للنظام المحاسبي والمصرفي بدون ان تتدخل رئاسة الوزراء، وهذا الموضوع يرتبط بالقضاء، حتى لا يكون الجانب السياسي للقضاء، مثلا المحكمة الفيدرالية العليا في أمريكا، في هذه المواضيع بين الحزبين الجمهوري والديمقراطي هي تحسم المواضيع وليست الحكومة، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەنواع هەیە، بۆ نموونە لە ئەلمانیا سەرۆکی پەرلەمان هەیە، لە ئەمریکا مەحکەمەی فیدرالی، لە ولاتێکی تردا ئەنجومەنی وەزیرانە، هەر کەسێک بەپێی قەوانین و دەستوورە، بەس مەبدەئە ئەساسیەکە شەفافیەتە لەو مەوزوعە، پارە مەوزوعێکی لە هەرە مەوزوعەکان حەساس ترە ئیمڕۆ لە دونیا، پارە دەبێت مەعلوم بێت، مەصدەری کوێیە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ چۆن سەرف دەکرێت؟ لەوە زیاتر نیيە مەوزوعەکە، مەبدەئەکەش عامە لێرە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

تعدل الفقرة (١) والفقرة (٦) من المادة (١٣) وتكون كالاتي:

١ ـ امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق اهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حاد عن المفهوم الوطني أو عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.

٦ ـ قبول اموال عينية أو نقدية من اية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی شەشەم وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تعدل الفقرة (١) وتضاف الفقرة (٢) والفقرة (٣) الى المادة (١٤) وتكون كالاتي:

١ ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني الكوردستاني.

٢ ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ماددەکە ئەوە بوو، ماددەکە بڕگەی تێدا نیە بەخۆی هەر مەتنە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بڵێین (تعدل المادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي) ڕاست بکرێتە سێ فەقەرە(١ و ٢ و ٣) چونکە بە خۆی ئەسڵەن مەتنەکە بێ فەقەرەیە، دووەمیش بەنیسبەت (ضوابط يقررها المجلس الوطني) بەڕای ئێمە مەوزوعەکە لە لای خۆمان دیراسەمان کردووە، بەڕای ئێمە ئەوە بە مەشروعێکی تایبەت تەقدیم بکرێت، نەک لێرە ئێستا تەسبیتی بکەین ئەو زەوابتانە چیە و داخیلی موناقەشەیەک ببین بڵێین فلان حزب ئەوها و نیسبەی هەڵبژاردن ئەوها بوو بەو شێوەیە، مەشروعێک بێت، ئەوجا ئەو مەشروعە دە ئەندام تەقدیمی دەکەن بە ئیعتیباری موخەوەلە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت و بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، بە مەشروعێکی تایبەتی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت و لێرەش دیراسەت بکرێت و زەوابتەکان، ئێمە وامان پێ باشەو باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یەعنی ئێوە لەگەڵ ئەو مەتنانەن کە نووسراوە، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر (توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني الكوردستاني) زۆر زۆر ڕێکوپێکە، زۆر لە جێگای خۆی هاتووە، ئەوە موستەقبەلی مەجلیسی وەتەنی زەوابت دانێتن، بەڵام فەقەرەکە زۆر لە جێگای خۆی هاتووە.

فەقەرەی سێیەم (تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية) بە ناحیەی قانونی ڕەقابەی مالی هەیە و وەزارەتی مالیەش پێی هەڵدەستێت، هەروەها دیوانی ڕەقابەی مالیش پێی هەڵدەستێت، لێرە ئایا هەردوو ڕەقابە یانیش (تخضع حسابات الحزب لتدقيق ديوان الرقابة المالية) کە ئەساسەکەی لە هەموو دوەلی عالەم (ديوان الرقابة المالية) ئەوە شامیلە شەملی هەمووی دەکاتن، کەلیمەی دیوان لە پێش ڕەقابەی مالیە بێتن لە فەقەرەی سێیەمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز شـــــــيـــــروان ناصح حـــــيـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەكەین هەروەكو لە پرۆژەكەی حكومەتدا هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهراء حـــاجی طه سليـــفـــانی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەڤ دبینم نوقتا سێێ شی لیڤێ لێڤە ئەز وەسەتێ دگەهم تیكراری تێدایە (وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها) ئەڤ دیبینم تیكراری تێدایە، نە وەكی ماددە پێشییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك شەمائیل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــائيل نـنـو بـنيـــامين:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

الحقيقة انا متفق، لأن القانون يخلي الحالة العامة وليست الظروف الحالية، لأن الظروف الحالية لها ميزانية ممكن ان ننفذها (١٠٠٪) مرات، ولكن الموازنة ممكن تكون عندنا موازنة للاحزاب، العاملين بالاحزاب يعرفون، بس عندي تعليق على انه اشعار بالمبالغ التي يملكها في الخارج، يعني هذه ما تدخل ضمن الحريات الشخصية للفرد مصانة هذه، عنده الحق انه تكون أسرار مالية، اعتقد هذه زيادة بالحالة، يعني كل الضوابط الموجودة تتحدد لنقدر نتصرف، بس موضوع فلوس عندها بالخارج، اعتقد هذا نوع من التجاوز على حرية الاحزاب أو الافراد ايضا، الافراد تعتبر تجاوز، وشكرا.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـمـد قـاسم (د. رزگـار):**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مولاحەزەكا بەسیت لسەر (المجلس الوطني الكوردستاني) مە نینە (المجلس الوطني لكوردستان العراق) دا لە قانونا ناڤی تەسبیت بێت ئێك، دوو: (يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها واعتمادها) بەعنی بۆ تەنفیزێ، یا سێێ: شەفافیەتكارێ داراییدا، چونكە (المال عصب الحياة)ە، هەمی شت دزڤڕیتە بۆ ڤێرێ، دزڤڕیتە شەفافیەت بێت بزانێت

حکومەتا ئیقلیمێ چ هەیە چ نینە، یەعنی حکومەتێ ئیقلیمێ وەکو میللەتێ کورد، وەکو رێبەریە میللەتێ کورد، ڤێرێ من پێشنیارێ دکەم ئەڤ کەلیمەیە ژی بێتە ئیزافە کرن بۆ سەر فەقەرە سێ (تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج وإسم المصرف المودع فيه) ئو زێدەتر کاری شەفافیەت شول لەوێ دا هەبێتن، یەعنی ئەو فەقەرەیە (وإسم المصرف المودع فيه)یا ئەو مالەی هی ئەو حزبەیە ئیل ڤێرێ بێتە تەسبیت کرن لای حکومەتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جارێ لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو قسانە بداتەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەوزوعەکە، تەبعەن ئەو دوو ماددەیە جیاوازیان هەیە بە حەقیقەت، ئەوە یەکێکیان قەبوڵی مەوادی عەینی و نەقدیە لە دەرەوە قەبوڵە، ئەوە حزب رەصیدی هەیە لە دەرەوە، پارەی هەیە لە دەرەوە، ئێستا هەیەتی بۆ ئێستا و داهاتووە، مەفروزە ئاگاداری جیهات بکات، ئەوەندە پارەم هەیە لە دەرەوە، ئەگەر نا مانای ئەوەیە هەر جارێک پارەکەی دەیەوێ ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران دەکاتەوە کە لە دەرەوە پارە لە خەڵک وەردەگری لە جیهات وەردەگری، دەڵێ پارەم هەبووە و لە دەرەوە هی خۆمە، مەفروزە رەصیدەکەی مەعلوم بێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەوەی دەهێنێتەوە مونسەجیمە لەگەڵ ئەو قسەی کردوویەتی یان نە، باسی پارەکە ناکات دەڵێ ئەوە رەصیدمە لە دەرەوە، وەڵڵا ئەوە شتەکی نهێنیە باسی ناکەم، یەعنی حزبێک لە مەملەکەتی خۆی کەس پارەکەی لێ ناستێنن، یەعنی لە فلان بانقە یان لە بەریتانیا ئەوەندە پارەم هەیە، کەس لێی ناستێنێت، بەس بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی دەیهێنێتەوە، فعلەن لە زمنی رەصیدی خۆیەتی یان لەولا لەولا وەردەگرێت، ئەوە ناکرێت هەموو رۆژێک تەعقیبی بکەی بزانی ئەوە ئەو پارەی لە کوێ وەرگرتووە، ئاگاداری جیهات بکات، بڵێ ئەو پارەیەم هەیە، لەبەر ئەوەی ماددەکە زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، یەعنی مەوزوعەکە هەمووی سەلامەتی داراییە و، ئیشراف کردنە لەسەر ئابووریاتی مەملەکەت و بەشێوەیەکی رێکوپێک بڕوات، یەعنی بۆ هەوڵ بدەین، ئینسان موئمین بێت بە یاسا و بە حزبێک بۆ لەوە بترسێت بڵێ من ئەوەندە پارەم هەیە خۆ کەس پارەکەی لێ سەحب ناکات، چ نهێنیش نیە قەزایای دارایی، قابیلە بۆ وەسائیلی حکومەت دایان نابێت، کەس نیە و پارەیەکی ئیعتیادیە و لە حزبەوە هەیەتی لە زمنی واریداتی خۆیەتی یان لە زمنی ئەو منحەی وەریگرتووە یان لەم لاو لەو لا وەریگرتووە، هەتا ئێستا وەریگرتووە، بەس لەمەو دوا وەربگرێت دەبێت موافەقەت وەربگرێت، ئەگەر بهێنێتەوەش دەبێت موافەقە وەربگرێت، ئیعلام بکات بزانێ چەند ساڵە لێرە، چونکە رەصیدەکەی مەکشوفە، بەس ئیعلام دەکات دەڵێ لە

رەصیدەکەم ئەوەندە پارەی دەهێنمەوە، نالێین موافەقەت بکات، دەڵێت ئیعلامی بکات، چونکە رەصیدی سابیتە، بەڵام ئەگەر رەصیدی سابت نەبێت، دەبێت موافەقەت وەربگرێت، کێ دەڵێ لە دەرەوە وەری نەگرتووە، هی رەصیدی خۆی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیل ڤێرێ فەقەرە سێدا گوتی (أية مبالغ يملكها في الخارج) قەوانینی مالی عامیش ئەوەی تیایە، بۆ نموونە (قانون ضريبة الدخل) کە معمولە لێرەش هەر مواتنێک ئان هەیئە ئان هەر شەریکێکی مونەزەمە ئیمتیلاکی مەبالغ لە دەرەوە هەبێتن، دەبێت ئیشعار بکات و کەشف بکات، هەتا بۆ دائیرەی زەریبەش، چونکە ئەوەش حیساب دەکرێت و بەشێکی لەو قازانجانە حیساب دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەسەور دەکەم کیفایەتِ بێت بۆ موناقەشە کردنی ئەو مەوزوعە، دەیخەینە دەنگدانەوە ماددەی حەوتەم، تکایە بخوێندرێتەوە جارێکی تر بەو جۆرەی کە خۆتان پێشنیاری دەکەن.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تعدل المادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

٢ ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في أقليم كوردستان العراق وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئێمە تێبینیەکمان هەیە ناوی رسمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، ئیقلیمی

تیا نیە، جەنابت ئیقلیمت خوێندەوە (المجلس الوطني لكوردستان العراق)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینت هەبوو کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة راحت، القصد من دفاعي هو ليس الدفاع عن اموال الحركة الديمقراطية الآشوورية، الكل يعرف وضعنا، نحن نسعى الى تجربة ديمقراطية، هذا القانون راح يبحث عنه، الخبراء، ارجو ان لا اكون، يجوز انا مخطيء في تصوراتي، ولكن هذا الشيء الذي سمعت من كاك جميل غريب، اموال بالخارج تخضع لضريبة الدخل، هذا انا ما اعتقد، يعني ما عندي علم بموضوع المال، قبل ان نصل الى المادة عندي ملاحظة على المادة الخامسة عشرة، ما شملها تغيير، اريد أن اضيف فقرة، وأين ممكن حتى اسوي المداخلة، لان هذه المادة السادسة عشرة، نحن نتعدل في المادة السادسة عشرة، في القانون الاصلي توجد المادة الخامسة عشرة عندي اضافة، ممكن الان أو بعد ما تخلص هذه المادة، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اقتراح تعديل القانون أو الفقرة لازم يتقدم بمشروع، هذا نظام داخلي للپرلمان، لازم يقدم بمشروع مثل ما قدم هناك، المناقشة يجري حول المواد المقترحة داخل المشروع، وملاحظة كاك جميل انا هم ما متأكد، يجوز في بعض البلدان خاضع لضريبة الدخل في بعض البلدان غير خاضع، ما ادري، بس بالتأكيد بالنسبة للاحزاب كل رصيد مالي لازم يعلن عنه للحكومة، كل رصيد مالي خاضع، ماددەی هەشتەم خوێندرایەوە، هیچ تێبینیەک هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــيـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

قسە لەسەر قانونەکە دەکەین، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەگەر فەقەرەیەکی تیا بێت لەسەر ماددە پانزدە بەتایبەتی کە ئیشارەتی بۆ نەکراوە، کە حزبەکان دەبێت میلیشیاتیان نەبێت، نایەتە فکرم، چونکە دەبێ ئیلتیزام بکەن لە ئیلتیزاماتی (المادة الخامسة عشرة) دەڵـێت (يلتـزم الحـزب بالواجبات) یەکێک لەوانە (عدم تشكيل ميليشيات خاصة) کە ئێستا ئێمە زۆر ئیشکالمان هەیە لەسەری.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ماددەی پازدە بخوێنەوە فەقەرە سێی ئەو ماددەی تێدایە، بەس من مەجالم داونێتێ بە حەقیقەت تەغییریی فەقەرەیەکی قانونی یان پێشنیارێکی تازە، دەبێت بە مەشروع بێت، ئێمە ئەو مەشروعەمان بۆ هاتووە، دوو جیهەت حەقی مەشروعی هەیە، حکومەت و دە ئەندامی پەرلەمان، دەرەوەی ئەو فەقەراتانەی لە مەشروعەکە هاتووە بۆی ناچین، دەستکاری ناکەین، ئێستاش ئەگەر تێبینیتان کرد بێت لە موناقەشاتی ئێستا دەوترا ئەوە موناقیزە لەگەڵ فلان فەقەرە، با بچین فلان فەقەرەش بگۆڕین، وتمان نەخێر لێرە دەیگۆڕین، ماددەی هەشت موناقەشەی دەکەین، تکایە بێینەوە سەر سیلسیلەی موناقەشەکە، خوێندرایەوە، وابزانم ئەوە تەحصیل حاصلە، حزبێکی دیموکراتییە، حزب دەیەوێ خۆی حەل بکات، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

حزب حەقی خۆیەتی حەلی خۆی بکات، بەس ئاگاداری وەزیری ناوخۆ بکات، کەی؟ مەفروزە ماوەیەکی دیاری بکات، کەی ئاگاداری بکات؟ بەڕای من بنووسین (خلال مدة اقصاها ثلاثون يوما اعتباراً من تاريخ صدور قرار الحل)، ئەگەر هەر ئاگاداری نەکرد.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

فەرموو کاک کەریم سنجاری.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

تەبیعی ئەو تێبینیەی کاکەڕەش باسی کرد دروستە ئیزافە بکرێت، بەڵام وەکو کاک سرکیس گوتی فەوری بێت، چونکە ئەم حزبە خۆی حەل دەکات، پارەی هەیە، ئەم پارەیە چی لێ دێت؟ دەبێت وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی تەسفیەی ئەو پارەیە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی هیچتان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە لەگەڵ رای لیژنەی یاساییە، موددە هەبێت باشترە و، چەندیش موددەکە کەمتر بێت چاکترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ تێبینیەکەی لیژنەی یاساییین، پێمان باشە ماوەی هەفتەیەک بێت بەڕاستی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ عەرزی کرد، کە ئەموالی هەیە و ئیمکانی هەیە، نەوەکو سوء تەصرف ببێ (لاسمح الله) بۆ ماوەی حەوت رۆژ بێت، ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بکات کە حەل بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی هەشت. تێبینی نییە، تکایە بیخوێنەوە لەگەڵ پێشنیاری خۆتان، جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي وذلك خلال اسبوع من تاريخ صدور قرار واعلام وزارة الداخلية بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي :

للحزب حل نفسه وفق أحكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك خلال مدةٍ اقصاها سبعة ايام اعتبارا من تاريخ اتخاذ قرار الحل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشتەم وەرگیرا، ماددەی نۆ تکایە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ ـ يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون أو مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليها) چاکی بکەن ( أو مضى) بگۆڕن ببێتە ( أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليه في نظامه الداخلي) هیچ تێبینی ترتان هەیە لیژنەی یاسایی، تێبینیتان نیە، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە لەسەر ئەم ماددەیەش تێبینییان نیە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی زوو بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـیـد احـمـد یعـقـوبی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ ـ يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشتەم وەرگیرا، کە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، کە دەخوێندرێتەوە بۆ دەنگدان، یەعنی ئیکتیفامان کردووە لە مرناقەشە، گوتومانە کێ رایەکی هەیە؟ کە قسەی تیا نەکرا دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی دەیەم تکایە، کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز مـحـمـد سـەعـیـد یەعـقـوبی:**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نییە بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دەیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە،زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن با دەست بەرزبکەنەوە، ماددەی دەیەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی یازدەهەمین.

**بەڕێز محمد سەعید یعقوبی:**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تاريخ نشره في جريدة و قائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی یازدەهەمین؟، تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یازدەهەمین پەسەند دەکەن با دەست بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن بادەست بەرزبکەنەوە.ماددەی یازدەهەمین بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکەپەسەند دەکەن بادەست بەرزبکەنەوە، زۆرسوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن بادەست بەرزبکەنەوە، یاساکە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنها چەند ئەندامێکی بەڕێز پەسەندی ناکەن.ئەویش لەبەر ئەسبابی مالی.سوپاسی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن هەموویان دەکەم یەکە بەیەکە، هەروەها بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکانی یاسایی و دارایی و ناوخۆ، سوپاسی ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری داد و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەم، سوپاسی کاک فرسەتیش دەکەم، لێرەدا کۆتایی دێنین بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە. بەخێربێن.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**